# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٧٥)- (٧)ی ئابی ٢٠٢٣


لە پارێزگای هەڵەبجە پڕۆژەی ئاوی هەڵەبجە- سەید سادق جێبەجێ کرا، ٥١ پڕۆژەی دیکەش بە گوژمەی زیاتر لە ٦٠٠ ملیۆن دینار جێبەجێ کراون

پڕۆژەی چارەسەرکردنی خاشاک لە تانجەرۆ لە شاری سلێمانی تەواو کراوە کە توانای چارەسەرکردنی ١١٠٠ تۆن خاشاکی لە ڕۆژێکدا هەیە

ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:

# ٥٢٧ پڕۆژە بە گوژمەی ٣ تریلیۆن دینار لە سێکتەری شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆ و گەشتوگوزار جێبەجێ دەکرێن

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی نزیکەی ١٠ ملیار دینار بە فەرمانی سەرۆک وەزیران خەرج کراوە

تەنیا لە ماوەی چوار ساڵی کابینەکەدا، لە تەواوی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە یەك ملیۆن دار و نەمام و گوڵ چێندراون






# وەڵامی کۆشکی سپی بۆ نامەیەکی سەرۆک بارزانی

٧٦

لە ١٩ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٢ کۆشکی سپی بەفەرمی وەڵامی ئەو نامەیەی سەرۆک بارزانی داوەتەوە، کە تیایدا ڕەزامەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانی پیشانداوە بۆ سازدانی کۆنفرانسێکی بنکە فراوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن، ئەمەش وەک خۆئامادەکردنێک بۆ عێراقی دوای ڕژێمی سەدام حوسێن، ئەمەش دەقی نامەکەیە:


کۆشکی سپی/ واشنتۆن
١٩ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٢

بەڕێز مەسعود بارزانی
پارتی دیموکراتی کوردستان
لە ڕێی فاکسی ژمارە: ٠١١-٤٤-٢٠٧-٤٩٨-٢٦٦٤
بەڕێز بارزانی

ئێمە لە ڕێی ئەم نامەیەوە پێزانینی خۆمان بۆ ڕەزامەندیدانی حزبتان دەردەبڕین بۆ سازدانی کۆنفرانسێکی بنکەفراوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە بە کردەوەکە گەورەیە، ئەوەی ئێمە وەها تێدەگەین لە ١٠ی دیسێمبەری لە لەندەن دەبەسترێ.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاوەڕوانی بەستنی کۆنفرانسەکە دەکات، کە ژمارەیەکی تەواو بەرچاو لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ڕوانینی یەکگرتووی خۆیان لە بارەی ئایندەی عێراق بۆ جیهان بخەنەڕوو. ئێمە ئەوە ڕەچاو دەکەین کە بۆنەیەکی سەرەکی گشتی بێ، تیشک بخاتە سەر ئارەزووی عێراقییەکان بۆ ئازادی و بۆ پێکهێنانی عێراقێکی ئاشتیخواز و دیموکرات و فرەنەتەوەیی کە جەخت لە سەر سەروەری یەکگرتوویی خاکەکەی بکاتەوە و بە ئاشتی لەگەڵ دراوسێکانی هەڵبکا، لە دەست چەکی کۆمەڵکوژ دەربازی ببێ و بڕیارە پەیوەندیدارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش پەیڕەو بکا، ئێمە پێزانینمان بۆ پابەندی تۆ هەیە بۆ سەرخستنی ئەم کۆنفرانسە یەکگرتووە.


دڵسۆزتان:
ریچارد د. ئارمیتاج، جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە
پۆل وۆلفویتز/ جێگری وەزیری بەرگری
ستیفن جەی هادلی، جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی
لویس لیبی، یاریدەدەری جێگری سەرۆکی کاروباری ئاسایشی نیشتمانی



کتێبی (زاهیر ئەحمەد سەوز.. یادەوەرییە زێڕینەکانی جارانی سلێمانی و تاراوگە دەگێڕێتەوە) لە ئامادەکردن و نووسینی ( زانیار سەردار قرگەیی )بە (٤٦٤) لاپەڕە و بەرگێکی ناوازە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە، سەرتاپای ئەو بیرەوەرییانە، وەك ئەوەی نووسەری بە توانا (زاهیر ئەحمەد سەوز) لە دەروازەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی ڕۆژنامەنووس و نووسەر (زانیار سەردار قرگەیی ) ئاراستەیان دەکات، دەبنە سەرگوزەشتە و وەڵامی پرسیارەکان و لەم کتێبەدا تۆمار کراون. یادوەرییەکان بەشێکن لەو سەرگوزەشتە تۆمارکراوانەی لە دیدی نووسەرەوە، وەك چاودێر لەسەر ڕووداوەکان، گەواهیدەرێکیشن لەوەی چوارچێوەی ژینگە جوگرافییەکە تۆماردەکرێن، کە ڕووداوە سادە و بچووکەکانن، تاوەکو دەگەنە ڕووداوە گرنگ و کاریگەر و گەورەکان.

لەم کتێبەدا ئاماژە بەوە کراوە کە سەرتاپای کتێبەکە دەربارەی شاری سلێمانی و دەوروبەرە، بۆیە قرگەیی لە دیمانەیەکی تایبەتدا کە لەگەڵ مامۆستا زاهیر ئەحمەد سەوزدا ئەنجامی داوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مامۆستا زاهیر بیرەوەریی ڕۆژگاری ڕابردووی لە سلێمانی و تەمەنی ژیانی خۆی و تاراوگە و کارە دەگمەن و سەرنجڕاکێشەکانی شار دەگێڕێتەوە، مامۆستا زاهیر نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووسێکی قەڵەم بەبڕشتە، لە ساڵانی حەفتاکانەوە دەستی داوەتە نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، زانیار قرگەیی بابەتەکانی نێو ئەم کتێبەی بە زنجیرە ڕووداو نووسیوە و ناونیشانی گرنگی بۆ داناون، لەوانە: نامەکەی شێخی خاڵ بۆ بارزانی، نامەکەی بارزانی بۆ شێخی خاڵ، هەزاران بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، مستەفا بارزانی لە دیدو تێڕوانینی زاهیر سەوزەوە، بارزانی لە ڕوانگەی هەژاری زاناوە، سەنگەری ڕاپەڕین لە ویژدانی پێشمەرگەدا، دیدی زاهیر سەوز سەبارەت بە کتێبی (سەروەران لە مەنزڵگەی شاعیرنی کورددا)، ڕێزلێنانی (خەبات)و لقی شەشی ئەوروپای پارتی لە مامۆستا زاهیر سەوز. ئەم کتێبە لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

بەهەرحاڵ دەستخۆشی لە نووسەری بەتوانا زانیار سەردار قرگەیی دەکەین بۆ ئەو شێوازە سەرکەوتووەی کە ماندووبوونی زۆری پێوە دیارە لە بارەی خستنە ڕووی زانیاری و ڕستە بەپێزەکانی لە ناخی نووسەرو چیرۆکنووسی گەلەکەمان مامۆستا زاهیر ئەحمەد سەوز، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر


■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
**Web: www.gulanmedia.com**


## جەواد مەلەکشاهی :



**بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی پێشنیازەکانی کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردی فەیلی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی دەستەیەکی دەرکردووە**

## ئەمیر عوسمان :



**نوێژکردنی قەداسەتی پاپا لە هەولێر بەڵگەیەک بوو کە هەرێمی کوردستان ڕێز لە مرۆڤایەتی و ئایین و ئایینزا جیاوازەکان دەگرێت**

## پەرژین جەعفەر



**وێنە نەگۆڕەکەی عێراق و جوانبینیی سەرۆک بارزانی**

## عەبدولڕەحمان سدیق



**ڕۆڵی لاوان لە پاراستنی ژینگە و کەشوهەوادا**

## پرۆفیسۆر لاری کاتا :



**گەندەڵی بووەتە کێشەی بەردەوامی ناو سیستەمە سیاسییەکان، بۆیە دامەزراوەکانی دیموکراسیی لیبراڵی ڕووبەڕووی دژواری بوونەتەوە**

ئەکرەم سالّح :



## دابینکردنی پێداویستییەکانی کفری لەلایەن مسرور بارزانی و بەرزکردنەوەی پلەی شارەوانییەکەی جێگەی خۆشحاڵیی هاووڵاتیانە



چیا عەبدوڵڵا :

## دوای ماوەی ٢٠ ساڵ کاری ڕاگەیاندن حەزم کرد بزنسێکی تایبەت بە خۆمم هەبێت

## هێدسێتێک ڕاستییەکان دەکاتە خەیاڵ



## ژەمی بەیانی پێش کاتژمێر ٨ لە نەخۆشیی شەکرە دەتپارێزێت





بەفرین چەلەبیانی:

## پێویستە هونەرمەندانی کورد شارەزای گشت شێوەزارەکانی کوردی بن

لەری عەتار محەمەد :

## پێویستە دایک و باوکان هانی منداڵەکانیان بدەن تا لە تەمەنێکی بچووکەوە خولیای وەرزشیان بۆ پەیدا ببێت



## نامەیەک بۆ سەرکردە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق

# پەند و وانە لە ڕابەرایەتیی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی وەربگرن

**پێویستە هەمووتان پەند و وانە لە هەڵوێست و کردەوە و قوربانییەکانی پێشەوای گەلی کوردستان ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی وەربگرن، کە بێ بەرانبەر هەموو ژیانی لە پێناو داکۆکیکردن لە ماف و بەرژەوەندییە ڕەواکاندا بەسەر برد، ئەو دەیزانی نیشتمانخوازیی ڕاستەقینە و کارکردن لەپێناو گەل و بەهێزکردنی ئینتیما بۆ کوردایەتی، تەنیا بە گوتار نایەتە دی، هەروەها بە قسەو پێداهەڵگوتنی ڕازاوە و بریقەدار نییە، بەڵکو ڕەفتار و کردارە.**

ئیدی با بەس بێت باسکردنی هەڵوێست و قوربانیدان و کردەوەتان لە ڕابردوودا، میللەت لەو چیرۆك و سەربوردانە تێر بووە، دەبێت ئەوە بزانن کە ئێوە لە گۆڕەپانی خەباتدا بە تەنیا نەبوون، بەڵکو هەموو گەلی کوردیش لەگەڵ ئێوە بووە، ئەوانیش قوربانییان بە هەموو شتێکی پیرۆزی خۆیان داوە.

ئەوە گرنگ نییە گەنجێك بڵێت من لە ڕابردوودا چۆن بووم، یان باوکم لەپێناو گەلدا قوربانیی داوە، گەلی کورد کردەوە و دەستکەوتی لێتان دەوێت بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی پتەوی ئازاد و یەکگرتوو لە سایەی سیستەمێکی دیموکراسیی پاك و بێگەرددا.

ئەو نەوەیەی ئێستا هیچ پەیوەندیی بەو کردەوە و شتانەوە نییە کە ئێوە لە ڕابردوودا ئەنجامتان داوە، کێشە سیاسی و ناکۆکییەکانتان مەخەنە ئەستۆ و سەرشانی گەلی کورد، لە قەبارەی مەترسییەکانی دەوروبەری هەرێمیش زۆر زێدەڕۆیی مەکەن، چونکە سیستمە دیموکراسییەکان سیستمگەلی پارێزبەندن، گەلەکانیان پارێزگارییان لێ دەکەن، بۆیە هەرگیز هەرەس ناهێنن و پارچە پارچە نابن، مەگەر لە حاڵەتێکدا کە گەلەکانیان وازیان لێ بهێنن.

دوژمنانی دەرەکی ناتوانن نیشتمانێکی ئازاد پارچە پارچە بکەن، ئەگەر هەلومەرجی خودی و بابەتییان لەبەر دەست نەبێت، چونکە هەڵوەشاندنەوەی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و لەدەستدانی بەها نیشتمانییەکان و گیانی قوربانیدان بە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی دارایی و ئیدارییەوە، هەروەها پارچەپارچەبوونی نیشتمان بۆ دەرەبەگایەتیی سیاسی، ئەمانە هۆکارن بۆ ڕووخانی سیستمە سیاسییەکان و دواجار کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن دوژمنانەوە.

- لەوەتەی دوای ڕاپەڕینە میللییەکەوە دەسەڵاتتان گرتووەتە دەست، ڕۆڵی هەندێك لە سەرکردایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستانی بریتی بووە لە لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی تەبایی و درزخستنە نێو یەکگرتنی ڕیزەکانی میللەتەوە، جگە لە گورزوەشاندن لە گیانی ئەو قوربانییەی کۆمەڵگەی کورد و داکۆکیکردنی لە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین، کە ئەمە ئەوپەڕی وەلائو قوربانیدان و دڵسۆزی بوو بۆ کوردستان، بەڵام ئەوەی دوای چەند مانگێك ڕووی دا، بە هۆی پابەندبوون بە بەرژوەندیی تەسکی حزبایەتی و بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکان، ئەویش دابەشکردنی کوردستان بوو بۆ زۆن و کەرت، کە تەنیا شەڕی ناوخۆی بە دوای خۆیدا هێنا.

- نیشتمانخوازیی ڕاستەقینە و کارکردن لەپێناو گەل و بەهێزکردنی ئینتیما بۆ کوردایەتی، تەنیا بە گوتار نایەتە دی، هەروەها بە قسە و پێداهەڵگوتنی ڕازاوە و بریقەدار نییە، بەڵکو ڕەفتار و کردارە، پێویستە هەمووتان پەندو وانە لە هەڵوێست و کردەوە و قوربانییەکانی پێشەوای گەلی کورد «ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی» وەربگرن، کە بێ بەرانبەر هەموو ژیانی لە پێناو داکۆکیکردن لە ماف و بەرژەوەندییە ڕەواکاندا بەسەر برد.

- بێگومان هەمووتان چاك دەزانن کە سەرکردە تێکۆشەرەکان هەرگیز باسی قوربانیدانی خۆیان ناکەن و ناشیکەن بە منەت بەسەر خەڵکەوە، چونکە

**ئەو نەوەیەی ئێستا هیچ پەیوەندیی بەو کردەوە و شتانەوە نییە کە ئێوە لە ڕابردوودا ئەنجامتان داوە، کێشە سیاسی و ناکۆکییەکانتان مەخەنە ئەستۆ و سەرشانی گەلی کورد**

**دوژمنانی دەرەکی ناتوانن نیشتمانێکی ئازاد پارچە پارچە بکەن، ئەگەر هەلومەرجی خودی و بابەتییان لەبەر دەست نەبێت**

پ. د.کامەران ساڵحی
شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ
بۆ گوڵانی نووسیوە



گەل خۆی ڕێز لە ڕابردووی سەرکردە دەگرێت و قوربانییەکانی لەبەرچاو دەگرێت، ئەمەش کە هەموو کاتێك لە ڕەفتاری خەبات و تێکۆشانی خۆی بەردەوام دەبێت، تەنانەت دوای ئەوەی دەسەڵات دەگرێتە دەست، چونکە کاتێك دەبینین کە خەباتگێڕی ڕاستەقینە لەپێناو گەلدا دەستبەرداری قوربانیدان نابێت، ئەو کاتە گەل ناوی بەرز ڕادەگرێت، تەنانەت دوای کۆچی دواییشی هەر یادی دەکاتەوە، هەر وەك ئەمڕۆ دەبینین چۆن یادی شەهیدان و سەرکردە مەزنەکانمان دەکەینەوە لەسەروویانەوە پێشەوا و سەرکردەی گەلی کوردستان ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی.

- کاتێك سەرکردەی حزبی، یان بەرپرسێکی حکوومی قوربانییەکانی گەلەکەی پشتگوێ دەخات، یان دەسەڵاتەکەی خۆی بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی تایبەتی و بنەماڵەکەی بەکار دەهێنێت، ئەو کاتە کۆمەڵگە هیچ گرنگی و بایەخێك بە ڕابردوو و قوربانییەکانی ئەو سەرکردەیە نادات، تەنانەت لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوت و کردەوەکانی ئێستای لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات، نەوەی تازە و تەنانەت کۆنیش، سیستمێکی حوکمڕانیی دەوێت، کە کار بۆ خزمەتکردن و دابینکردنی ئایندەی بکات، سیستەمێکی ناوێت کە ببێتە موڵکی کۆمەڵێك دەستڕۆیشتوو کە تەنیا کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن و بە قوربانی و قارەمانێتییەکانی ڕابردوویان منەت بەسەر گەلەوە دەکەن.

- سوودی چییە ئەگەر شانازی بە ڕابردووی دێرینەوە بکەن، گەل دەیەوێت سەرکردە سیاسی، یان کارگێڕییەکان ببینن، کە توانای ئەوەیان هەبێت نەخشە دابڕێژن و دیدگەیان بۆ ئایندە بەو شێوەیە بێت کە چارەنووسی گەلەکەیان دیاری بکەن، بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بێگەرد کە ژیان و گوزەرانێکی شایستە بۆ ڕۆڵەکانی فەراهەم بکەن.

- ئەوەی هەندێ حزبی سیاسی پەیڕەوی دەکەن، کاتێك دێن سەنگەر لە یەکدی دەگرن بۆ دەرخستنی هەڵە و کەموکووڕییەکانی یەکدی، یان گلەیی و گازاندە و ڕەخنەی توند دەگرن، یانیش بەڵێنی ناڕاست و چەواشەکار دەدەن، تەنیا گازاندە لە حکومەت دەکەن، هەرچی هەڵە و کەموکوڕییەکان هەیە، دەیانخەنە ئەستۆی حکومەتەوە، جگە لەوەی تانە لە دەستوورییەتی دامەزراوەکانی هەرێم دەدەن، هاوکات دێن دەستبەرداری هەموو دەستکەوتەکان دەبن، وەك هەندێ ڕەفتاری چینی حوکمڕانی ئەندەلووس وایە کە هۆکار بوون بۆ هەرەسهێنانی حوکمڕانیی ئەمەوییەکان لەو وڵاتەدا.

**پارچەپارچەبوونی نیشتمان بۆ دەرەبەگایەتیی سیاسی، ئەمانە هۆکارن بۆ ڕووخانی سیستمە سیاسییەکان و دواجار کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن دوژمنانەوە**

- ویژدان بکەن بە حەکەم و خوێنی شەهیدان لە بیر نەکەن، بە هۆش خۆتاندا وەرنەوە، کار لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی پتەو و یەکگرتوو بکەن، هەندێك واز لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆتان بهێنن، چونکە سیستمە سیاسییەکان بە هۆی گەندەڵییەوە هەرەس دەهێنن، تەنیا گەندەڵکار و هەلپەرستان پێی دەحەسێنەوە، هاووڵاتیانیش لە ژیانێکی ئاسوودە بێبەش دەبن.

- جامەکە پڕ بووە و وا لێی دەڕژێت، پرسیارتان لێ دەکەم، وەڵامەکەش لای ئێوەیە، ئایا سەنگەر لە یەکدی گرتن و تۆمەت بەخشینەوە و هەوڵدان بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتییەکە بخرێتە سەر شانی بەرانبەر، جگە لەوەی مانۆڕکردنە لەگەڵ دوژمنانی گەلی کورد و هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە دەستوورییەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەمانە هەموویان خزمەت بە گەلی کوردستان دەکەن؟ ئایا ناتوانن ڕووبەڕووی ڕاستیی مەترسییەکان ببنەوە کە ڕوویان لە هەرێمەکان کردووە، یان هەر لەژێر پەردەدا خۆتان حەشار دەدەن بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بشارنەوە؟

**کاتێک سەرکردەی حزبی، یان بەرپرسێکی حکوومی قوربانییەکانی گەلەکەی پشتگوێ دەخات، یان دەسەڵاتەکەی خۆی بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی تایبەتی و بنەماڵەکەی بەکار دەهێنێت، ئەو کاتە کۆمەڵگە هیچ گرنگی و بایەخێک بە ڕابردوو و قوربانییەکانی ئەو سەرکردەیە نادات**

بەڕێزان. تا ئێستا ئێمە لە نێو یەك کەشتیداین، ئەگەر کون بێت هەموومان پێکەوە دەخنکێین، بەمەش مێژوو هەتا هەتایە نەفرەتمان لێ دەکات.



**ساسان عەونی**

**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ گوڵان:**

# ٥٢٧ پڕۆژە بە گوژمەی ٣ تریلیۆن دینار لە سێکتەری شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆ و گەشتوگوزار جێبەجێ دەکرێن

**شەقامەکانی ١٢٠ مەتری و ١٥٠ مەتری لە هەولێر، تەواوکردنی شەقامی بارزان لە دهۆک، دەستپێکردنی شاڕێی بابان لە سلێمانی بە دەستکەوت و پڕۆژە گەورەکانی وەزارەت دادەنرێن**

**پڕۆژەکانی ئاوی گۆپتەپە لە چەمچەماڵ و ئاوی ٥١ گوندی بارزان و ئاوی ئاکرێ و ڕانیە -چوارقوڕنە- حاجیاوا و ئاوی دێرەلوک و چەمی کارێز لە شاری هەڵەبجە و دەیان پڕۆژەی ئاوی دیکە نموونەی بەرچاوی پڕۆژەکانی ئاوە لە کابینەی نوێیەمدا**

**بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی نزیکی ١٠ ملیار دینار لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆک وەزیران خەرج کراوە**



**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و گوزەران و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیانەوە هەیە. کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئاستەنگ و تەحەددییەکان، لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان ڕانەوەستاوە، بەتایبەتی گەیاندنی ئاوی خاوێن بۆ ماڵان و کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك و گرنگیدان بە پارك و باخچە و سەوزاییەکان و قیرتاوکردنی کۆڵان و گەڕەکەکان و گرنگیدان بە شەقامە سەرەکییەکان، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆنی ئەم خزمەتگوزارییانە فراوان کراون و، لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنی کابینەکەدا بە سەدان پڕۆژەی جۆراوجۆر جێبەجێ کراون. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم خزمەتگوزارییە گرنگانەی لەم چوار ساڵەی کابینەی نۆیەم لە چوارچێوەی کارەکانی وەزارەتی شارەوانی ئەنجام دراون، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ئەنجام دا.**

*** بەو پێیەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار وەزارەتێکی خزمەتگوزارییە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هاووڵاتیانەوە هەیە، ئایا گرنگترینی ئەو پڕۆژانە چین کە لە ماوەی چوار ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جێبەجێتان کردووە؟**

- بە هۆی ئەوەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، وەزارەتێکی خزمەتگوزاریی بەردەوامی ڕۆژانەیە و پەیوەستە بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتییانەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەواوی دۆخەکانیدا و تەنانەت لە کاتی قەیرانیشدا، هەوڵی داوە ئەو خزمەتگوزارییانە پەکیان نەکەوێت. کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك قەیرانی جۆراوجۆر بووەوە، لە سەرووی هەموویانەوە پەتای کۆڤید ١٩ و قەیرانە ئابووری و سیاسییە نەخوازراوەکان، بەڵام بۆ یەك ڕۆژیش ئەو خزمەتگوزارییە بەردەوامانە ڕانەوەستان، کە بریتین لە گەیاندنی ئاوی خاوێن بۆ ماڵان و کۆکردنەوە و چارەسەری خاشاك و بایەخدان بە پارك و باخچە و سەوزاییەکان، تەنانەت زۆنی ئەم خزمەتگوزارییانەی فراوانتر کرد، بە شێوەیەك یەکسانی لە دابەشکردندا هەبێت و، خەڵکی هەموو شار و شارۆچکە و گوندێکی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە. لە پاڵ ئەم کارە سەرەکییانە و لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمدا، توانراوە پڕۆژەی گەورە لە هەموو شارەکانی کوردستان جێبەجێ بکرێن، پڕۆژە بەردەوامەکانیش درێژەیان پێ بدرێت، پڕۆژە گەورەکانمان وەك تەواوکردنی شەقامی ١٢٠ مەتری و تەواوبوونی سێ قۆناغی شەقامی ١٥٠ مەتری لە هەولێر، تەواوکردنی شەقامی بارزان لە دهۆك، دەستپێکردنی شارێی بابان لە سلێمانی، دروستکردنی چەند کارگەیەکی ڕیسایکلین، بەرزەپرد و ئەندەرپاسی ڕێگای مەخموور لە هەولێر، دروستکردنی یووتێرنی بناڤی یەك لە دهۆك، پڕۆژەی ئاوی گۆپتەپە لە چەمچەماڵ، پڕۆژەی ئاوی ٥١ گوندی بارزان، پڕۆژەی ئاوی ئاکرێ، پڕۆژەی ئاو و ڕێگاسازی لە چەمی کارێز لە شاری هەڵەبجە، پڕۆژەی ئاوی ڕانیە- چوارقوڕنە- حاجیاوا، پڕۆژەی ئاوی دێرەلوك و دەیان پڕۆژەی دیکە لە بوارەکانی شارەوانی، ئاو و ئاوەڕۆ، گەشتوگوزار، شوێنەوار، هەڵگرتنەوە و چارەسەری خاشاك و بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی کە لەسەر بودجەی گشتی ئەنجام دراون. لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە مەبەستی پەرەپێدانی پرد و یەکتربڕ و شەقامەکانی شاری سلێمانی، گوژمەی زیاتر لە ملیارێك و ٣٠٠ ملیۆن دینار خەرج کرا. جگە لەمانە (١٧٩٠) پڕۆژەی بچووك و مامناوەند لەسەر داهات و پێشینەی فەرمانگەکان فەرمانی وەزارییان بۆ دەرچووە کە جێبەجێ کراون، یان لە ژێر جێبەجێکردندان کە زیاتر لە (١٠٦) ملیار دیناری لە هەر سێ سێکتەری شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆ و گەشتوگوزار بۆ خەرج کراوە. ئەو پڕۆژە بەردەوامانەش کە پێشتر

باسمان کردن، بەشێکیان لەو کابینەیەدا بڕیاریان بۆ دەرچووە و جێبەجێ کراون و، بەشێکیان لە کابینەکانی ڕابردوو بوون، بەڵام لەو کابینەیەدا تەرخانیان بۆ کراوە واتە پڕۆژە بەردەوامەکان کە سەرجەمیان بریتین لە (٥٢٧) پڕۆژەی گەورە و بچووك و مامناوەند و گوژمەی تەرخانکراو دەگاتە زیاتر لە (٣) تریلیۆن دینار و لە هەر چوار سێکتەری شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆ و گەشتوگوزار و شوێنەوار جێبەجێ دەکرێن.

*** لە ئێستادا لە وەرزی گەرما و هەڵکشانی خواستی بەکارهێنانی ئاوی خواردنەوەداین و هەموو هاوینێکیش گرفتی کەم ئاوی لە هەندێك ناوچە و گەڕەکەکانی ناو شارە گەورەکان سەرهەڵدەدات، دەکرێت بزانین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتی کەم ئاوی چی کراوە؟ ئایا گرنگترین پڕۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لەم بوارەدا چین کە جێبەجێ کراوە و ئەوەی لە بەرنامەشدایە جێبەجێ بکرێت؟**

- کەم ئاوی و وشکەساڵی، بابەتێکی سرووشتی و ئاڵنگارییەکە لەگەڵ لێکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە سەرتاسەری جیهان ڕووبەڕووی وڵاتان دەبێتەوە، بەڵام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بابەتە لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی وشکەساڵی، لەسەر فەرمانی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە لە ساڵی ٢٠٢٢ چەند کۆبوونەوەیەکی بەردەوام و فراوانیان کرد، لە ئەنجامدا کۆمەڵێك ڕێوشوێنی خێرا گیرانە بەر و دواتر لەلایەن پسپۆڕ و شارەزایانی هەر دوو وەزارەت (پڕۆژەی ستراتیژیی ئاو) بۆ حکومەت دانرا و پەسەند کرا، هەروەها بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی نزیکی ١٠ ملیار دینار لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆك وەزیران خەرج کراوە، کۆمەڵێك پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە و لێدانی بیری ئاوی تازە و چاککردنەوەی کۆمەڵێك بیری لەکارکەوتوو و گۆڕینی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە لەو شوێنانەی کە پێویستن لە هەولێر و سلێمانی شوێنەکانی دیکە جێبەجێ کراون، نزیکەی ملیارێك

**زۆر پڕۆژە لە شاری سلێمانی و گەرمیان کە دەبوو لەسەر داهاتی ناوخۆ جێبەجێ بکرێن، بە هۆی گرفتەکانی باش کۆنەکردنەوەی داهات لەو شوێنانە، بە فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان کراوە**

**لە پارێزگای هەڵەبجە پڕۆژەی ئاوی هەڵەبجە-سەید سادق جێبەجێ کرا، کە لە ڕۆژێکدا زیاتر لە (٦٥) هەزار مەتر سێجا ئاوی خاوێن دابین دەکات، (٥١) پڕۆژەی دیکەش بە گوژمەی زیاتر لە (٦٠٠) ملیۆن دینار جێبەجێ کراون**

**تەنیا لە ماوەی چوار ساڵی کابینەکەدا، لە تەواوی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە یەک ملیۆن دار و نەمام و گوڵ چێندراون**

**پڕۆژەی چارەسەرکردنی خاشاک لە تانجەرۆ لە شاری سلێمانی تەواو کراوە کە توانای چارەسەرکردنی (١١٠٠) تۆن خاشاکی لە ڕۆژێکدا هەیە**

**بۆ رووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی نزیکەی (١٠) ملیار دینار بە فەرمانی جەنابی سەرۆک وەزیران خەرج کراوە**

دینار بۆ شاری کۆیە، نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن دینار بۆ شاری زاخۆ خەرج کران و لە هەر شوێنێکی دیکەی هەرێمی کوردستان مەترسیی وشکەساڵی هەبووبێت، بە تایبەت پارەی بۆ خەرج کراوە و ڕێوشوێنی پێویست گیراوەتە بەر و دەسەڵات دراوە بە پارێزگار و سەرۆکی ئیدارە سەربەخۆکان کە لە هەر شوێنێك پێویستی بە کاردانەوەی خێرا هەبێت، لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکان کاری پێویست بکەن.

دابینکردنی ئاوی خاوێن و دروستنەبوونی گرفتی کەم ئاوی، هەر لە سەرەتای کابینەی نۆیەمەوە، یەکێك بووە لە گرنگترین بابەتەکان کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر کردووەتەوە و لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمیشدا بە گرنگی باس کراوە. ئەگەر تەماشای ڕێژەی دابینکردنی ئاوی خاوێنیش بکەین، دەبینین حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لە سەرووی ستانداردی جیهانی ئاوی خاوێنی بۆ هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان دابین کردووە. مانگانە ١٤ ملیار دینار ڕاستەوخۆ بۆ دابینکردنی ئاوی خاوێن لە هەرێمی کوردستاندا خەرج دەکرێت، بەڵام ئەگەر خەرجیی کارەبا و بابەتەکانی دیکەی بخەینە سەر کە هەمووی بۆ دابینکردنی ئاو خەرج دەکرێت، مانگانە دەگاتە ٤٦ ملیار دینار، واتە بۆ ئەوەی ئاوی خاوێن بگاتە هەموو ماڵێك لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، لە ساڵێکدا زیاتر لە ٥٥٠ ملیار دینار خەرج دەکرێت.

*** لە سەرجەم کوردستان و بەتایبەتیش لە شاری هەولێر، زەوییەکی زۆرتان بۆ نیشتەجێکردن دابەش کردووە، بەڵام مۆڵەتی دروستکردنی خانوویان پێ نادەن، بۆچی مولەتیان پێ نادەن؟ لە کاتێکدا خانووەکانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان تاپۆ دەکرێن، بۆچی کارتی زەوییەکانیش تاپۆ ناکرێن؟**

- ئەرکی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبووندا، دابینکردنی زەوییە، کە بەپێی یاسا و ڕێنمایی دیاریکراو مامەڵەکان دەچنە پێشەوە و زەوییەکان تەرخان دەکرێن، هەنگاوەکانی دواتر ئەرکی دەستەی وەبەرهێنان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەیە.

سەبارەت بە مۆڵەتی بینا لە هەر جێیەك زەوییەك بۆ نیشتەجێبوون تەرخان کرابێت، لە کاتی داواکردنی مۆڵەتی بینا لەلایەن هاووڵاتییانەوە، سەرۆکایەتی و فەرمانگەکانی شارەوانی لە هەموو شار و شارۆچکەیەکی هەرێمی کوردستان مۆڵەتیان پێ دەدەن، لە هەندێك لەو شوێنانەی زەوی دابەش کراوە، بەڵام خزمەتگوزارییان پێ نەگەیشتووە، هەر کاتێك بەشێکی خزمەتگوزارییەکانیان پێ گەیشت، ئەو کاتە مۆڵەتی دروستکردنی خانوو بەوانیش دەدرێت، کە بەشێکیان دوورەدەستن لە سەنتەری شارەکانەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات، دوای ئەوەی خزمەتگوزارییە پێویستەکان دەگەیەنێتە ئەو شوێنانە، مۆڵەتی خانووشیان پێ بدات. لەمەش زیاتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە چارەسەر بۆ هەموو گرفتە کەڵەکەبووەکانی هاووڵاتییان بدۆزێتەوە، بەتایبەت ئەو گرفتانەی بە یاسا و ڕێنماییەکان چارەسەر ناکرێن، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی داخوازیی خەڵك هەوڵی داوە بە ڕێنمایی و بڕیار ئەو کێشانە چارەسەر بکات، وەك کێشەی زەوییە سندووقییەکان و مۆڵەتی حەرەمی گوندەکان. سەبارەت بە تاپۆی خانووەکانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، لیژنەی هاوبەش لە نێوان دەستەی وەبەرهێنان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی داد لەسەر هەموو ئاستەکان کار دەکەن، بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو خانووانەی ناو پڕۆژەکان بە ناوی هاووڵاتییانەوە بکرێت، ئەم هەنگاوەش دەستی پێ کردووە و یەکە نیشتەجێبووەکانی دەیان پڕۆژەی وەبەرهێنان بە ناوی هاووڵاتییان کراون و، ئەم پرۆسەیە درێژەی هەیە و، لە هەر شوێنێکیش گرفت هەبێت، بێگومان ئەو لیژنە باڵایە چارەسەری دەکەن. سەبارەت بە کارتی زەوی بۆ سەنەد، لە پێناو چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو کێشانە و نەهێشتنی ئەو ژمارە زۆرەی زەویی کارت، لەگەڵ دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم، لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە، هەستاین بە کردنەوەی یەکەیەکی تایبەت بە ناوی (یەکەی گۆڕینی کارتی زەوی بۆ سەنەد) بۆ تۆمارکردنی ئەم کارتانە

و گۆڕینی بۆ تۆماری هەمیشەیی (سەنەد) کە ژمارەیان ٩٩ هەزار کارت بووە، لەو ژمارەیە کەمتر لە ٣٥ هەزاریان ماوە کە ئێستا کاریان لەسەر دەکرێت، یان لە قۆناغی کۆتاییدان، ئەوەی دیکە کە هەمووی دەکاتە ٥٤ هەزار و ٣٣٩ کارت کراون بە سەنەد.

*** زۆرجار لە سۆشیال میدیا و لەلایەن کەسانی پۆپۆلیستەوە باس لەوە دەکرێت ناوچەی سلێمانی و گەرمیان لە پرۆژەکانی شارەوانی فەرامۆش کراون، ئایا دەکرێت پێمان بڵێن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار تا چەند لەو ناوچانەدا پرۆژە و کاری کردووە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یەک چاو تەماشای هەموو دەڤەرێکی کوردستانی دەکات و هەوڵ دراوە ئەو شار و شارۆچکانەی گرفتی خزمەتگوزاریی بنەڕەتییان هەبووە، زیاتر تەرخانکردنەکان بۆ ئەوان خەرج بکرێت و باڵانس ڕابگیرێت. هەر لەم کابینەیەدا بایەخێکی زۆر بە ئیدارە سەربەخۆکان درا و ئیدارەی سەربەخۆی نوێش کرانەوە و پلەی زۆرێک لە شارەوانی و یەکە ئیدارییەکانی دەرەوەی شارە گەورەکان بەرز کرانەوە، بۆ ئەوەی لە دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی حکومەتدا یەکسانیی زۆرتر ڕەچاو بکرێت. واتە نەوەک کەمتەرخەمیمان لە خزمەتکردنی سلێمانی و گەرمیان نەکردووە، بەڵکوو زۆر پرۆژەی ئەو دەڤەرانە کە دەبوو لەسەر داهاتی ناوخۆ جێبەجێ بکرێن، بە هۆی گرفتەکانی وەک پێویست نەبوونی کۆکردنەوەی داهات لەو شوێنانە، لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان کراوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتییانی ئەو دەڤەرانە لە خزمەتگوزارییەکان بێبەش نەبن، وەک چارەسەرکردنی بابەتی پرۆژەکانی ئاو لە سلێمانی، چەمچەماڵ، هەڵەبجە، ڕاپەڕین و لە هەفتەی ڕابردووش ٤٠٠ ملیۆن دینار بۆ لێدانی هەشت بیری ئاو بۆ شاری کفری تەرخان کرا. حکومەت لە بەڵێنەکانی ڕاستگۆیە و بە یەک چاو سەیری هەموو دەڤەرێکی کوردستان دەکات.

*** لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا، چەند ئیدارەیەکی سەربەخۆ کرانەوە، ئەمەش پێویستی بەوەیە لە ڕووی کارگێڕییەوە هەموو ڕێوشوێنەکان بگیرێنە بەر، ئێوە وەك وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لەو بوارەدا چیتان کردووە؟**

- فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەموو ئیدارە سەربەخۆکان کە بریتین لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان، ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ، لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە کارە کارگێڕییەکانیان تەواو کران، هەر زوو لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری بوونیان بە ئیدارەی سەربەخۆ، لە بۆنەی تایبەتدا پلەکانیان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەرز کرایەوە و سەنتەری ئیدارەکەش ڕاستەوخۆ بە وەزارەتەوە بەستراونەتەوە و بوونەتە ئەندامی سەرەکیی ئەنجومەنی وەزارەت و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ وەزارەتدا هەیە و ئێستا هیچ مامەڵەیەکیان لە ڕێی ئەو پارێزگایەی لێی جیا بوونەتەوە، ناگاتە وەزارەت، بەڵکوو شارەوانیی سەنتەری ئیدارە سەربەخۆکان ڕاستەوخۆ بە وەزارەتەوە بەستراونەتەوە.

*** تا چەند گرنگی بە پارێزگای هەڵەبجە دراوە، بەتایبەتی لە ڕووی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی شارەوانییەوە لەم پارێزگا نوێیە؟**

- حکومەت زۆر بە گرنگییەوە تەماشای پارێزگای هەڵەبجەی کردووە. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا، کۆمەڵێك پرۆژەی خزمەتگوزاریی ژێرخان و بنەڕەتی سەبارەت بە ئاو و ئاوەڕۆ و شەقام لەو شارەدا جێبەجێ کردووە، لەوانە پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە- سەید سادق کە لە ڕۆژێکدا زیاتر لە ٦٥ هەزار مەتر سێجا ئاوی خاوێن دابین دەکات. تەنیا لەسەر بودجەی داهات، ٥١ پرۆژە بە گوژمەی زیاتر لە ٦٠٠ ملیۆن دینار جێبەجێ کراون، هەروەها بۆ بابەتی خاوێنکردنەوە و هەڵگرتنی خاشاك گوژمەی پێویست خەرج کراوە.

وێڕای ئەو خزمەتگوزارییانە، لە ئێستادا وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار خەریکی ئامادەکردنی ماستەرپلانە بۆ شاری هەڵەبجە کە بە تەواوبوونی، دەرفەتی پرۆژەی دیکە لەو شارە زیاتر دەکات و بەرەو قۆناغێکی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لە سەرووی ستانداردی جیهانی ئاوی خاوێنی بۆ هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان دابین کردووە**



**بۆ ئەوەی ئاوی خاوێن بگاتە هەموو ماڵێک لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، لە ساڵێکدا زیاتر لە ٥٥٠ ملیار دینار خەرج دەکرێت**

نوێی ئاوەدانی دەبات. هەروەها لە سەرەتای کابینەی نۆیەمەوە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانییەکانی هەڵەبجە و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزاری هەڵەبجە و بەڕێوەبەرایەتیی نەخشەدانانی ئاوەدانی دروست کراون و لەلایەن حکومەتەوە میلاکی پێویستیان بۆ دانرا.

*** لە زاخۆ پرۆژەی کۆرنیش و پۆندەکان لەناو شاری زاخۆ دیمەنێکی زۆر جوانی بە شارەکە بەخشی، ئایا ئەم جۆرە پرۆژانە لە بەرنامەدایە بۆ ئیدارە سەربەخۆکانی دیکەی کوردستان؟**

- لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو ئیدارە سەربەخۆکان، مامەڵەیەکی تایبەتیان لەگەڵدا کراوە، چونکە پێویستییان بە بابەتی بنەڕەتیی ژێرخانی ئیداری و ژێرخانی خزمەتگوزاری هەبوو. بە فەرمانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستانیش، پارێزگای هەڵەبجە، ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان، ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین، هەر زوو کارە کارگێڕییەکانیان تەواو کران و پلە ئیدارییەکان بەرز کرانەوە و بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان کرا، هەروەها دەسەڵاتی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە و گواستنەوەی فەرمانبەرانیان پێ درا، ئەمەش وای کرد دەرفەتی کار و جووڵەی بازرگانیی زیاتریش بکەونە ئەو دەڤەرانەوە. ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆش، بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافیاکەی ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی کراوە و هەوڵ دراوە ئەوەی پێویست بێت حکومەتی هەرێمی کوردستان دریغی نەکات. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە ماوەی چوار ساڵی کابینەی نۆیەمدا، تەنیا لە بودجەی داهات زیاتر لە ٢ ملیار و ٣٩٠ ملیۆن دیناری بۆ جێبەجێکردنی ٣٢ پرۆژە لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ خەرج کردووە.

*** تا چەند توانراوە کێشەی زێدەڕۆیی لەم کابینەیەدا بنبڕ بکرێت؟ ئایا تا ئێستا لەلایەن کەسانی دەستڕۆیشتووەوە دەستدرێژی هەیە بۆ سەر موڵکی زەوییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار؟**

- بابەتی زێدەڕۆیی لەسەر موڵکی گشتی، یەکێك بوو لەو کێشە ئاڵۆزانەی لە کابینەی نۆیەمدا تا ڕاددەیەکی زۆر چارەسەری ڕیشەیی بۆ دۆزرایەوە و، پاش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانە دا، کە خانووی زێدەڕۆییان لەسەر



دروست کراوە لە سنووری شاروانییەکان، کە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هەماهەنگ بوو بۆ دەرچوونی ئەو یاسایە، هەنگاوی ئەرێنی و باش هاویشترا و چارەسەری زۆر کەیس کرا، دەرفەتێکیش بوو بۆ ئەوانەی خانوویان لەسەر موڵکی گشتی دروست کردووە و نەدارن و ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە، زەوییەکانیان بەسەردا تاپۆ بکرێت و ئیدی لەوێدا کۆتایی پێ بێت. ئەو کەسانەی تا ئێستە سوودمەند نەبوون لەو یاسایە، لە ئێستادا حکومەت خەریکی ئامادەکردنی پرۆژە بڕیارێکە بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتدا چارەسەری گرفتی ئەوانەش بکرێت. سەرۆکایەتیی شارەوانییەکان بە هاوکاریی ئیدارە خۆجێییەکان، بەردەوامن لە ڕێگریکردن و لادانی سەرپێچی و زێدەڕۆیی لەسەر شۆستە و شەقام و موڵکی حکومەت و موڵکی تایبەت، بە شێوەیەك ڕۆژانە چەندین سەرپێچی و زێدەڕۆیی ڕێکاریان لە بەرانبەردا دەگیرێتە بەر لە ڕێگەی تیمەکانی حکومەتەوە لە سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەبەخۆکان ئەم کارە بەردەوامە.

*** لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆری شەقامە سەرەکییەکان قیرتاو کران، ئایا لەم قەیرانەدا تا چەند توانراوە پرۆژەکانی نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنی شەقامە ناوخۆییەکان گرنگی پێ بدرێت؟**

- کاتێك ناوی شەقامە سەرەکییەکان دێتە بەر گوێی هەر هاووڵاتییەکەوە، لە پاڵ ئاو و ئاوەڕۆ و خزمەتکردنی شوێنە گەشتیارییەکان و کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی خاشاك کە حکومەت جێبەجێیان دەکات، یەکسەر شەقامە ستراتیژییەکانی وەك ١٢٠ مەتری و ١٥٠ مەتری لە هەولێر، شاڕێی بابان لە سلێمانی، شەقامی بارزان لە دهۆك و شەقامەکانی دیکەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان دێنە بەر چاو کە لەم کابینەیەدا وێڕای هەموو ئاستەنگە داراییەکان، حکومەت توانیویەتی ئەو بوارە گرینگەی پەیوەندی بە کاروباری ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە، بەپێی پێویست جێبەجێ بکەن. لە پاڵ ئەو پرۆژە گەورانەوە، قیرتاوکردنی شەقامی نوێ و کۆنکرێتکردنی شۆستەکان یان نۆژەنکردنەوە، ئەگەر بکەونە چوارچێوەی پرۆژەی بچووك و مامناوەندەوە، شارەوانییەکان لەسەر ئەو لە ١٥٪ی داهاتی خۆیان جێبەجێی دەکەن. ئەو شارەوانییانەی داهاتیان زۆرتر بووە، باشتر توانیویانە ئەم جۆرە پرۆژانە جێبەجێ بکەن. لەسەر ئاستی هەموو شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان، نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی

**لە شاری هەولێری پایتەخت ڕێژەی سەوزایی لە نێوان (١٥٪) تا (٢٠٪) بەرز بووەتەوە**

شەقامی نویێ نەوەستاوە. ئەگەر بیرتان بێت، لەو کاتەی بە هۆی پەتای کۆڤید ١٩ هەموو هاووڵاتییان لە ماڵەکانیان کەرەنتین بوون، کارمەندانی شارەوانی، چۆڵیی شەقامەکانیان قۆستەوە و بەشێکی باشی نۆژەنکردنەوەکانیان تەواو کرد و ئەم بابەتەش پرۆسەیەکی بەردەوامە.

*** ئایا پێت وانییە کاتی ئەوە هاتووە بە دیدگایەکی نوێوە بڕواننە سەوزایی و پارێزگاریکردن لە باخچەکان و هاندانی هاووڵاتیان بۆ ڕواندن؟ ئایا ڕێژەی سەوزایی لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە ئاستی ستانداری جیهانیدایە؟**

- بابەتی سەوزایی و ژینگەپارێزی، بەشێکی دەکەوێتە ناو پڕۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە، ئەمانەش وەزارەت هەموو هەوڵێکی داوە هەرگیز ڕانەوەستن و تەنانەت بەردەوام ڕێژەی سەوزایی زیاد بکرێت. بەپێی ئامارەکان، ڕێژەی سەوزایی لەم کابینەیەدا، لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بەرز بووەتەوە، لە هەندێك شوێن بە ڕێژەی ١٠٪ زیادی کردووە، لە شاری هەولێری پایتەخت ڕێژەی سەوزایی لە نێوان ١٥٪ تا ٢٠٪بەرز بووەتەوە. تەنیا لە ماوەی چوار ساڵی کابینەکەدا، لە تەواوی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە یەك ملیۆن دار و نەمام و گوڵ چێندراون، ئەمەش هەمووی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی تەواوی بە ژینگە و سەوزکردنی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان داوە. هەر بۆ زانیاری، لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا توانیمان لە ڕێی بووژاندنەوەی نەمامگەکان کە سەر بە وەزارەتن، هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ بەشێکی زۆری ڕێژەی ئەو پڕۆژانەی بۆ سەوزکردن جێبەجێ دەکرێن، بکەونە ئەستۆی ئەو نەمامگانەوە. هەروەها شایەنی گوتنە، لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا، هیچ زەوییەك کە پێشتر بۆ سەوزایی تەرخان کرابوو، ڕەگەزی بۆ پڕۆژەی دیکە نەگۆڕدراوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، لە کاتی پێدانی مۆڵەت بۆ هەر پڕۆژەیەك لە هەر بوارێکدا بێت، مەرجی پابەندبوون بە ڕێژەی سەوزاییان بۆ داندراوە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا بواریش نەبووبێت لەناو پڕۆژەکە ڕێژەی سەوزایی جێبەجێ بکەن، ئەوا پابەند کراون کە ڕێژەیەکی زۆرتر لە سەوزایی لە شوێنێکی دیکە کە پێویستە جێبەجێ بکەن، هەموو ئەم ڕێکارانەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە حکومەت بە جددی کاری لەسەر بابەتی ژینگەپارێزی و زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی کردووە.

**لە ماوەی چوار ساڵی کابینەکەدا، لە تەواوی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە یەك ملیۆن دار و نەمام و گوڵ چێندراون**

*** بەڵام زێدەڕۆیی هەیە لەلایەن وەبەرهێنەکانی یەکە نیشتەجێبووەکانەوە، بەوەی زەویی تەرخانکراوی باخچەیان کردووە بە شوێنی خانوو و شوقە، ئایا هیچ ڕێوشوێنێکتان لە بەرانبەر وەرگرتووە؟**

- ئەم بابەتە ڕێژەییە، لە هەندێك پڕۆژەی دیاریکراودا لە شار و شارۆچکەکاندا زێدەڕۆیی کراوە. هەر لە سەرەتای کابینەی نۆیەمەوە، حکومەت مامەڵەی جددی لەگەڵ ئەم بابەتەدا کردووە و ڕێوشوێنی پێویست بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان گیراونەتە بەر.

*** نەخشەدانانی ئاوەدانی و ماستەرپلانی شارەکان بڕیار لەسەر شێوازی پێشکەوتنی داهاتووی شارەکان و بیناسازی دەدات، ئەرکی ئەم بوارە گرنگە کەوتووەتە ئەستۆی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە. لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا بۆ پێشکەوتنی ئەو بوارە و ڕێگریکردن لە فراوانبوونی هەڕەمەکیی شارەکان چیتان کردووە؟**

- سێکتەری نەخشەدانانی ئاوەدانی لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەردەوامن لە هەموارکردنەوەی ماستەرپلانی شارەکان، یان دانانی ماستەرپلان بۆ ئەو شار و شارۆچکانەی کە تا ئێستا ماستەرپلانیان نەبووە، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە، چونکە ماستەرپلان بۆ دەیان ساڵی داهاتووە و ئەمانەتێکی گەورەیە لە سەرمان، پێویستە بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، دەبێت بە دیدگایەکی ستراتیژەوە کە بتوانین پێشبینیی پێشکەوتنەکانی داهاتوو بکەین و لە چوارچێوەی ماستەرپلاندا جێی بکەینەوە. لە ئێستادا تیمەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کار لەسەر جێبەجێکردنی ماستەرپلان بۆ هەڵەبجە، سۆران، ڕانیە، عەربەت، سەیدسادق، دەربەندیخان، خەبات، کەڵەك، چوارقوڕنە، حاجیاوا، کۆیە،

ڕزگاری، دووکان، هیران، مێرگەسۆر، گۆڕەتوو، بەردەڕەش، کەلەکچی و ڕوڤیا دەکەن.

لە ماوەی چوار ساڵی کابینەی نۆیەمدا، لە چەندین ڕووەوە کار بۆ بابەتی دانانی کۆد و چاکسازیکردن لە سیستەمی پلانسازی و بیناسازی لە سەر ئاستی هەرێم کراوە، لە ڕێگای ڕێکخستنەوەی پرۆسەی ڕێپێدانی بینا و جێگیرکردنی بەرزەفتە و ڕێنمایی و ڕێساکانی بینا (Code)، لە چوارچێوەی ئەرك و چالاکیی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار پێداچوونەوەی بە «ڕێنماییەکانی پلانسازی، ڕێکارەکان و فۆرمەکانی ڕێگەپێدانی پلانسازی و مۆڵەتی بینا» کردووە، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی شێواوی لە ژینگەی بیناسازیی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، ڕێگەنەدان بە سەرپێچی، هەر لە سەرەتای قۆناغەکانی بینا، بۆ بەدیهێنانی ژینگەیەکی بیناسازیی تەندروست، هەروەها بۆ جێگیرکردنی بنەماکانی ڕێساکانی بینا لە فۆرمەکانی ڕێگەپێدانی بینا کە بریتییە لە ١٦ خاڵ کە دەبێت بۆ هەر مۆڵەتێك جێبەجێ بکرێن.

*** دامەزراندنی کارگەکانی ڕیسایکلین و چارەسەری خاشاك بەردەوام باسی لێوە دەکرێت، ئایا لەم ڕووەوە حکومەت تا چەند هەوڵی داوە؟**

- یەکێك لەو بابەتانەی بەردەوام ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر دەکاتەوە، بابەتی ژینگەپارێزییە، پرۆژەکانی ڕیسایکلین دەکەونە ژێر ئەو خانەیەوە و بە وردی چاودێری دەکات، بۆیە ئەمە یەکێکە لە خاڵە زۆر جەوهەرییەکانی کە لە کابینەی نۆیەمدا هەوڵی داوە جێبەجێی بکات و پێشی بخات. ئێمە پێش ئەوەی باسی کارگەی ڕیسایکلین بکەین، پێویستە ئەوەش باس بکەین کە پرۆسەی کۆکردنەوەی خاشاك لە ماوەی ڕابردوودا باشتر ڕێك خراوەتەوە و فراوان کراوە و پێداچوونەوە بە گرێبەستەکاندا کراوە و ئێستا بە دەگمەن شوێنێك هەبێت تێیدا خاشاك کۆ نەکرێتەوە، ئەمەش بە چاکسازی لە بڕگەکانی گرێبەست و زیادکردن و فراوانکردنی سنوورەکانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی کۆکردنەوەی خاشاك. بێگومان ئەم بابەتە دوو لایەنەیە، بەشێکی پەیوەستە بە هۆشیاریی گشتی و بەشداریی هاووڵاتییان لە پاکڕاگرتنی ژینگەی کوردستان، چونکە بەداخەوە دەبینین زۆر جار لە دوای کۆکردنەوەی خاشاك لەلایەن تیمەکانی شارەوانییەوە، هەندێك لە هاووڵاتییان خاشاك لە سەر شەقام و سەیرانگا و شوێنە گشتییەکان فڕێ دەدەن و دەستکاریی شوێنەکانی کۆکردنەوەی خاشاك دەکرێت، یان تێك دەدرێن، کە بێگومان جارێکی دی خاوێنکردنەوەی ئەو شوێنانە توانایەکی دارایی و مرۆیی زیاتر دەخاتە ئەستۆی حکومەتەوە. لە تەواوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ٣٣ کۆمپانیای کۆکردنەوەی خاشاك گرێبەستی هەیە. بۆ ئەوەی ژینگەی کوردستان خاوێن بێت و خاشاك لە کۆڵان و گەڕەکەکاندا نەمێنێت، حکومەت مانگانە زیاتر لە ١٠ ملیار و ٢١٢ ملیۆن دینار خەرج دەکات کە لە بەرانبەردا داهاتێکی ئەوتۆ لەو پرۆسەیە بۆ حکومەت ناگەڕێتەوە.

سەبارەت بە پرۆژەکانی چارەسەرکردنی خاشاك، لە کابینەی نۆیەمدا پرۆژەی چارەسەرکردنی خاشاك لە تانجەرۆ لە شاری سلێمانی تەواو کراوە، کە توانای چارەسەرکردنی ١١٠٠ تۆن خاشاکی لە ڕۆژێکدا هەیە. هەروەها پرۆژەی چارەسەرکردنی خاشاك لە کواشێ لە پارێزگای دهۆك چاکسازی و فراوانبوونی تێدا کرا، کە بریتییە لە دوو کارگەی جیاکردنەوەی خاشاك و شوێنی داپۆشین و بەرهەمهێنانی RDF و پەین کە لە ڕۆژێکدا توانای چارەسەرکردنی ٦٠٠ تۆن خاشاکی هەیە. لە شاری ئاکرێش پرۆژەی چارەسەرکردنی لە گردەسین نۆژەن کرایەوە، کە ڕۆژانە ٢٥٠ تۆن خاشاك چارەسەر دەکات. لە داهاتووشدا پرۆژەی چارەسەرکردنی خاشاك لە تەکییە بۆ شارەوانیی چەمچەماڵ جێبەجێ دەکرێت، کە توانای چارەسەرکردنی ٥٠٠ تۆن خاشاکی هەیە لە ڕۆژێکدا، هەروەها پرۆژەی چارەسەرکردنی خاشاك لە قەدش لە شارەوانیی ئامێدی کە ئەویش لە قۆناغی جێبەجێکردندایە بە توانای چارەسەرکردنی ٤٠٠ تۆن خاشاك لە ڕۆژێکدا، دەکەوێتە خزمەتی هاووڵاتییانەوە. لە ماوەیەکی نزیکی داهاتووشدا دەست بە پرۆژەی

**حکومەت دەیەوێت لە پاڵ کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و وەبەرهێناندا، کەرتی گەشتوگوزار بکاتە پێگە و پایەیەکی سەرەکی**

**پرۆژەی پارکی فایدەی شوێنەواری بە تەرخانکردنی یەک ملیۆن و (٥٠٠) هەزار دۆلار لەگەڵ زانکۆی ئۆدینەی ئیتاڵی کاری لەسەر دەکرێت**

چارەسەرکردنی خاشاك لە گریزە لە سنووری ئیدارەی سەیدسادق دەکرێت کە لە تواناییدایە لە رۆژێکدا ٥٠٠ تۆن خاشاك چارەسەر بکات.

هەڵبەت جگە لەم پرۆژانە، لە شاری هەولێر، دەڤەری ڕاپەڕین، گەرمیان، سۆران و هەموو شوێنێکی دی، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات پرۆژەی هاوشێوە بە کوالێتیی بەرز جێبەجێ بکات. پرۆژەی چارەسەرکردنی خاشاکی شاری هەولێر و دەوروبەری قۆناغی باشی بڕیوە.

*** چیتان کردووە بۆ کەرتی گەشتوگوزار، ئایا حکومەت بیری لەوە کردووەتەوە گەشتوگوزار ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتی ناوخۆیی؟**

- لە کابینەی نۆیەم و دیدگای سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەرتی گەشتوگوزار وەك بڕگەیەکی سەرەکی لە بەرنامەی کاری کابینەکەدا بایەخی تایبەتی پێ دراوە، بە کردەییش کاری لەسەر کراوە، لە چوارچێوەی ئەو بایەخدانەشەوە لە ساڵی ٢٠٢٢ کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت کرا بە کەرتی گەشتوگوزار و ئەو پلانەی ئامادەمان کردبوو، هەمووی پەسەند کران و بڕیاریان لەسەر درا، کە ئێستا بەشێکی زۆری پلانەکان لە ژێر جێبەجێکردندان و بەشێکیشی خەریکە تەواو دەبن، هەروەها یاسای گەشتوگوزاریش دەرچووێندرا، لەگەڵ پەسەندکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریی وەزارەت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، هەموو ئەوانە کاریگەرییان لەسەر کەرتی گەشتوگوزار دەبێت. دیدگای سەرۆکی حکومەت بۆ ئەو کەرتە دیدگایەکی تایبەتە و حکومەت دەیەوێت لەپاڵ کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و وەبەرهێناندا، کەرتی گەشتوگوزار بکاتە پێگە و پایەیەکی سەرەکی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر بووژانەوەی سێکتەرەکانی دیکە و باری ئابووریی کوردستان دەبێت، هەروەها حکومەت پاڵپشتیی کەرتی تایبەتیش دەکات بۆ ئەوەی لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاردا ڕۆڵی خۆیان ببینن. ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ دەرچووانی گەشتوگوزار و گەنجانی هەرێمی کوردستان لە بنکە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان و پەرەپێدان بە دەستی کاری ناوخۆ و ناساندنی شوێنی گەشتیاری و شوێنەواریی هەرێمی کوردستان و دەیان ڕێنمایی دیکە لەو دوو بوارەدا بووە هۆی ئەوەی ڕێژەی هاتنی گەشتیار بە بەراورد بە سەردەتای کاری کابینەکە بەرز بکەینەوە، ئەمەش بە هۆی زیادکردنی وێستگەی گەشتیاری و ئاسانکاریی زۆرتر بۆ گەشتیاران و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و بانگەشەی بەردەوام بۆ هاتنی گەشتیاران و چێژوەرگرتن لە سرووشتی جوانی کوردستان.

*** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە شوێنەوارەکانی کوردستان باشتر بناسرێن و خزمەتی زۆرتر بکرێن و ببنە بەشێك لە پرۆسەی گەشتیاری لە کوردستاندا؟**

- بایەخدان بە شوێنەوار، لە کارە بنەڕەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا، توانیمان ڕێنمایی بەڕێوەبردنی کاروباری شوێنەواری و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان دەربکەین و یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ی بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان — عێراق دەربچێت، هەروەها بە فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵانە ٩٠٠ ملیۆن دینار بۆ ئەو سێکتەرە خەرج دەکرێت، ئەمەش هەلێکی باش بوو کە زیاتر کارەکانی کنە و پشکنین و نۆژەنکردنەوە جێبەجێ بکرێن، هەروەها هەماهەنگیی زۆرتر لەگەڵ زانکۆ جیهانییەکان بکرێت و هەوڵی جددی دراوە کە شوێنەوار بخرێتە بەشێکی پاکێجەکانی گەشتیارییەوە. هەر لەم کابینەیەدا، پرۆژەی پارکی فایدەی شوێنەواری بە تەرخانکردنی یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار لەگەڵ زانکۆی ئۆدینەی ئیتاڵی کاری لەسەر دەکرێت. لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکان کۆمپانیاکان پابەند کراون بۆ تەرخانکردنی بودجە بۆ ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی ڕزگاری (إنقاذ الأثار) بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان کە دەکەونە ناوچەی پرۆژەکان، هەروەها کاری پشکنین و ڕووپێوی بۆ سەدان شوێن لە سەرتاسەری کوردستان کراوە و چەندین شوێنی شوێنەواریش نۆژەن کراونەتەوە، لەوانە نۆژەنکردنەوەی دەرگای ئامێدی، نۆژەنکردنەوەی قەڵای خانزاد لە گوندی بانەمان، نۆژەنکردنەوەی



قەڵای شێروانە، نۆژەنکردنەوەی قشڵەی ئاکرێ، نۆژەنکردنەوەی ئەشکەوتنی چارستین لە دهۆك، نۆژەنکردنەوەی قشڵەی زاخۆ، دروستکردنی کۆگا بۆ مۆزەخانەی هەولێر، نۆژەنکردنەوەی بەشێك لە حامیەی ڕواندز، نۆژەنکردنەوەی دەوروبەری ئەشکەوتی شانەدەر، دروستکردنی ڕاگر بۆ دیواری قشڵەی کۆیە، نۆژەنکردنەوە و پاراستنی کۆنە قەڵات لە کۆیە و دەیان نۆژەنکردنەوەی دیکە. بەگشتی ڕووپێوی بۆ تۆمارکردنی سایتە شوێنەوارییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەم چوارساڵەدا بە ڕێژەی ١٥٪ لە کۆی ڕێژەی ڕووبەری ٤٠٪ ڕووپێوی بۆ کراوە، تێیدا ٥٨٠٠ سایتی شوێنەواری تۆمار کراون. لە ساڵی ٢٠٢٣ گرێبەستمان لەگەڵ زانکۆکانی جیهانی بۆ کاری کنە و پشکنین لە بواری شوێنەوار هەیە.

*** تا چەند وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار توانیویەتی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بکات، بەتایبەتی کە بەشێکی زۆری کارەکانیان پەیوەستن بەو سێکتەرانەوە کە دەکەونە سنووری وەزارەتەکەتانەوە؟**

- ئێمە لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، دەرگای هەماهەنگیمان لەگەڵ هەر ڕێکخراو و ئاژانسێکی جیهانیدا کردووەتەوە و، خۆشحاڵ دەبین و بەردەوام هانمان داون بێن بۆ ئەوەی کاری هاوبەش بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ئاسانکارییەکمان خستووەتە بەر دەست. ژمارەیەك ڕێکخراو و ئاژانسی گەورەی جیهانی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هەماهەنگییان هەیە، لەوانە ئاژانسی جایکای ژاپۆنی لە بوارەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، هەمواری ماستەرپلانی شاری هەولێر، چارەسەری خاشاك، شوێنەوار و پەرەپێدانی مۆزەخانەکان، پەرەپێدانی گەشتوگوزار، خولی ڕاهێنان و توانای مرۆیی کە لە چوارچێوەی گرێبەست و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن کارە هاوبەشەکان دەکرێن. هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوی شارەوانییەکانی هۆڵەندا VNG، ئاژانسی (USAID)ی ئەمریکی، ڕێکخراوی (UNHABITAT)، ڕێکخراوی (GIZ)ی ئەڵمانی، ڕێکخراوی (UPP)ی ئیتاڵی، ڕێکخراوی ئیتاڵیی فۆکسیف، ئەلیف فاوندەیشن (ALEPH Foundation)، ڕێکخراوی (IFP) فەرەنسی و (ILO)ی نێودەوڵەتی و چەندان ڕێکخراو و ئاژانسی دیکە. لە بواری شوێنەواریشدا، لەگەڵ گرنگترین زانکۆکانی جیهان وەك زانکۆکانی گلاسکۆ و لیڤەرپول و کامبریجی بەریتانی، زانکۆکانی هارڤارد و شیکاگۆ و جۆن هاینکسی ئەمریکی، زانکۆکانی میونخ و کیلی ئەڵمانی، زانکۆی ئۆدینەی ئیتاڵی، لایدنی هۆڵەندی، کۆلیج دی فەرەنسی و زانکۆی ئەسینای یۆنانی هەماهەنگی هەیە.

# وێنە نەگۆڕەکەی عێراق و جوانبینیی سەرۆک بارزانی

لە دیدگای کۆمەڵناسییەوە کاتێك باس لە کۆمەڵگەی عێراقی دەکرێت، ناوهێنانی کۆمەڵناس و زانایەکی لێهاتووی وەك (عەلی وەردی، ١٩١٣- ١٩٩٥) دێتە بەرباس و جوانبینینی ناوبراو بۆ تاکی عێراقی و لێکدانەوەی شارستانییەت و کەلتوورە کۆمەڵایەتییەکان و لێکچوونەکان بە وردی دەخاتەڕوو، لە دیدگای سیاسی و حوکمڕانییەوە، کەم سەرکردە هەڵکەوتووە لە ناوچەکەدا وەك بەڕێز مسعود بارزانی، هێندە قووڵ لە وێنەی سیاسی و حوکمڕانیی عێراق تێگەیشتوو بێت و پەی ببات بە جەوهەری سەرکردایەتیکردنی قۆناغە جیاجیاکانی عێراق لەلایەن ئەو سیاسییانەوە، چ بە کودەتا، یان هەڵبژاردن، یانیش بە هەر ڕێگەیەکی دیکە جڵەوی عێراقیان بە دەست گرتووە.

**لە دیدگای سیاسی و حوکمڕانییەوە، کەم سەرکردە هەڵکەوتووە لە ناوچەکەدا وەک بەڕێز مسعود بارزانی، هێندە قووڵ لە وێنەی سیاسی و حوکمڕانیی عێراق تێگەیشتوو بێت**

بارزانی جیا لەوەی هەڵقوڵاوی ناو شۆڕش و خانەوادەیەکە لە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ حوکمڕانانی بەغدا، یەکێکە لەوانەی بە درێژایی زیاتر لە نیو سەدە بە چەند قۆناغێك لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیری عێراقی خەباتی کردووە، شارەزاییەکی زۆر بێوێنەی لە خوێندنەوەی ئەو لایەن و سەرکردە و پێکهاتانە هەیە کە ئەمڕۆ کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی هەیە.

کاتێك ئەمریکا عێراقی ڕزگارکرد لەم ڕوانگەیەوە بوو زۆرترین پرسپێکردن و ڕاگۆڕینەوەی لەگەڵ لایەنی کوردی و بەتایبەتی بارزانی کرد، دوای پرۆسەکەش بارزانی وەك کاراکتەرێکی گرنگ لە عێراق تەماشا دەکرا و، بەردەوامیش بۆچوونەکانی بارزانی ئەگەر جێبەجێ نەکرایە، ئەوا ئەنجامەکەی هەڵە دەبوو، یان پێچەوانەی ئامانجەکەی ئەمریکا دەکەوتەوە، ئەوانە هێندەی دیکە بارزانی لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بایەخدار دەکرد، کە چۆن بەم دیدگا ڕوونە شارەزایی لە ڕۆئیای عێراقییەکان و سەرکردە سیاسی و لایەنە سیاسییەکان هەیە.

**ئەو بەرگرییانەی بارزانی لە پێکهاتەکانی دیکە کردی وەک سوننە و مەسیحی و تورکمان و کوردانی ئێزدی، سەلمێنەری نیشتمانیبوونی کەسایەتیی بارزانییە**

یەکێك لەو جوانبینییانەی بارزانی بۆ عێراقی دوای سەدام حوسێن، ڕۆحیەتی تۆڵەسەندنەوە بوو، ئەو پێش هەمووان بیری لێ کردەوە و مەترسییەکەی لەجێی خۆی بوو. لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن (٢٠٠٢) گوتی: «پێویستە کەس بیر لە تۆڵەسەندنەوە نەکاتەوە (مسعود بارزانی، بۆ مێژوو، لاپەڕە ٤٦).

بارزانی ئەزموونداربوو لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ هاوبەشەکانی (بەرەی کوردستانی) ئەم هەنگاوەی هاوێشت بۆ سەرکەوتن، بۆیە ترسەکە لە عێراق بەجێهات و لە شەقامەکانی عێراق لەسەر ناو (مەزهەب) (عومەر و عەلی و عوسمان) کوشتارگەی مێژوویی تۆمار کرا.

شێوازی خوێندنەوەی بارزانی بۆ عێراقی دوای سەدام حوسێن، لەسەر کۆمەڵێك پرەنسیپی گرنگ بوو، تێگەیشتبوو لەوەی ئەو سەرکردە و هێزە سیاسییانەی عەرەبی (شیعە) کە نەیاری ڕژێمی بەعسی سەدامن و، دوای گرتنە دەستی دەسەڵات پشت لە هەموو شتێك دەکەن، تەنیا پشت لە باوەڕی تۆڵەکردنەوە ناکەن، دەرئەنجامیش ئەمە بە ڕوونی ڕووی دا، کورد و سوننە و پێکهاتەکانی دیکەش لە کاردانەوەی تۆڵەسەندنەوەدا زیانی زۆریان بەرکەوت، بۆیە بارزانی بەردەوام لای وەفدی ئەمریکی و بەریتانی و ئەوروپییەکان ئەو مەترسییەی دەخستەڕوو، چونکە جیاواز لە بیرکردنەوەی ئەوان سرووشتی تۆڵەکردنەوەی مەزهەبیی دەرك کردبوو.

کۆتایی حوکمڕانی سەدام حوسێن، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێتر بوو لە سیستمی سیاسیی عێراقدا، ئەمە بەلای بەڕێز بارزانییەوە زۆر بایەخدار بوو، دەبوو لەم هەنگاوەدا سەرکردەکانی عێراق ڕابهێنێت کە چۆن لاپەڕەی نوێی دەکەنەوە و چۆن کێشەکان بە شێوازێکی نوێ چارەسەر دەکەن، کەچی هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە ئەوان هێندە پابەند بوون بە بیرکردنەوە لە تۆڵە، هێندە بیریان لای هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێی ئاشتەوایی نیشتمانی نەبوو.



**پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم**

توێژەری مێژووی سیاسی

بۆ گوڵانی نووسیوە

مەبەستی ئەم وێنە نەگۆڕەی عێراق لای بارزانی بۆ ئەوەیە دەرك بە ڕاستییەك بکەین، جیاواز لە هەموو سەرکردەکانی دیکەی عێراق، بارزانی هۆشداری لە بارەی مەترسییەکانی سەر ئایندەی عێراقی بە هەموو عێراقی و غەیرە عێراقییەکان ڕاگەیاند، زۆر ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە پێی گوتن، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە لە ناو دەستەبژێری سیاسی و ئەمنیدا مەترسین بۆ سەر پرۆسەی دیموکراسی لەم وڵاتە و، هیچ کاتێك سەقامگیری بەدی نایەت، تا ئەم جۆرە بیرکردنەوانە زاڵ بن و دەنگیان بەرز بێت.

پێچەوانەی خەسڵەتی کەسی نەرێنی، واقیعی ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق ئەوەی سەلماندووە کە بارزانی خەسڵەتێکی دروستی هەیە و خوێندنەوە و بۆچوونەکانی لەسەر بنەمای ئەو نەگۆڕییەیە کە بڕوای پێیەتی بۆ ناسینی بەرانبەرەکانی، بەو دیوەدا کە تەواوی ئەزموونداریی بارزانی کردووە بە خاوەن دونیابینییەك، کە بتوانێت هەمیشە لە بەرانبەر گۆڕانکارییەکاندا ڕایەکی تایبەت و نەتەوەیی و نیشتمانیی هەبێت، کە ڕەنگدانەوەی واقیعی عێراقی بێت، زۆر جاریش تۆمەتبار کراوە بەوەی زیاتر لەسەر مافەکانی کورد پێداگیرە تا ڕادەی شۆڤینی، کە تۆمەتی زۆر ناڕەوا بوو. ئەو بەرگرییانەی بارزانی لە پێکهاتەکانی دیکە کردی وەك سوننە و مەسیحی و تورکمان و کوردانی ئێزدی، سەلمێنەری نیشتمانیبوونی کەسایەتیی بارزانییە.

وێنەکە و جوانبینینی بارزانی لەوەدا دەرکەوت، کە پێشتر ئەو مەترسیی ئەوەی هەبوو کە پێکهاتەکانی دیکە کە جیاوازن لە ئایین و نەتەوە و کەلتوور و فەرهەنگدا، بکەونە ناو ململانێیەکی توندی تائیفی و توندڕەویی ئایینی، ئەمەش هەر بەدی هات و مەسیحی و ئێزدی و ئەوانی دی بوونە قوربانییەکی دەستی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی کە هەمیشە زیان بە پێکەوەژیان لە عێراق دەگەیەنێت، هەر زوو بارزانی هۆشداری ئەوەی بە هەمووان دا، کە نەبوونی متمانەی نێوان پێکهاتەکان درزێکی گەورەیە و ئەم بێ متمانەییە ناتوانێت سەقامگیری بەدوای خۆیدا بهێنێت و، مافی هەمووان مسۆگەر بکات و ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ چەسپاندنی بنەما دەستوورییەکان و هاوبەشیکردنێکی ڕاستەقینەی هەمووان لە چارەنووسی عێراقی نوێدا، بە دیوەکەی دیکەدا ڕوانگەی بارزانی ئەوەی نیشان دا، کە جۆری بیرکردنەوەی دەستەبژێری سیاسی لە عێراقدا نەگۆڕە و هەمیشە لەگەڵ ئەو هێڵە هاوتەریبە کە لایەك باڵادەست و لایەکیش ژێردەست بێت، ئەم خوێندنەوە سیاسییە، دروست ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئاستی ڕۆشنبیری و دووربینیی سیاسییانەی بارزانی لە بارەی عێراق بەگشتی و سەرکردایەتییەکەی بەتایبەت، زۆر ئەزموونداری و لێهاتووانە و بەرچاوڕوونە.

ئەم دۆخەی هەنووکە بە بەرۆکی عێراقەوە ماوە، ڕێك بێ کەموکووڕی پەیوەستە بەو پێشبینییانەی بارزانی کە بەبێ شاردنەوە چەند جار بە ئاماژەی جیاجیا نیشانی داوە کە عێراق سەقامگیر نابێت تا ڕێکارە دەستوورییەکان بە پابەندبوونێکی نیشتمانی وەك خۆی جێبەجێ نەکرێت و، پابەند نەکرێت بەو ڕێککەوتنانەی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا لە نێوان هەموو پێکهاتەکاندا کراوە.

وەك گوتمان ئەم دۆخەی ئێستا لە عێراقدا درێژە دەکێشێت و متمانەی لاوازی نێوان پێکهاتەکان بە جیا و، سەرکردە سیاسییەکانیش لە لایەك، وێنەیەکە نەگۆڕاوە و دوویات لە خوێندنەوە و جوانبینی سەرۆك بارزانی دەکات، کە ڕێك ٢٠ ساڵە سەرۆك بارزانی بە یەك پەیام و یەك گوتار لە بەرانبەر هەموو گەلانی عێراق وەستاوە، ئەویش ئەوەیە کە عێراقی نوێ بەم جۆرە بیرکردنەوەی ئێستا هیچ ئاماژەیەکی دڵخۆشکەری تێدا نییە و، پێویستە سەپاندنی هێزی تائیفی بگۆڕێت بۆ سەپاندنی دەستووری و ڕێکارەکانی و ئیلتزامکردن بە ڕێککەوتنەکان و ڕێزگرتن لە فرەیی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینی لە عێراقدا.

**هەر زوو بارزانی هۆشداری ئەوەی بە هەمووان دا، کە نەبوونی متمانەی نێوان پێکهاتەکان درزێکی گەورەیە و ئەم بێ متمانەییە ناتوانێت سەقامگیری بەدوای خۆیدا بهێنێت**

**ڕوانگەی بارزانی ئەوەی نیشان دا، کە جۆری بیرکردنەوەی دەستەبژێری سیاسی لە عێراقدا نەگۆڕە و هەمیشە لەگەڵ ئەو هێڵە هاوتەریبە کە لایەک باڵادەست و لایەکیش ژێردەست بێت**



جەواد مەلەکشاهی بۆ گوڵان:

# بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی پێشنیازەکانی کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردی فەیلی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی دەستەیەکی دەرکردووە

# ئەو بڕیارانەی حزبی بەعس دژی کوردانی فەیلی دەری کرد، تاکو ئێستا ماون و لانەبراون و هەڵنەوەشاونەتەوە و هەنگاویش بۆ قەرەبووکردنەوەی کوردانی فەیلی هەڵنەگیراوە

**جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە یەکێك لە کۆمەڵکوژییەکانی ڕژێمی بەعس دادەنرێت، کە بۆ مەرامی شۆڤێنی دژی پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کورد ئەنجام دراوە، شۆڤێنییەکان بە هۆی زۆریی ژمارەی کورد لە بەغدا و بەشداربوونی کوردانی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلوول و خۆشەویستییان بۆ مەلا مستەفا بارزانی، ترس و نیگەرنییەکی زۆریان لە دژی ئەم پێکهاتە ڕەسەنەی کورد هەبوو. کوردانی فەیلی وێڕای ئەوەی زۆرینەیان خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقین، کەچی بە پاساوی جۆراوجۆر ئەو تاوانە قێزەوەنەیان دەرهەق ئەنجام درا. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کوردی فەیلی جەواد مەلەکشاهی ساز دا، کە لە بەغدا بەڕێوەبەری ڕادیۆی (الشفق) بووە و، لە ئێستادا (بە وەکالەت) سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التاخی)یە. لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** ئەو ڕەشبگیری و جینۆسایدەی کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٠ تاوەکو ١٩٨٨ لە عێراقدا بەرانبەر کوردانی فەیلی ئەنجام دران، وەکو دیکۆمێنتکاری کاری زۆری لەسەر نەکراوە و جۆرێك لە شاردنەوە و ناڕوونی پێوە دیارە، با سەرەتا پرسیارەکەمان بەوە دەست پێ بکەین، لەژێر چ پاساوێکدا حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەتایبەتی ڕژێمی بەعس ئەو تاوانە دڕندانەیەیان دژی کوردانی فەیلی ئەنجام داوە؟**

- زاڵبوونی مۆرکی نەتەوەیی کورد لای کوردانی فەیلی و خۆشەویستییان بۆ مەلا مستەفا بارزانی و بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلوول، وای لە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کرد، بەتایبەتی ڕژێمی بەعس کەوا ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆریان بەرانبەر کوردانی فەیلی هەبێت، هەر ئەمەش بوو وای کرد، زیاتر لە نیو ملیۆن کوردی فەیلی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران بکرێن و ڕەشبگیری دژی گەنجەکانیان دەست پێ بکرێت و دواتر شوێن بزریان بکەن، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە لە عێراقدا پێکهاتەی عەرەبی شیعە زۆر زیاترە لە کوردانی فەیلی، کەچی ڕووبەڕووی شاڵاوێکی وا دڕندانە و فراوان نەبوونەتەوە، کوردانی فەیلی لە بەغدا بەتایبەتی بە لایەنگری مەلا مستەفا بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ناسرا بوون، ژمارەیەکیشیان لەناو ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقدا بوون، بەڵام ئەو سەردەمە کە حزبی ئیسلامی بەو ڕاددەیە دەسەڵاتی نەبوو، بۆیە ئەوان بە پاڵپشتی مەلا مستەفا بارزانی سیمبولی نەتەوەیی و شۆڕشی کوردستانی ناسرا بوون، ئەمە وێڕای ئەوەی چڕی و زۆریی دانیشتووانی کوردەکان لە بەغدا کە زۆرینەیان کوردی فەیلی بوون و تەنانەت زۆربەی ناوچە دەوڵەمەندەکانی لای بەشی ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی عێراقیشیان بە دەستەوە بوو. هەموو ئەم هۆکارانە وایان کرد، ڕژێمی بەعس گەورەترین پاکتاوکردنی

**کوردانی فەیلی لە بەغدا بەتایبەتی بە لایەنگری مەلا مستەفا بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ناسرا بوون**

**جێگای سوپاس و دەستخۆشییە لەسەر داوا و سەرپەرشتیی سەرۆک بارزانی کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی بەڕێوەچوو**

جینۆساید دژی کوردی فەیلی ئەنجام بدات، ئەو سەردەمە بازاڕی شۆرِیجە لە بەغدا کە گەورەترین بازاڕ بوو، نەك تەنیا لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو بازاڕەکە لەئاستی هەموو ناوچەکەش ناوبانگێکی زۆری هەبوو، لەناو ئەم بازاڕەی شۆریجەدا زۆرینەی بازرگان و کاسبکار و پیشەوەرەکانی لە نەتەوەی کورد بوون، تەنانەت گەڕەکەکانی دیکەشی کە بە «گەڕەکی کوردان–حی الاکراد» بەناوبانگ بوون، زۆرینەی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی بەغدای لێ نیشتەجێ بوون، هەر سرووشتی پایەتەختەکان خەسڵەتێکی مەدەنی و شارستانی پێوە دیارە و دانیشتووانەکەی زیاتر سەرقاڵی کاری فەرمانبەری و وەزیفەی حکومەت و کاری مەدەنی و بازرگانین و، زۆر خولیای شەڕ و سەربازی نین، بەڵام ئەم عێراقە هەر لە مێژووی دروستبوونیەوە ئەمە قەدەری بووە، کەوا کەسانی شۆڤێنی حوکمیان لە دەستدا بووە و کوردیان قەتڵوعام کردووە، لە حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانیشدا ئەم شاڵاوانە دژ بە کوردی فەیلی گەیشتنە لوتکە، بەتایبەتی کە حزبی بەعس لە ساتەوەختی خۆئامادەکردن بوو بۆ بەرپاکردنی شەڕێکی قورس لە دژی ئێران.

*** کەواتە لە ساڵی ١٩٨٠ بیانووی «التبعیة الایرانیة» و هەروەها ڕووداوەکەی تەقینەوەی زانکۆی موستەنسرییە تەنیا پاساوێك بوو بۆ جێبەجێکردنی هەڵمەتی جینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی؟**

- زۆربەی ڕێژەی دانیشتووانی کوردی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدای پایەتەخت و لە تەواوی ناوچە دەوڵەمەندەکانی نەوت و گازی سرووشتی لە ڕۆژهەڵاتی عێراق بەتایبەتی لە خانەقین و دیالە، ئەمە هەمووی وای کرد ڕق و قینی شۆڤێنییەکان دژ بە کورد و ئەندام و لایەنگرانی مەلا مستەفا بارزانی لەناو پارتی زۆر هەڵبکشێت، ئەوە بوو زیاتر لە نیو ملیۆن کوردی فەیلی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران و لە ڕەشبگیرییەکی فراوانیشدا کە دژی ژمارەیەکی زۆری گەنجانی کوردی فەیلی دەستی پێ کرا و ڕاپێچی زیندانەکانی ئەبوغرێب و نوگرەسەلمان و زیندانەکانی موخابەراتیان کردن و دواتر بێسەروشوێن کران، ئیتر بابەتی «التبعیة الایرانیة» و تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییە ئەو بیانووە بوو بۆ هێرشکردنە سەر کورد، کوردانی فەیلی حەزیان بە خزمەتی بە زۆرەملێی سەربازی نەدەکرد، بۆیە خۆیان بە «التبعیة الایرانیة» هێشتبۆوە، هەرچی تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییەش بوو، ئەو دەمە زۆر بە دەگمەن کوردی فەیلی دەچوونە ناو ڕیزەکانی حزبی دەعوەوە هەر خۆی لە خۆیدا حزبی ئیسلامی لە عێراقدا زۆر لاواز بوو، ئێ خۆ ڕەشبگیری و دەرکردنی کوردانی فەیلی لە سەردەمی ڕەشید عالی گەیلانی لە ساڵی ١٩٤٨وە دەستی پێ کردووە و هەندێك کوردی فەیلیان ڕاگوازتەوە بۆ ئێران، لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ هاتنی حزبی بەعس بۆ سەر دەسەڵات ئەم ژمارەیە بۆ ١٠٠ هەزار کەس زیادی کرد، تا شاڵاوە گەورەکەی ١٩٨٠ کە نزیکەی نیو ملیۆن کوردی فەیلی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران و ٢٢ هەزار گەنجی فەیلیش دوای ئەوەی دەستگیر کران و لە خێزانەکانیان جیا کرانەوە، ڕاپێچی زیندانەکان کران و بێسەروشوێن کران، بۆیە هەموو شاڵاو و دەرکردنەکە بۆ تەعریب و لێدانی پێگەی کورد بوو لە عێراق، ئەو دەمە تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، لە ناوچەکانی کوردانی فەیلی تەعریبێکی بەرنامەداڕێژراو بەردەوامە و تا دێت مەترسیدارتر دەبێت.

*** کوردانی فەیلی خاوەن کەسایەتیی نەتەوەیین، ڕاستە ئەوان ڕێز لە مەزهەبەکەشیان دەگرن، بەڵام بە پلەی یەکەم کوردبوونەکەیان زیاتر لا مەبەستە، ئایا تا چەند مەسەلەی مەزهەب کاریگەریی لەسەر لایەنی نەتەوەیی کوردانی فەیلی هەبووە؟**

- بابەتی کوردبوون و بابەتی مەزهەبی هیچ هاودژییەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە، ئایین و مەزهەب خوداپەرستییە لە نێوان تاك و خودا، خودای گەورە و میهرەبان هەموومانی خەڵق کردووە و بە جیاوازی نەتەوە و هۆز و تیرەوە، ئێمەش بە کوردی لەدایك بووین و خاوەنی زمانی دایکین کە کوردییە، لە سەردەمەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا ئەوەندە گرفتی مەزهەبی نەبووە، بۆیە لای کوردانی فەیلی

**ئەم عێراقە هەر لە مێژووی دروستبوونیەوە ئەمە قەدەری بووە، کەوا کەسانی شۆڤێنی حوکمیان لە دەستدا بووە و کوردیان قەتڵوعام کردووە**

**کوردانی فەیلی حەزیان بە خزمەتی بە زۆرەملێی سەربازی نەدەکرد، بۆیە خۆیان بە «التبعیة الایرانیة» هێشتبۆوە**

**دەرکردنی کوردانی فەیلی لە سەردەمی ڕەشید عالی گەیلانی لە ساڵی ١٩٤٨وە دەستی پێ کردووە و هەندێك کوردی فەیلیان ڕاگوازتەوە بۆ ئێران، لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ هاتنی حزبی بەعس بۆ سەر دەسەڵات ئەم ژمارەیە بۆ ١٠٠ هەزار کەس زیادی کرد**

**تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، لە ناوچەکانی کوردانی فەیلی تەعریبێکی بەرنامەداڕێژراو بەردەوامە و تا دێت مەترسیدارتر دەبێت**

بابەتی نەتەوەیی زۆر باڵادەستترە لەسەر بابەتی مەزهەبی. لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو تاکە حزبی کوردستانی کوردانی فەیلی بەشدارییەکی کارایان هەبوو، جەعفەر محەمەد کەریم لە کادیرە ناسراو و دامەزرێنەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، براکەی حەبیب محەمەد کەریم و یەدوڵڵا فەیلی و دەیان کوردی فەیلی دیکە لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بوون. لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە تەنیا کوردی فەیلی نەبووە کە جینۆساید کراون بە قێزەونترین و دڕندەترین شێوە قەتڵوعام کراون، ئەوەتا ئەنفالەکان و ڕووخانی زیاتر لە ٤٠٠٠ گوند و کۆڕەوە ملیۆنییەکە و جینۆساید و ئەنفالی بارزانییەکان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و لەم دواییەشدا جینۆسایدی کوردانی ئێزدی و داگیرکردنی خاك و تەعریبکردنی ناوچەکانمان هەمووی بەڵگەن لەوەی لە عێراقدا کورد جینۆساید کراوە.

*** ئایا پێت وانییە جینۆسایدی کوردانی فەیلی مافی تەواوەتی خۆی پێ نەدراوە و لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیشەوە لەلایەن عێراقەوە ئەم کەیسە گرنگە پشتگوێ خراوە و نەتوانراوە کوردانی فەیلی ئەو پێگە و دەسەڵاتەیان بۆ بگەڕێتەوە؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە، دەبێت ئەو ڕاستییە ئاماژەی پێ بکەین، جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە قۆناغێکی ناسك و هەستیاردا جێبەجێ کرا، ئەو دەمە ڕژێمی ئێران لە پاشایەتی بۆ کۆماری ئیسلامی گۆڕابوو، لە عێراق کێشەی ئاڵۆزمان بۆ خوڵقێندرابوو، لەویش بە هەمان شێوە تووشی کێشە بووینەوە و بارودۆخی ئابووری و نێودەوڵەتیی ئێران ڕووی لە خراپی کردبوو، زۆر سەخت بوو زۆربەی وڵاتانی جیهان پاڵپشتیی ڕژێمە نوێیەکەیان نەدەکرد، لە ئۆردوگاکانیش نەك تەنیا ڕەگەزنامەی ئێرانیمان نەبوو، بەڵکو هیچ بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراویشمان نەبوو کە ئێمە ئێرانی بین، تەنانەت گەنجەکانمان لە زانکۆکانی حکوومی قبوڵ نەدەکران، دەبوایە لە زانکۆ ئەهلییەکان بخوێنن، ئەویش بە پارەیەکی زۆر بوو، لە توانای زۆربەی ئاوارەکانی کوردانی فەیلیدا نەبوو. سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەش لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو و تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی لە ئێران نیشتەجێن و ناسنامەی ئێرانییان پێ نەدراوە و نەشگەڕاونەتەوە بۆ عێراق، هۆکارەکەشی نەبوونی هاوکاریی و یارمەتییە. لەلایەکی دیکەوە بارودۆخی عێراق و شەڕی عەرەبی سوننە و شیعە و شەڕی ناوخۆی کوردستان و دواتر شەڕی داعش و ناسەقامگیریی ئەم وڵاتە هاندەر نەبووە بۆ گەڕانەوەی کوردە فەیلییەکان، حکومەتی عێراق لە جووڵاندنی کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی زۆر کەمتەرخەم بووە، هەرچی هەیئەی ناکۆکیی موڵکایەتی عێراقیش هەیە، کە دادگایەکی تاقەتپڕوکێنی وا هاندەر نییە بۆ گەڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی، تەنانەت ئەو بڕیارانەی بەعس کە دژی کوردانی فەیلی دەری کرد، تاکو ئێستا ماون و لانەبراون و هەڵنەوەشاونەتەوە و هەنگاویشیان بۆ قەرەبووکردنەوەی کوردانی فەیلی هەڵنەگرتووە.

*** سەرۆك بارزانی لە دەستپێشخەرییەکدا لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی تاوانی دژ بە کوردانی فەیلی، هەرچی کوردانی فەیلی بوو بە جیاوازیی ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونیانەوە کۆی کردنەوە، ئایا ئەمە تا چەند بۆ ئێوە جێگای ئومێدە و داواکاریتان دوای ئەم کۆنفرانسە چییە؟**

- سەرۆك بارزانی بۆ ئێمەی کوردانی فەیلی مەرجەعی نەتەوەییمانە، جێگای سوپاس و دەستخۆشییە لەسەر داوا و سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی بەڕێوەچوو، چونکە سەرۆك بارزانی بەرگریکاری مافی هەموو کوردانە بە کوردانی فەیلیشەوە، ئەوەتا حکومەتی هەرێمیش سەرقاڵی دامەزراندنی هەیئەیەکی تایبەتن بە کوردانی فەیلی و لە لقی ٥ی پارتی لە بەغدا لیژنەیەك دامەزراوە بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی کۆنفرانسەکە و لە هەموو لایەك هەوڵەکان دەستی پێ کردووە، ئەگەر مافەکانیشمان بۆ نەگەڕێتەوە، ئێمە هەر کوردین و ئامادەین بۆ هەموو بەرگریکردن و خزمەتێکی نەتەوە و خاکەکەمان.

**لە ئۆردوگاکانیش نەک تەنیا ڕەگەزنامەی ئێرانیمان نەبوو، بەڵکو هیچ بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراویشمان نەبوو کە ئێمە ئێرانی بین، تەنانەت گەنجەکانمان لە زانکۆکانی حکوومی قبوڵ نەدەکران**

**لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو و تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی لە ئێران نیشتەجێن و ناسنامەی ئێرانییان پێ نەدراوە**

**حکومەتی عێراق لە جووڵاندنی کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی زۆر کەمتەرخەم بووە**

**ئەگەر مافەکانیشمان بۆ نەگەڕێتەوە، ئێمە هەر کوردین و ئامادەین بۆ هەموو بەرگریکردن و خزمەتێکی نەتەوە و خاکەکەمان**

ئەمیر عوسمان
بەڕێوەبەری پێکەوە ژیانی ئایینەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ گوڵان:

# نوێژکردنی قەداسەتی پاپا لە هەولێر بەڵگەیەک بوو کە هەرێمی کوردستان ڕێز لە مرۆڤایەتی و ئایین و ئایینزا جیاوازەکان دەگرێت



پێکەوەژیانی ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە سایەی سەرۆك بارزانی تا دێت بەهێزتر و قووڵتر دەبێتەوە، ئەمەش سیمایەکی جوانی هەرێمی کوردستانە، بەتایبەتی هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێکەوە ژیانی ئایین و ئایینزاکانی زیاتر گەشە پێ داوە، بۆ زیاتر تاوتوێکردنی ئەو پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەمیر عوسمان بەڕێوەبەری پێکەوەژیانی ئایینی لە ناو وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ساز دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

# لە کۆنفرانس و سیمنارە نێودەوڵەتییەکاندا پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و ئایینیی کوردستان وەک نموونەی جوانی ئاشتیخوازی و مرۆڤایەتی سەیر دەکرێت

*** بەپێی ئەوە پەیوەندییانەی ئێوە هەتانە لەگەڵ هەموو ئایینە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان، چۆن سەیری ئەو پێکەوە لە ژیانە هەرێمی کوردستان دەکەن و، سەرنجی وڵاتانی دونیا بۆ ئەو پێکەوە ژیانە چۆنە و ڕەگ و مێژووی ئەو پێکەوە ژیانە لە کوردستان بۆ کەی دەگەڕێننەوە؟**

- هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەڤەری بارزان لانکەی بەرخۆدان و شۆڕش بووە و لە ڕووە ئایینییەکەشیەوە شوێنی پێکەوە ژیانی ئایینی و ئایینزاکان بووە، شوێنەوارەکانی مزگەوت و کەنیسە و پەرستگا کە شوێنی خوداپەرستیی پەیرەوانی ئایینەکان و ئایینزاکان بوون، جوانترین بەڵگەیە.

شێخ عەبدولسەلام بارزانی تا دەگاتە شێخ ئەحمەدی بارزان و مەلا مستەفا بارزانی و لەوانیشەوە بۆ سەرۆك مسعود بارزانی، پێکەوە زنجیرەیەکی بە یەکەوە بەستراون و بوونەتە گەنجینەیەکی پێکەوە ژیانی ئایینی و ئایینزا و نەتەوە جۆراوجۆرەکان و مرۆڤایەتی دەبێت شانازی پێوە بکات. هەر ئەمەشە وای کردووە، کورد گەلێکی ئاشتیخواز بێت و وێڕای ئەو هەموو جینۆساید و ئازاردانەی کورد، کەچی بە هانای ئاوارەکانەوە هاتن کاتێك تیرۆریستانی داعش پەلاماریان دان، هەروەکو چۆن لە مێژوودا کلدان و ئاشووری و ئەرمەنی و سریانی و تورکمان و دەیان مەزاهبی جۆراوجۆری دیکە پێکەوە ژیاون و هیچ کێشەیەکی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان ڕووی نەداوە، بۆیە دەتوانین بڵێین کورد لە جیناتیدا پێکەوە ژیان لای بووەتە فەرهەنگ و کەلتوورێکی دەوڵەمەند و بەکردار بەرجەستەی کردووە. مەلا مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی پێکەوە کۆکردەوە و بەرگری لە هەمووان دەکرد و ئەوانیش لە دەوری کۆبوونەوە و شۆڕشێکی گەورەی سەرتاسەرییان هەڵگیرساند و ئەرك و بەرپرسیارێتی بێ جیاوازی بە هەموویان سپارد و، خۆی بە داکۆکیکاری سەرسەختی پێکهاتەکانی کوردستان بێ جیاوازی دەزانی، لە ئێستاشدا سەرۆك بارزانی درێژەپێدەری ئەو پێکەوە ژیانەیە و بووەتە یەکێك لە بەهێزییەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستان. بەپێی ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ ئایین و ئایینزاکان لە دەرەوەی هەرێم هەمە، لای ئەوان هەرێمی کوردستان وەکو پێگەیەکی ئارام و سەقامگیر و هەرێمێك بۆ ژیان و ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکرێت و متمانەی تەواویان بە سەرۆك بارزانی و خەڵکی کوردستان هەیە و گەورە پایەتەختەکانی ئەورووپا و ڕۆژئاوا و جیهان بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە پێکەوە ژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان. لە زۆربەی کۆنفرانس و سیمینارەکانی نێودەوڵەتیدا کە لە نزیکەوە بەشداریم تێدا کردوون، پێکەوە ژیانی ئایینی و ئایینزاکانی کوردستان بە نموونەی جوانی و ئاشتیخوازی و مرۆڤایەتی سەیر دەکرێت، بەتایبەتی کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەکو یەك پێکهاتە مامەڵە و بەشدارییان پێ کراوە و ماف و تایبەتمەندییەکانیان ڕێزی لێ نراوە.

*** باسی حکومەتی هەرێمی کوردستانت کرد لە ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان، ئایا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تا چەند گرنگیی زیاتر بە پێکهاتەی ئایینی و ئایینزاکان دراوە؟**

**جەنابی سەرۆک بارزانی داوای کردووە و فەرمانی داوە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان ئەندامیان لە لیژنەی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری کوردستان هەبێت**

**هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەڤەری بارزان لانکەی بەرخۆدان و شۆڕش بووە و لە ڕووە ئایینییەکەشیەوە شوێنی پێکەوە ژیانی ئایینی و ئایینزاکان بووە**

**وێڕای ئەو هەموو جینۆساید و ئازاردانەی کورد، کەچی بە هانای ئاوارەکانەوە هاتن کاتێک تیرۆریستانی داعش پەلاماریان دان**

**گەورە پایتەختەکانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا و جیهان بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە پێکەوە ژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان**

**لە زۆربەی کۆنفرانس و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا بانگهێشتی نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتییە ئایینی و ئایینزاکانی کوردستان دەکرێت**

**لە کابینەی نۆیەمدا چەندین کەنیسە بۆ کریستیانەکان و چەندین پەرستگا بۆ کوردانی ئێزدی و کاکەیی و ئەوانی دیکە نۆژەن و دروست کراون**

**لە وەزارەتی ئەوقاف وەک پیاوانی ئایینی ئیسلام حیساب بۆ پیاوانی ئایینی کریستیان و ئێزدی و هەموو ئایین و ئایینزاکان کراوە**

- لە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری باش بۆ پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکان کراوە، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا بە فەرمی لەسەر دەستی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوە ژیان لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا خرایە سەر نەخشەی جیهانی و وەکو نموونەیەکی سەرکەوتوو لە ناوچەکەدا سەیر دەکرێت، تەنانەت لە زۆربەی کۆنفرانس و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا بانگهێشتی نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتییە ئایینی و ئایینزاکانی کوردستان دەکرێت و کورد بۆ خۆی پانێڵی لەسەر پێکەوە ژیان و ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان هەیە، بێگومان ئەوەی زیاتر وای کرد کە ئێمە بگەینە ئەو قۆناغە جوان و دیارە، کار و پرۆژەکانی کابینەی نۆیەم بوو بۆ هەموو ئایین و ئایینزاکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بۆ نموونە:

یەکەم: بەشداریی کارا و ڕاستەوخۆی ئایین و ئایینزاکان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: دامەزراندنی وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری پێکهاتەکان لە کابینەی نۆیەمدا و وەزراەتێکی دیکەش کە وەزیرەکەی کریستیانە.

سێیەم: دامەزراندنی چەندین بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیی تایبەت بە پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و دامودەزگاکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

چوارەم: لە کابینەی نۆیەمدا چەندین کەنیسە بۆ کریستیانەکان و چەندین پەرستگا بۆ کوردانی ئێزدی و کاکەیی و ئەوانی دیکە نۆژەن و دروست کراون.

پێنجەم: بە یاسا لە وەزارەتی ئەوقاف وەک پیاوانی ئایینی ئیسلام حیساب بۆ پیاوانی ئایینی کریستیان و ئێزدی و هەموو ئایین و ئایینزاکان کراوە.

شەشەم: بە قەزابوونی ناحیەی عەنکاوە، لە ڕووی ئیداری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر و باشتر دەکات و ئەمە ئەوپەڕی گرنگیدانی حکومەتی کوردستانە بە کریستیانەکان.

حەوتەم: هەموو کەسێك لە ئایین و ئایینزاکان کە لە هەرێمی کوردستان دەژین، مافی عیبادەت و مەراسیمی ئایینیی خۆیان هەیە، وەك سابیئەی مەندائی و بەهائییەکان و زەردەشتی و کاکەیی و.. تاد.

*** ئایا ڕەنگدانەوەی ئەم سیاسەت و ستراتیژەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوە ژیان و یەکتری قبووڵکردن تا چەند هەماهەنگی و هاریکاری لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان دروست کردووە؟**

- لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، گرنگییەکی زۆری بە پێکەوە ژیانی نێوان ئایین و ئایینزاکان داوە، تەنانەت لە ڕووی کرداریشەوە کاری لەسەر کراوە و پەیوەندییەکی زۆر باش لە نێوان ئایین و ئایینزاکانی کوردستان هەیە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لە ئێستادا لە هەموو کات زیاتر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە نێوان ئایین و ئایینزاکان هەیە، پەیوەندیی نێوان یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان لەگەڵ هەموو پیاوانی ئایینی و ئایینزاکانی کوردستان بەهێزە و ماموستایانی ئایینی ئیسلام و پیاوانی ئایینزاکانی دیکەی کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێواندا هەیە، هەر ئەمەشە وای کردووە، هەموو پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان لە ژێر پەرچەم و ئاڵای کوردستان و سروودی نیشتمانیی کوردستان کە (ئەی ڕەقیب)ـە کۆبوونەتەوە و شانازی بەو پابەندییەی خۆیانەوە دەکەن، هەر ئایین و ئایینزایەك بە دیدگا و بیروباوەڕی خۆیان، هەموویان خۆیان بە کوردستانی دەزانن و دوارۆژی خۆیان و چارەنووسیان لەوەوە دەبیننەوە. لە هەرێمی کوردستان ئایین و ئایینزاکان بە تەواوی بۆیان ڕوون بووەتەوە لە سایەی حەکیمی و کاریزمای سەرۆك بارزانی کە مەرجەعی هەموو لایەکە، سیاسەتی توانەوە، یان لەباربردنی هیچ ئایین و ئایینزایەك پەیڕەو ناکرێت، بە پێچەوانەی زۆر وڵات و ناوچەی دونیاو، ئایین و ئایینزاکان هەموان پێکەوە بە زمان و کەلتوور و ڕەسەنایەتیی خۆیان، بە ئازادی مومارەسەی ژیان و پیرۆزی و عیبادەتی خۆیان دەکەن. هەروەها کابینەی

نۆیەم لەسەر سیاسەتی یەکگرتن و پێکەوە ژیان کار دەکات، بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئەو کۆمەڵگەیەی هەرێمی کوردستان، هەر ئەمەشە وای کردووە، وەبەرهێنەرانی وڵاتان بۆ کار و پرۆژەی ستراتیژی ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن.

*** هاتنی قەداسەتی پاپا بۆ پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ چ هۆکارێك دەگەڕێنیتەوە؟**

- هاتنی قەداسەتی پاپای فاتیکان بۆ هەرێمی کوردستان ڕووداوێکی مێژوویی زۆر گرنگ بوو، نوێژکردنی لە هەولێر، بەڵگەیەك بوو، بەوەی لەم هەرێمە ڕێز لە مرۆڤایەتی و ئایین و ئایینزاکان دەگیرێت و لە نزیکەوە ئەو ڕاستییەی بینی، هەموو ئەمانە ئیعترافکردنێك بوو بە قەوارەی هەرێمی سەربەخۆی فیدڕاڵی و پاراستنی، بڕیاریشە بەڕێز شیخی ئەزهەر ئەگەر بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی عێراق لەبار بێت، سەردانی بەغدا و هەولێر بکات، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان و بوونی پێکەوە ژیان لە نێوان ئایین و ئایینزاکاندا.

*** پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڤاتیکان و ڕێکخراوە ئایینی و ئایینزاکانی دونیا چۆنە؟**

- پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە سەرەتاوە تا ئێستا لەگەڵ ڤاتیکان و قەداسەتی پاپا زۆر باش و بەهێز بووە و، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی ڤاتیکانیش جەنابی سەرۆك بارزانی سەردانی ڤاتیکانی کردووە و لەوپەڕی بەهێزی و بەرپرسیاریەتی پێشوازی لێ کراوە، هاوکات ڕێزداران نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی بە هەمان شێوە سەردانی ڤاتیکان و قەداسەتی پاپایان کردووە، هاتنی قەداسەتیش بۆ هەولێر بەڵگەیەکی ئەو پەیوەندییە دیار و بەهێزەیە. ئێمە لە ڕێگای حکومەت و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینییەوە پەیوەندیی باش و بەهێزمان لەگەڵ چەندین وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی و ڕێکخراوی ئایینی لە دونیادا هەیە، لەوانە: لەگەڵ کۆمیسیۆنی ئازادیی ئایینی لە ئەمریکا، لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو ئەو کۆمیسیۆنە ڕاپۆرتی خۆی ئەنجام داوە لەسەر هەرێمی کوردستان بە جیا و ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش بە جیا، کە ئاماژەیان بەوە کردووە، هەرێمی کوردستان لە ڕووی پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و ئایینییەوە دوورگەیەکی ئارامە بۆ پارێزگاریکردن لە مافی پێکهاتە و کەمینەکان، لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپا و ئەو وڵاتانەی خاوەن بڕیارن و لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی ئایینی و ئایینزای جیهانییش پەیوەندی باش و بەردەوامان هەیە و تاوتوێی ڕووداو و بەسەرهاتە هەنووکەیی و ئایینی و ئایینزاکان دەکەین، لەوانە لەگەڵ ئەڵمانیا و فەرەنسا و...تاد. هاوکات پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ ڕێکخراوی (یونیتات) هەیە کە ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە جیهانییە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە و کار لەسەر تاوانەکانی جەنگ و ناساندنی تاوانەکان بە جینۆساید دەکات، ئێمە هەستاوین بە پێدانی ئەو دیکۆمێنتانەی کە دەرهەق بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکرێت، بەتایبەت ئەو ناهەقی و بەڵگانەی کە تیرۆریستانی داعش دەرهەق بە کەمینەکانی ئەو ناوچانە کردوویەتی.

*** سەرۆك بارزانی بۆ نووسینەوەی دەستوور داوای کردووە، نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە لێژنەی نووسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەشدار بن، چۆن سەیری ئەم بڕیارە دەکەن؟**

- لە ساڵی ٢٠١٥ لە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٥) دەرچوو بۆ ڕێکخستن و کاروباری پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان، ئەو سەردەمە جەنابی سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەرسوومی پێ دەرهێناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێکهاتەکان و ئایین و ئایینزاکان هەرچی ماف و داواکارییەکیان هەیە، بۆیان جێبەجێ دەکرێت، ئەمە جیاوازییەکی زۆر گەورەیە لەگەڵ ئەو مەرسوومەی لەم دواییانەدا سەرۆك کۆماری عێراق دەرهەق بە کریستیانەکانی کرد. جەنابی سەرۆك بارزانی داوای کردووە و فەرمانی داوە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان ئەندامیان لە لێژنەی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری کوردستان هەبێت، تاوەکو خۆیان ماف و بەرژەوەندییەکانیان لە دەستوورەکەدا بنووسنەوە.

**بە قەزابوونی ناحیەی عەنکاوە، لە ڕووی ئیداری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر و باشتر دەکات و ئەمە ئەوپەڕی گرنگیدانی حکومەتی کوردستانە بە کریستیانەکان**

**لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، گرنگییەکی زۆری بە پێکەوە ژیانی نێوان ئایین و ئایینزاکان داوە**

**پەیوەندیی نێوان یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان لەگەڵ هەموو پیاوانی ئایینی و ئایینزاکانی کوردستان بەهێزە**

**هەموو پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان لە ژێر پەرچەم و ئاڵای کوردستان و سروودی نیشتمانیی کوردستان کە (ئەی ڕەقیب)ـە کۆبوونەتەوە و شانازی بەو پابەندییەی خۆیانەوە دەکەن**



ئەکرەم ساڵح

بەرپرسی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# دابینکردنی پێداویستییەکانی کفری لەلایەن مسرور بارزانی و بەرزکردنەوەی پلەی شارەوانییەکەی جێگەی خۆشحاڵیی هاووڵاتیانە

# دانیشتووانی کفری دەیانەوێت ئاستی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی لە شارەکەیان بەرز بکرێتەوە و پڕۆژەی ستراتیژی لە شارەکەیان ئەنجام بدرێت و هەلی کاری زیاتر بڕەخسێندرێت

**کفری ئەو شارە مێژوویی و گرنگەی دەڤەری گەرمیانە کە خەڵکەکەی لە شۆڕشی ئەیلول و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ڕۆڵی کارای هەبووە، پشتگوێخستنی خزمەتگوزارییەکان و کەمبوونەوەی هەلی کار لەلایەن ئیدارەی ناوچەکەوە وای کردووە، ڕێژەی کۆچکردنی خەڵکی کفری ڕوو لە زیادبوون بکات، بۆیە ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی کفری بە شێوەیەکی شارستانی بەرانبەر پەراوێزخستنی شارەکەیان و نزمیی ئاستی خزمەتگوزارییەکان دەستیان بە خۆپیشاندان کرد. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەرچی بە هۆی دەستتێوەردانی حزبی و ڕێگری لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و بەجێگەیاندنی ئەرکی حوکمڕانی لەو زۆنەدا نەتوانراوە هەموو خزمەتگوزارییەك و پڕۆژەیەك لەم دەڤەرە ئەنجام بدات، بەڵام هەر لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکاندا مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای پەیامەکەی لە ڕووی کرداریشەوە هەنگاوی بە پەلەی نا بۆ گەیاندنی هەندێك لە خزمەتگوزارییەکانی و وەزیرەکانیشی ڕاسپارد، بە دەم داواکاریی خەڵکی نارازییەوە بچن. گۆڤاری گوڵان سەبارەت بەم پرسە چەند پرسیاری ئاراستەی ئەکرەم ساڵح بەرپرسی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد و بەم جۆرە وەڵامی داینەوە.**

*** سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکیدا بۆ خۆپیشاندەرانی کفری ڕاستەوخۆ لیژنەیەکی پێکهێنا و دواتر بە دەنگ ژمارەیەك لە داواکارییەکانی خەڵکی کفرییەوە چوو، بەتایبەتی بەرزکردنەوەی پلەی سەرۆکایەتیی شارەوانیی کفری، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی حکومەت بۆ خەڵکی کفری و گەرمیان بەگشتی گرنگ بوو؟**

- قەزای کفری یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی کوردستان و دەڤەری گەرمیان، هەڵبەت چەندساڵێکە دانیشتووانەکەی هەست بە پەراوێزخستن دەکەن لە لایەن ئیدارەی ناوچەکەوە، بە هۆی ئەو فەرامۆشکردنەوە بەردەوام شارەکە لە ڕووی خزمەتگوزاری و ئاوەدانییەوە لە پاشەکشەدایە. هەر بۆیە خەڵکە خەمخۆرەکەی ماوەیەکە بە شێوەیەکی شارستانی دەستیان بە خۆپیشاندان کردووە، بۆ ئەوەی ئاوڕێکی باشتر لە شارەکەیان بدرێتەوە و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان باش بکرێن و، ژمارەیەکیش پڕۆژەی گرنگی ناوچەکە جێبەجێ بکرێن. سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڕێز کاك مسرور بارزانی هەر لە سەرەتاوە بە دەنگ داواکاریی خەڵکی شارەکەوە هات و لیژنەیەکی نارده لای خۆپیشاندەران و گفتوگۆی لەگەڵدا کردن، لە ماوەی کورتدا زۆرینەی داخوازییە هەنووکەییەکانی بۆ جێبەجێ کردن، ئەمەش سەرەتایەکی باشە بۆ ئاوڕدانەوە لە خەڵکی کفری و گەڕانەوەی هیوا بۆ خەڵکی شارەکە، هەر بۆیە پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا.

**بەڕێز مسرور بارزانی هەر لە سەرەتاوە بە دەنگ داواکاریی خەڵکی شارەکەوە هات و لیژنەیەکی نارده لای خۆپیشاندەران و گفتوگۆی لەگەڵدا کردن**

*** داواکاریی خەڵکی نارازی و خۆپیشاندەری کفری چییە؟ ئایا تا چەند ئەم قەزایە لەلایەن ئیدارەی ناوچەکەوە پشتگوێ خراوە؟**

- دانیشتووانی ڕەسەنی کفری دەیانەوێت ئاستی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی لە شارەکە بەرز بکرێتەوە و پڕۆژەی ستراتیژی لە شارەکەیان ئەنجام بدرێت و هەلی کاری زیاتر بڕەخسێندرێت بۆ ئەوەی کۆچی خەڵکی شارەکە بەتایبەتی کۆچی گەنجان ڕابگرن بۆ شارەکانی دیکە

خەڵکی شارەکە هیوایان وایە حکومەتی هەرێم زیاتر ئاوڕیان لێ بداتەوە و لە پلانی ستراتیژیی خۆیدا کفری لە بەرچاو بگرن

ئاستی بەڕێوەبردن و کارگێڕی لەم زۆنە لە پاشەکشەدا بووە و دەستتێوەردانی حزبی گەیشتووەتە ئاستێک سیمای حکومەت کاڵ بووتەوە

ڕێگای (کەلار - دەربەندیخان- زەڕایەن) کە بووەتە ڕێگەی مەرگ لە ساڵی ٢٠١٣وە بەردی بناغەی دانراوە، بە داخەوە تاکو ئێستاش تەواو نەکراوە، بەو هۆیەشە دەیان هاووڵاتی گیانیان لە دەست داوە

هەمیشە هەوڵمان داوە فاکتەری سەقامگیری و پردی پەیوەندیی نێوان خواستەکانی خەڵک و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بین

و پێگەی مێژوویی شاری کفری لە دەڤەرەکە بە گەشاوەیی وەکو شارێکی دێرینی کوردستان بەردەوام بێت، بۆیە بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئەنجامدانی پرۆژەکانی ئاوەدانی و چاککردنەوەی ڕێگاوبان و شەقامەکان و ئەنجامدانی چەند پرۆژەی ئاوی خواردنەوە بەشێکی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بوون.

*** پێشکەشکردنی سێ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن و نۆژەنکردنەوەی ١٦ قوتابخانە و مۆڵەتدان بە کارگەی گەج و لێدانی پێنج بیری ئاوی خواردنەوە و دابینکردنی پێداویستیی ٢٤ تیپ و داواکردنی وەزیرەکان بۆ بەهاناوەچوونی داواکارییەکانی خەڵکی کفری تا چەند جێگای دڵخۆشیی خەڵکی کفری بوو؟**

- دابینکردنی ئەو پێداویستییانە لەلایەن بەڕێز سەرۆك وەزیران مسرور بارزانی و جێبەجێکردنی بە شێوەکی خێرا و ڕاستەوخۆ، کارێکی گرنگ بوو، چونکە هەموو بەڵێنەکان چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو کارانە و ڕاسپاردنی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاوڕدانەوە لە شارەکە و بەرزکردنەوەی پلەی شارەوانیی کفری بۆ پلە یەك جێگەی خۆشحاڵیی هاووڵاتیانی شارەکەیە بەگشتی و ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەیە و جێگەی پێزانینە لەلایەن خەڵکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی شارەکە هیوایان وایە حکومەتی هەرێم زیاتر ئاوڕیان لێ بداتەوە و لە پلانی ستراتیژیی خۆیدا کفری لە بەرچاو بگرن، بە ئەنجامدانی هەندێك پرۆژەی ستراتیژی لە ڕووی ڕێگاوبان و گەشتوگوزار و پیشەسازی و کشتوکاڵ بۆ ئەوەی ئاوەدانی و هەلی کاری زیاتر بۆ دانیشتووانەکەی برەخسێت .

*** مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵێنی داوە خزمەتکاری خەڵکی بێت، بەڵام ئایا تا چەند ڕێگری دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەرمیان بەگشتی و کفری بەتایبەتی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی بکات؟**

- بە شێوەیەکی گشتی لەم ساڵانەی دواییدا ئاستی بەڕێوەبردن و کارگێڕی لەم زۆنە لە پاشەکشەدا بووە و دەستتێوەردانی حزبی گەیشتووەتە ئاستێك سیمای حکومەت کاڵ



بووتەوە، ئەمەش وای کردووە کۆسپی زۆر لە بەردەم کارەکانی حکومەتی هەرێم دروست بێت و نەتوانێت کارەکانی خۆی بە باشی لەم ناوچەیانە بەڕێوە ببات، ئەمە سەرەڕای پەرەسەندنی گەندەڵی و قاچاخچێتی و بەهەدەردانی داهاتی گشتی، کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی داهات و دابەزینی ئاستی خزمەتگوزاری و وەستانی پرۆژەکان.

*** سەبارەت بە ڕێگاوبانەکان بەتایبەتی ڕێگای کفری و ڕێگای دەربەندیخان – کەلار بۆچی چەندین جار کارکردن لەسەری ڕاوەستا؟ تا چەند گرنگە بایەخ بە ڕێگاوبانەکانی گەرمیان بدرێت و ئەو ڕێگایەی کەلار- دەربەندیخان- زەڕاین جێبەجێ بکرێت کە لە ساڵی ٢٠١٣وە بەردی بناغەی بۆ دانراوە؟**

- ڕێگاوبانی هەر وڵاتێك کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر سیمای گشتی و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە، هەڵبەتە ڕێگای (کەلار–دەربەندیخان- زەڕایەن) کە بووەتە ڕێگەی مەرگ لە ساڵی ٢٠١٣وە بەردی بناغەی دانراوە، بە داخەوە تاکو ئێستاش تەواو نەکراوە، بەو هۆیەشە دەیان



هاووڵاتی گیانیان لە دەست داوە، ئەمە جگە لە زیانی ماددی، لەگەڵ ئەمەشدا ماوەیەکە کارکردن لە ڕێگەی کەلار—دەربەندیخان دەستی پێ کردووەتەوە، بەو هیوایەی چیتر ڕانەوەستیت، تا تەواو دەکرێت.

*** ئێوە وەکو لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، تا چەند بەپەڕۆشن بۆ هاوکاری و پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکانی حکومەت و خزمەتگوزارییەکانی گەرمیان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری؟ بۆچی حزبی دیکە هەیە، پێیەکی لە حکومەتە و پێکەی دیکەی لە ئۆپۆزسیۆن و خزمەت ناکات؟**

- هەر چەندە بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە هەیە، ئێمە بەشدار نین لە ئیدارەی سنوورەکە، بەڵام هەمیشە هەوڵمان داوە فاکتەری سەقامگیری و پردی پەیوەندیی نێوان خواستەکانی خەڵك و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بین، ئەوەی لە تواناماندا بووبێت، درێغیمان نەکردووە و لە خزمەتی خەڵکی خۆشەویستی گەرمیاندایین.

*** ڕۆڵی گەرمیانییەکان لە شۆڕشی ئەیلوول و ڕاپەڕین و شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش تا چەند جێگای تەقدیر و گرنگ بوو؟ ئایا سەرۆك وەزیران کە دەڵێت بە ڕۆحییەتێکی گەرمیانییانەوە لەگەڵتان دەبم، چی لێ دەخوێنیتەوە؟**

- بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەکە، دەڤەری گەرمیان کەوتووەتە سەر هێڵی ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەگەڵ ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، ئەوەش وای کردووە هەر لە سەرەتای شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە تاکو ئێستا گەرمیانییەکان ڕۆڵی قارەمانانەیان بینیوە لە بەرگریکردن لە گەل و خاکی پیرۆزی کوردستان، لەم پێناوەشدا هەزاران شەهید و ئەنفالیان پێشکەش بە خاکی کوردستان کردووە، بۆیە گەرمیان ئەو ناوچەیەیە کە مرۆڤ شانازی پێوە بکات، ئەو وتەی جەنابی سەرۆکی حکومەت لە جێگەی خۆیدایە لە ڕوانگەی خەمخۆرییە بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان، چونکە گەرمیانییەکان خەڵکی ئازا و دڵسۆز و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرن و شایستەی هەموو خزمەتێکن.

**هەر لە سەرەتای شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە تاکو ئێستا گەرمیانییەکان ڕۆڵی قارەمانانەیان بینیوە لە بەرگریکردن لە گەل و خاکی پیرۆزی کوردستان**




پڕۆفیسۆر لاری کاتا بۆ گوڵان:

# گەندەڵی بووەتە کێشەی بەردەوامی ناو سیستمە سیاسییەکان، بۆیە دامەزراوەکانی دیموکراسیی لیبڕاڵی ڕووبەڕووی دژواری بوونەتەوە

**لاری کاتا، پرۆفیسۆری یاسا و کاروباری نێودەوڵەتییە لە زانکۆی پێن ستەیت و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك: بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاکان و کۆمپانیا فرەرەگەزەکان و پرسی ئایین لە نێو دەستوور و چەند بوارێکی گرنگی دیکە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە پرسی حوکمڕانی و تەحەددییەکانی لە سەدەی بیست و یەك و پرسی مامەڵەی دەستووری لەگەڵ ئایین و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** سەرەتا دەمانەوێت لەم پرسیارەوە دەست پێ بکەین، کە تا چ ڕاددەیەك لاوازیی حوکمڕانی و تەحەدییەکانی پەیوەست بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئەو دژوارییانەی لە ڕۆژگاری سەدەی ٢١دا ڕووبەڕووی سیستمی دیموکراسی دەبنەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، چونکە ئاشکرایە کە بەم دواییانە قسە و باسێکی زۆر لە بارەی لاوازیی حوکمڕانی کراوە، کە دەگوترێت ئەم لاوازییە و تەحەددییەکانی پەیوەست بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، بوونەتە هۆی هێنانە ئارای ئەو دژوارییانەی (هەندێ دەڵێن قەیران) کە ڕووبەڕووی دیموکراسیی لیبراڵی بوونەتەوە، چونکە ئەوەتا ئێمە بینیمان کە تەنانەت وڵاتە دیموکراسییە لیبراڵییەکانیش تووشی ناسەقامگیریی حوکمڕانی بوونەتەوە، کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش دۆخێکی دروست کردووە کە دوژمنانی دیموکراسییەتی لیبراڵی و ئەوانەی پشتیوانی لە گرتنەبەری سیستمە بەدیل و ڕکابەرەکان دەکەن، وەك مارکسیستە لینینیستەکان و کامپی پۆست کۆلۆنیالیزم، ئەم ناسەقامگیرییەیان کردووەتە پاساوێك بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێك کە خزمەت بە کارنامەکەیان بکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە بارودۆخەکە هەرچۆنێك بێت، ئەوا ئێمە دەتوانین ئۆباڵی ئەم ناسەقامگیرییە بخەینە ئەستۆی نوخبەکانی دیموکراسییەتی لیبراڵی، لەم ڕووەوە دەتوانین بە ئاسانی بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە گەندەڵییە کۆمەڵایەتی و مۆراڵییەکانی ئەو کەسانەی بەرپرسیارێتیی

**تەنانەت وڵاتە دیموکراسییە لیبراڵییەکانیش تووشی ناسەقامگیریی حوکمرانی بوونەتەوە**

**هەمیشە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکارییەک بوون کە پشێوی باڵی بەسەردا کێشاون لە نێو ئەو وڵاتانەی لە ئێستادا بوونەتە دەوڵەتە دیموکراسییە لیبراڵییەکان**

**پشێویی پەیوەست بە خراپ بەکارهێنان و شێوازی کارکردنی حوکمرانیی دیموکراسییەتی لیبراڵی، بۆی هەیە لاوازی لەم حوکمرانییەدا بهێنێتە ئاراوە**

قورسی سەرکردایەتیکردنیان لە ئەستۆیە، هۆکاری ئەم داخورانەی ئێستا و کاتییەی نێو جیهانی دیموکراسییەتی لیبراڵین، چونکە ئاشکرایە کە گەندەڵی و داخووران کێشەی هەمیشەیی نێو هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسین و هەر سیستمێکیش لە هەر قۆناغێکی پەرەسەندنی مێژوویی خۆیدا رووبەرووی ئەم دژبەرییە ناوخۆییانە بێتەوە، دەبێ هەنگاوی کرداری هەڵبگرێت بۆ رووبەرووبوونەوەیان، چونکە ئەگەر ئەم گەندەڵی و داخورانە چارەسەر نەکرێن، ئەوا دەکرێت کاریگەریی کوشندەیان لەسەر سیستمەکە هەبێت. لەم رووەوە گرنگە ئەوە راستییە بخەینە روو کە سەرەتا دیموکراسییەتی لیبراڵی بەرگێکی رۆمانی و ئیمپریالی بە بەردا کرابوو، دواتر رەهەندی خێڵەکی و دەرەبەگایەتیی وەرگرت و پاشان گۆڕدرا بۆ پاشایەتی، کە مەیلێکی رەهاخوازیی هەبوو، ئەوە بوو قۆناغێکی دیکە هاتە ئاراوە کە تێیدا لیبراڵیزمی بۆرجوازیی پاشایەتیی رەهای راماڵی و پاشان کامڵ بوو و شێوەی دیموکراسییەتی لیبراڵی تەقلیدیی وەرگرت. ئەوەی پەیوەست بێت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە، واتە رۆڵی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، ئەوا دەکرێت بڵێین کە هەمیشە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکارییەك بوون کە پشێوی باڵی بەسەردا کێشاون لە نێو ئەو وڵاتانەی لە ئێستادا بوونەتە دەوڵەتە دیموکراسییە لیبراڵییەکان، کە ئەمەش کاریگەریی بەرچاوی هەبووە لەسەر حوکمرانی لەو وڵاتانەدا. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە پشێوییەکی قۆناغی ئێستای پەرەسەندنی مێژوویی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (وەك لووتکەی دیموکراسییەتی لیبراڵی) بکەین، هەرچۆنێك بێت، دەکرێت بگوترێت کە پشێویی پەیوەست بە خراپ بەکارهێنان و شێوازی کارکردنی حوکمرانیی دیموکراسییەتی لیبراڵی، بۆی هەیە لاوازی لەم حوکمرانییەدا بهێنێتە ئاراوە و، دواتر ئەم لاوازییە ئیستغلال دەکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی دیدگایەکی جیاوازیان هەیە بۆ شێوازی حوکمرانی و چۆنیەتی رێکخستنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان. بە واتایەکی دیکە لاوازی لە سیستمەکە (لە میانەی گۆڕانکارییە گەورەکاندا) بوار دەڕەخسێنێت بۆ رکابەرەکان بۆ ئەوەی برەو بە دیدگای بەدیلی خۆیان بدەن، ئێوە بڕواننە هەوڵەکانی چین لەم رووەوە کە لە میانەی دەستپێشخەریی پشتێنە و رێگە پیادەیان دەکات.

*** وەك شارەزای یاسای کۆمپانیا و پەیوەندییە کەلتوورییەکان، ئایا باسکردنی بەرپرسیارێتییە کەلتوورییەکان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بە مانای چی دێت، لەوەش زیاتر، لە کۆمپانیا فرەکەلتوورییەکاندا ئەولەوییەت بە چ کەلتوورێك دەدرێت؟**

- وەڵامی کورت بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان کۆمپانیا و بەرپرسیارێتییە کەلتوورییەکان مایەی کۆدەنگییە لە نێو توێژینەوەکاندا، لەم رووەوە و لە روانگەی مانای بەرپرسیارێتییە کەلتوورییەکانی کۆمپانیاوە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە:

یەکەم: دەکرێت ئەمە ئاماژە بێت بە توانای کەلتووریی کۆمپانیاکان لە پەیوەندی بە کارکردنی ناوخۆیی و کڕیار و دەستەبەرکارانی ئەم کۆمپانییانە، بەتایبەتی هەر کاتێك یەکێك لەم کارانە، لە دەرەوەی بارەگای سەرەکیی کۆمپانیاکە، واتە لە لقەکانی وڵاتانی دیکەدا روو بدەن، ئەو کۆمپانییانەی کارەکانیان لە وڵاتانی دیکەدا ئەنجام دەدەن، بۆ چەندین ساڵە نیگەران بوون لە بارەی لایەنی کەلتووریی کارەکانیانەوە.

دووەم: دەکرێت ئەم چەمکە بە مانای ئەوە بێت کە دەبێت کۆمپانیاکان لە میانەی کارەکانیاندا بارودۆخ و دابونەریت و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە محەلییەکە لەبەرچاو بگرن، بۆ ئەوەی خۆیان بە دوور بگرن لە هەر کارێك کە هەستیاریی کەلتووریی کۆمەڵگەکەی تێدا رەچاو نەکرێت، لەم رووەوە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان خۆیان لەگەڵ بارودۆخە ناوخۆییەکاندا گونجاندووە، هەروەها دەکرێت پرسی لەبەرچاوگرتنی هەستیاریی کەلتووری لە چوارچێوەیەکی یاساییدا رێك بخرێت.

*** بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەرێمی**

**کوردستانی عێراق فرەییەکی کەلتووری و ئایینیی تێدایە، پێکەوە ژیانی ئاشتی باڵی کێشاوە بە سەریدا، دەمانەوێت لە گرنگیی ئاماژەکردن بە ئایین لە دەستووردا تێبگەین و ئایا ئەمە دەبێتە هۆی پتەوکردنی یەکێتی و لێبووردەیی لە نێو کۆمەڵە ئایینییە جیاوازەکاندا؟**

- زۆر سوپاس بۆ ئەم پرسیارە قووڵە، چونکە بە دڵنیاییەوە ئەمە پرسێکە کە چەندین لایەنی گرنگی هەیە، ئەوەتا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ هەوڵیان داوە ڕێگەچارە و چارەسەرێکی باش بۆ ئەم پرسە بدۆزنەوە، بە دڵنیاییەوە هەلومەرجەکەش گرنگە و دەبێت لەبەرچاو بگیردرێت. زۆرێك لە دەوڵەتان گرێدراوی دیدگایەکن لە پەیوەندی بە مەیلی ڕێکخستنی سیوکراتیی ئەم پرسە، واتە هەوڵدان بۆ ئەوەی ئایینی (ئایین بە تێگەیشتنە بەرفراوانەکەی) گرووپی باڵادەست بکرێتە چوارچێوەیەك و بناغەی یاساکان (بە چەشنێك کە ئەم یاسایانە بگونجێن لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینی زۆرینەدا) لە بەرانبەر لەبەرچاونەگرتنی ئایینی گرووپەکانی دیکە، کە زۆرجار گرووپە جیاوازەکانی دیکە بە گرووپی لادەر دادەنرێن. لەلایەکی دیکەوە، هەندێ وڵاتی دیکە هەن کە بە چەشنێکی بەرچاو وڵاتی عەلمانین، فەڕەنسا نموونەیەکی هەرە دیارە کە تێیدا سیستمی پێکەوە ژیانی ئایینەکان لەسەر پرەنسیپەکانی عەلمانییەت داڕێژراوە، کە تێیدا دەبێت دەق و سرووت و پەیڕەوە ئایینییەکان بە چەشنێك بن، کە بگونجێن و یەك بگرنەوە لەگەڵ پێداویستییە باڵاکانی پەیوەست بە تەبایی کۆمەڵگەی عەلمانیدا، هەروەها لەم ڕووەوە جیاوازی بەدی دەکرێت لە نێو دەوڵەتە مارکسیست -لینینیستەکاندا، بۆ نموونە چین، کوبا و ڤێتنام. ڕەنگە لایەنێکی هەرە گرنگی چارەسەرێکی ئاشتییانە کە لێبووردەیی لەخۆ بگرێت بۆ ئەم کێشانە، بەتایبەتی لە نێو ئەو دەوڵەت و هەرێمانەدا کە فرەیی کەلتووری، فرەیی ئێتنی و فرەیی ئایینیان تێدایە، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان، بریتی بێت لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە نێو دەستووردا بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە.

یەکەم، پرەنسیپی دەستتێوەرنەدان، لایەن و ڕەهەندێکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی بەدەستووریکردن. ئەمەش بەو واتایە دێت کە نابێت دەوڵەتەکە یان حکومەتەکە لە هیچ ئاستێکدا پراکتیز و پەیڕەوی و بیروباوەڕ و کارکردنی ناوخۆیی نێو هەر گرووپێکی ئایینی کۆنترۆڵ بکات، یان هەوڵی ئەوە بدات، ئاڕاستەی بکات، یان بەڕێوەی ببات، بە دڵنیاییەوە لەم ڕووەوە سنووربەندی هەیە، کە دەکرێت پەردەیان لەسەر لابدرێت و بە چەشنێکی کرداری مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆ نموونە، دەکرێت بە چەشنێکی بەردەوام یاسای گشتی جێبەجێ بکرێت، بە سەر کارکردنی گرووپێکی ئایینی لە نێو کۆمەڵگەدا، هەروەها بە سەر مافی موڵکداری، چالاکییە بازرگانییەکان، پیسبوونی ژینگە، ڕێساکانی پەیوەست بە بواری تەندروستی و سەلامەتی و پرسە هاوشێوەکانی دیکە، بەڵام کاتێك ڕێساکان پتر پەیوەست دەبن بە ڕێکخستنی پەیوەست بە پراکتیزە ئایینییەکانەوە، ئەوا پرسی پاراستنی ئەم پراکتیزە ئایینییانە زیاتر دەکەوێتە ژێر چاودێرییەوە.

**فەڕەنسا نموونەیەکی هەرە دیارە کە تێیدا سیستمی پێکەوە ژیانی ئایینەکان لەسەر پرەنسیپەکانی عەلمانییەت داڕێژراوە**

دووەم: پرەنسیپی بێلایەنی، کە پرەنسیپێکی بنەڕەتی و جەوهەری پێك دەهێنێت لە پەیوەندی بە پرسی پاراستنی مافە ئایینییەکانەوە. بە دڵنیاییەوە لە قووڵایی ئەم پرەنسیپەدا (هەروەك ئەوەی ئەمە حاڵەتەکە بووە لەم دواییەدا) و لە میانەی جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپەدا، ئامانجەکە ئەوە بوو کە ڕێگری بکرێت لەوەی فەزڵی ئایینێکی دیاریکراو بدرێت بەسەر ئایینێکی دیکەدا، بە واتا و بە گوزارشتێکی دیکە نابێت فەزڵی هیچ ئایینێك بدرێت بەسەر ئایینێکی دیکەدا و نابێت هیچ ئایینێك بە کەمتر لە ئایینێکی دیکە لێی بڕواندرێت. ڕەنگە ئەمە ئەو پراکتیز و کارانەش بگرێتەوە کە ڕەنگە ناتەبا بێت لەگەڵ هەندێ لە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان (بە قوربانیکردنی ئاژەڵ، بەکارهێنانی نارکۆتیکس لە میانەی سرووتەکاندا)، یان ڕەنگە ناتەبا ببێتەوە لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا (وەك بتپەرستی).

**پرەنسیپی دەستتێوەرنەدان، لایەن و ڕەهەندێکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی بەدەستووریکردن. ئەمەش بەو واتایە دێت کە نابێت دەوڵەتەکە یان حکومەتەکە لە هیچ ئاستێکدا پراکتیز و پەیڕەوی و بیروباوەڕ و کارکردنی ناوخۆیی نێو هەر گرووپێکی ئایینی کۆنترۆڵ بکات، یان هەوڵی ئەوە بدات، ئاڕاستەی بکات**

**کاتێک ڕێساکان پتر پەیوەست دەبن بە ڕێکخستنی پەیوەست بە پراکتیزە ئایینییەکانەوە، ئەوا پرسی پاراستنی ئەم پراکتیزە ئایینییانە زیاتر دەکەوێتە ژێر چاودێرییەوە**

**نابێت فەزڵی هیچ ئایینێک بدرێت بەسەر ئایینێکی دیکەدا و نابێت هیچ ئایینێک بە کەمتر لە ئایینێکی دیکە لێی برواندرێت**

لە هەندێ لە قۆناغەکانی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پرەنسیپی بێلایەنی جێبەجێ کرا، یان پیادە کرا لە پەیوەندی بە بێلایەنی لە نێوان بەرژەوەندییە ئایینی و عەلمانییەکاندا، ئەمەش بەو واتایە دێت کە نابێت دەوڵەت بە چەشنێك کار بکات کە ببێتە هۆی ئەوەی فەزڵی بەرژەوەندییە ئایینییەکان بدات بە سەر بەرژەوەندییە عەلمانییەکاندا، هەروەها ئەم پرەنسیپە بەو مانایە دێت کە کاتێك دەوڵەت ئیمتیازێك دەبەخشێت، ئەوا نابێت گرووپێکی ئایینی لەو ئیمتیازە بێبەش بکات، تەنیا لەبەر ئەوەی ئایینی ئەو گرووپە، یان ئەو ڕێکخراوە جیاوازە.

*** ئەگەر باس لە دەستووری عێراق بکەین، ئایا کاریگەریی جێبەجێنەکردنی دەستووری عێراق چی دەبێت لەسەر ئاقار و ئاڕاستەی ئایندەی ئەم وڵاتە، کە ئاشکرایە ئەم دەستوورە لە ساڵی ٢٠٠٥ نووسرایەوە و پەسەند کرا، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە جگە لە هەرێمی کوردستان (کە بەشێکە لە عێراق) هیچ هەرێمێکی دیکە لە عێراقدا پێك نەهێنراوە؟**

**لە هەندێ لە قۆناغەکانی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پرەنسیپی بێلایەنی جێبەجێ کرا، یان پیادە کرا لە پەیوەندی بە بێلایەنی لە نێوان بەرژەوەندییە ئایینی و عەلمانییەکاندا**

- زۆر سوپاس بۆ ئەم پرسیارە هەستیارە، من ئەو پرۆسەیەم لەیادە کە تێیدا یەکەم جار هەوڵی دارشتنی دەستووری ئێستای عێراق درا، هەروەها ئەو پرسە هەستیارانەشم لەبیرە کە وروژێندران لە وڵاتێکی دێریندا کە چەندین گەل و نەتەوەی دێرینی لەخۆ گرتووە، هەروەها من واقیعەکەش لەبەرچاو دەگرم، چونکە ئەمە وڵاتێك بوو کە هەزاران ساڵی خایاندووە بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگە سیاسییەکەی، کە یان لە نێو جەرگەی ئیمپراتۆرییەتدا بووە یان کەوتووەتە سەر سنوورەکانی کۆمەڵگە سیاسییە گەورە و ئیمپریالییەکان. بە دڵنیاییەوە پرسیارەکەی ئێوە وەڵامدانەی سادە لە خۆ ناگرێت، لێرەدا دەمەوێت بە کورتی وەڵام بدەمەوە: من پێم وایە هیچ سیحرێك لە پێویستی بوونی دەوڵەتێکی تەواو مەرکەزیدا نییە، مەگەر تەنیا بۆ پرسەکانی پەیوەست بە بەرگریکردن لە وڵات نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت کە دەوڵەتێکی بە نامەرکەزیکراو بتوانێت دەوڵەتێکی تۆکمە بێت و بەرگری لە خۆی بکات، بە دڵنیاییەوە ئەمە لە ڕووی مێژووییەوە سەلمێندراوە، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بکرێت بە یۆنانی یەکگرتوو و بەرهەڵستی و بەرگرییەکەی لە دژی فارسەکان بە سەرۆکایەتیی داریۆش و خشایارشا، کەواتە دەکرێت دەوڵەتێك لە چەند گەل و نەتەوەیەك پێك هاتبێت و پارێزگاری لە فرەیی خۆی بکات و لە هەمان کاتدا دەوڵەتێکی یەکگرتوو دروست بکات و پێکی بهێنێت. نموونەیەك لەم ڕووەوە بریتییە لە یەکێتیی ئەورووپا، هەروەها حاڵەتی بە نارمەکەزیکردنی هەرێمەکان لە ئیسپانیا، کەواتە جادوویەك، یان ڕێسایەك نییە پێمان بڵێت کە دەبێت لە هەموو حاڵەتەکاندا دەوڵەتەکە مەرکەزی بێت و، دەسەڵاتە مەرکەزییەکان کۆنترۆڵێکی بەرچاویان هەبێت بە سەر کاروبارەکانی هەرێمەکان، یان زۆرێك لە هەرێمەکانەوە، تا خۆیان لەگەڵ لایەنەکانی حوکمڕانی مەرکەزیدا بگونجێنن. لە هەمان کاتدا، زۆر گرنگە کە ئەو دەوڵەتانەی لە نێو چەند هەرێمێکدا بە نارمەکەزی کراون، کار بکەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی هێندە بەهێز بێت و سەرچاوەی لەبەردەستدا بێت کە بتوانێت بە چەشنێکی کارا کار بۆ ئامانجە هاوبەش و یەکگرتووەکانی وڵاتەکە بکات. بواری بەرگری یەکێکە لە بوارە هەستیارەکان، هەروەها یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی لە ئاست دەرەوەدا بوارێکی دیکەی گرنگە، بوارێکی دیکە بریتییە لە مافە بنەڕەتییەکان و هاتوچۆی ئازادی خەڵك و سەرمایە و وەبەرهێنانەکانیان لە نێو هەرێمەکاندا.

**نابێت دەوڵەت بە چەشنێک کار بکات کە ببێتە هۆی ئەوەی فەزڵی بەرژەوەندییە ئایینییەکان بدات بە سەر بەرژەوەندییە عەلمانییەکاندا**

*** تا چ ڕادەیەك گرنگە هەرێمە فیدراڵییەکان خاوەنی دەستووری تایبەت بە خۆیان بن، کە ئەگەر لە هەرێمی کوردستان بڕوانین ئەوا هێشتا خاوەنی دەستووری تایبەت بە خۆی نییە، بەڵام دەستووری فیدراڵییش بە تەواوەتی جێبەجێ ناکرێت؟**

- بە لەبەرچاوگرتنی وەڵامی پرسیارەکانی پێشوو، ئەوا دەکرێت بڵێین، وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوونە، لە دەوڵەتێکدا کە بە نارمەکەزی کرابێت، ئەوا دەستووری هەرێمەکان زۆر گرنگن، گرنگیی ئەم دەستوورە لەوەدا بەرجەستە دەبێت

که فۆرمێك دەدات بە هەرێمەکە وەك هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر لە نێو دەوڵەتێکی گەورەدا. هەروەها دەستوورەکە دەبێت چوارچێوەیەك بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی شەرعی و داڕشتنی ئەو ڕێسایانە دابنێت کە تێیدا دەسەڵاتە شەرعییەکە بتوانێت مومارەسەی ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی بکات، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی جێگیرکردن و چەسپاندنی مافی دانیشتووانی هەرێمە خۆبەڕێوەبەرەکە و، ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی بۆ زامنکردنی خۆشگوزەرانیی خەڵکەکە.

*** ئەگەر باس لە پرس و کێشە جیهانییەکان بکەین، ئەوا بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕاددەیەك ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکات بۆ چارەسەرکردنی پێشێلکارییەکانی پەیوەست بە یاسای نێودەوڵەتی لە پەیوەندی بە کێشە جیهانییە دژوارەکانەوە، لە نێویاندا گۆڕانی کەشوهەوا، مەترسییەکانی ژیریی دەستکرد و مەترسییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی؟ ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان کار بۆ داڕشتنی چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەحەددییانە دەکات؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە دوو پرسیار لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان ئەوەیە، ئایا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کار و کۆشش دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ئێوە ئاماژەتان پێ کرد، دووەمیان ئایا ئەم کار و چالاکییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان سوودبەخش، یان پەیوەندیدار دەبن، یان نا، با هەر یەکەیان بە جیا وەڵام بدەینەوە.

لە ڕاستیدا حاڵی حازر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە زۆرێك لەو کێشانەوە تێوەگلاوە کە ئێوە دەستنیشانتان کردن: (گۆڕانی کەشوهەوا، ژیریی دەستکرد و مەترسییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی). ئەوە بوو چەند هەفتەیەك پێش ئێستا سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داواکارییەکی بە پەرۆشانەی ئاراستە کرد، بە مەبەستی بەشداریی زیاتری ئەم ڕێکخراوە لە زۆرێك لە پرسەکاندا، وەك زیرەکی دەستکرد، کە ئامانج لەم داواکارییەش ئەوە بوو بوار و دەرفەتێك بڕەخسێت کە تێیدا دەوڵەتەکان، یان کاراکتەرەکانی دیکە بتوانن پێکەوە کار بکەن بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکان و کارکردن بۆ گرتنەبەری ئەو ڕێگەچارانەی بە هۆیانەوە بتوانرێت هەنگاوەکان بە چەشنێك هەڵبگیرێن، کە یەك بگرنەوە لەگەڵ بەرژەوەندی و چاوەڕوانی و کارنامەی ئەو کەسانەی لە دەسەڵاتدان، بە شێوەیەك کە بتوانن لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشانە کاریگەر بن.

لە کۆتاییدا و لە پەیوەندی بەوەی دەکرێت پێی بڵێین پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی، ئەوا هەردوو دادگای دادی نێودەوڵەتی و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەرەو ئەوە دەچن برەو بە دەنگ و سەنگی خۆیان بدەن، لە ئێستادا لە هەلومەرجی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، ڕەنگە دواتریش لە بەرانبەر هەر پێشێلکارییەکی دیکەدا، کە بکرێت لەم ڕووەوە.

خۆ ئەگەر ڕوون ببێتەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەم توانا و هەم ویستی ئەوەی هەیە کە ڕووبەڕووی ئەم کێشانە ببێتەوە، ئەوا ئەو کاتە ئەو پرسیارەی دێتە ئاراوە ئایا ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە چی لێ دەکەوێتەوە؟ هەرچۆنێك بێت دەکرێت لەم ڕووەوە هەندێ گریمانە بخرێتەڕوو، لەوانە:

یەکەم: ئەگەری ئەوە نییە لە مەودای نزیکدا پەرە بە یاسای نێودەوڵەتی بدرێت، چونکە ئێمە دەزانین کە لە دوای ڕاگەیاندنی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤەوە، ڕۆژگار و ماوەیەکی زۆری پێچوو تاوەکو ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دەربکرێن و پەسەند بکرێن، کە قبووڵکردنیشیان لەسەر ئاستی جیهانی لە چوارچێوەی ئیلهام و ئاواتدا ماونەتەوە. بۆی هەیە پێداویستییە جیاواز و دژە بە یەکەکانی دەوڵەتە بەهێزەکان و هاوپەیمانێتییە بەهێزەکانی نێوان ئەو دەوڵەتانەی لاوازترن لە هێزە باڵاکان، زەحمەتی دروست بکەن لە بەردەم گۆڕینی خواست بۆ کۆدەنگی و کۆدەنگی بۆ دەقێکی یاسایی ڕەزامەندی لەسەردراو .

**کاتێک دەوڵەت ئیمتیازێک دەبەخشێت، ئەوا نابێت گرووپێکی ئایینی لەو ئیمتیازە بێبەش بکات، تەنیا لەبەر ئەوەی ئایینی ئەو گرووپە، یان ئەو ڕێکخراوە جیاوازە**

**دەکرێت دەوڵەتێک لە چەند گەل و نەتەوەیەک پێک هاتبێت و پارێزگاری لە فرەیی خۆی بکات و لە هەمان کاتدا دەوڵەتێکی یەکگرتوو دروست بکات و پێکی بهێنێت**

**زۆر گرنگە کە ئەو دەوڵەتانەی لە نێو چەند هەرێمێکدا بە نارمەکەزی کراون، کار بکەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی هێندە بەهێز بێت و سەرچاوەی لەبەردەستدا بێت کە بتوانێت بە چەشنێکی کارا کار بۆ ئامانجە هاوبەش و یەکگرتووەکانی وڵاتەکە بکات**

دووەم: ڕەنگە هاتنەئارای نۆرمی زیاتری نێودەوڵەتی ئەگەرێکی بەهێز بێت، ئەگەرچی ناوەڕۆك و مەودای ئەم نۆرمانە بە گوێرەی پرس و بابەتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بۆ نموونە ئەگەر باس لە پرسی بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی بکەین، ئەوا مەودایەکی دیاریکراو دەگرێتەوە، کە ئەگەری زۆرە کۆدەنگی لەسەر ئەم مەودایە هەبێت، ئەگەرچی ڕەنگە ئەمە حاڵەتەکە نەبێت لە پەیوەندی بەو وڵاتانەی لە ڕووی هێزی ناوکییەوە لە هەڵکشاندان، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەگەرەی کە ڕەنگە ببنە دەوڵەتێکی ناوکی، لە نێویاندا عێراق کە بۆی هەیە هیچ بژارەیەك بەدی نەکات، جگە لە پەیوەندیکردن بەوەی پێی دەڵێن یانەی ناوکی، یان لەوانەیە هەوڵی بەدەستهێنانی پارێزگاری بدات لەو وڵاتانەی کە چوونەتە نێو ئەم یانە ناوکییەوە.

سێیەم: ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو ڕێکارە تایبەتییانەی لە میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرچاوە دەگرن (لە نێویاندا شارەزا سەربەخۆکانی بواری مافەکانی مرۆڤ، کە ڕاپۆرت و ڕاسپاردە دەستەبەر دەکەن لەبارەی بارودۆخی وڵاتێکی دیاریکراوەوە، یان لەبارەی پرسێکی دیاریکراوەوە لەسەرجەم بەشەکانی جیهاندا) ببنە هۆی پاڵنەری هەندێ لەم بزووتنەوانە، کە ڕەنگە کار و کۆششەکانیان بە ئاراستەی زەقکردنەوە و تیشکخستنەسەر کێشەکان بێت، لە چوارچێوەی ئەو ئەرکەی کە لە ئەستۆیانە (ئیدی لەسەر ئاستی دەوڵەتێکی دیاریکراو بێت، یان پرسێکی دیاریکراو) بۆ نموونە، ڕەنگە گرووپی کارکردووی نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، مەیلی ئەوەیان هەبێت کە تاوتوێی ئەوە بکەن، چۆن پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ لە میانە و ڕەوتی کارکردنیاندا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژێری دەستکرد، یان کێشەی گۆڕانی کەشوهەوا دەبێت.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەری و ڕەهەندی نێودەوڵەتیی هەیە و شەڕێك نییە کە کاریگەرییەکانی قەتیس بن لە نێو هەردوو دەوڵەتە بەشەڕهاتووەکەدا، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەم شەڕە تا چ ڕاددەیەك بووەتە مایەی پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و هەڕەشە و مەترسی لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی جیهانی؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەریی درێژخایەنی لێ بکەوێتەوە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سرووشت و ناوەڕۆکی ئەم کاریگەرییە چی دەبێت و ئەم گۆڕانکارییە چۆن دەکەوێتەوە، هەرچۆنێك بێت، هەندێ ئاماژەی ئاراستەکانی ئەم گۆڕانکارییە بەدی دەکەین.

یەکەم: ئەم شەڕە بووە هۆی گۆڕینی تێوەگلانی ڕووسیا لە کێشەکانی دەوروبەری وڵاتەکەی و لە نێو زۆنەکانی دەستڕۆیشتوویيدا، ئەمەش جۆرجیا، سووریا، بیلاڕووسیا، مۆڵدۆڤا و ناوچەی بەڵتیك و تا ڕاددەیەکی کەمتر یابان و کۆریا دەگرێتەوە، واتە بە هۆی هاتنەئارای بارودۆخێکی دیکەوە لە ئەنجامی داگیرکردنی وڵاتی ئۆکرانیا، درێژەدان بە سرووشتی پێشووی تێوەگلانەکانی ڕووسیا کارێکی دژوارە.

دووەم: ئەم شەڕە و ئەم بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە، تێڕوانینێکمان بۆ دەستەبەر دەکات لە بارەی بنیادنانەوەی هەلومەرجی دوای سیستمە جیهانییەکە، کە پێدەچوو لەسەر بنەمای چەند بازنەیەکی یەکگرتووی سەربەخۆی بنیاد نرابێت، کە تێیدا بەلای کەمەوە دوو پایەی سەرەکیی لەخۆ گرت، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە پێدەچێت ڕووسیا سەربەخۆیی خۆی لە نێو ئەم بونیادەدا لەدەست دابێت، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو هێزەی کە هەیەتی، واتە پێدەچێت چیتر لەسەر ئاستی جیهان وەك هێزی پلە یەك لێی نەڕوانرێت، هەرچۆنێك بێت، ئەمە ئاماژەیە بۆ خواستی ڕووسیا بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی بە وڵاتی چین، کە لەم ڕووەوە ڕووسیا هەوڵ دەدات سیستمێکی دیکە دابمەزرێنێت و دایبڕێژێت کە تێیدا خۆی چەق و سەنتەر بێت و، برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات بە ئاراستەی

**هەردوو دادگای دادی نێودەوڵەتی و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەرەو ئەوە دەچن برەو بە دەنگ و سەنگی خۆیان بدەن**

**ڕووسیا هەوڵ دەدات سیستمێکی دیکە دابمەزرێنێت و دایبڕێژێت کە تێیدا خۆی چەق و سەنتەر بێت و، برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات بە ئاراستەی باشوور و بەرەو نێو جەرگەی جیهانی شیعە**

**ئەو ئاراستەیەی کە چەند نەوەیەکە گیراوەتەبەر لە پەیوەندی بە پێسپاردنی ئەرکی گرنگ بە کاراکتەرە تایبەتییەکان (کەرتی تایبەت)، هەروەها کارکردنی کەرتی تایبەت بە چەشنێکی سەربەخۆ لە نێو پانتایی نێودەوڵەتیدا، بووەتە هۆی گۆڕینی سرووشتی کەرتی تایبەت**

باشوور و بەرەو نێو جەرگەی جیهانی شیعە.

سێیەم: ئەم شەڕە پەردەی لەسەر ناکۆکی و دژبەریی نێو سیستمی دەسەڵاتەکە لادا (ئەو سیستمەی لە دوای ساڵی ١٩٤٥ەوە دامەزرێندرا و هۆکار و پاساوی باشیش هەبوون بۆ دامەزراندنی)، ئەم سیستمەش لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەرجەستە بوو، لەبەر ئەوە من پێشبینی ئەوە دەکەم، کە ڕووبەڕووی بەرهەڵستکارییەکی بەرچاو ببێتەوە و لە کۆتاییدا لە هەندێ ڕووەوە هەموار بکرێتەوە، بەڵام تەنانەت ئەو هەموارکردنەکەش بارودۆخە بنەڕەتییەکە ناگۆڕێت، مەبەستم ئەوەیە هەردوو هێزە باڵاکەی پارێزگاری لە پێگەی خۆیان دەکەن تێیدا، لەگەڵ ئەگەری هاتنەئارای پانتاییەك بۆ قەوارەیەکی یەکگرتووی ئەورووپی.

چوارەم: پێم وایە بە هۆی ئەو هەلومەرجەی لە ئەنجامی ئەم شەڕەوە هاتووەتە ئاراوە، پێداچوونەوەیەك دەکرێت بەو یاسایانەی شەرعییەت بە شەڕ دەدەن و، ڕەنگە ڕۆڵی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەهێز بکرێت، بە دڵنیاییەوە یەکێك لەو مەسەلانەی کە پەیوەستە بە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم شەڕەوە و مایەی سەرنجە، ئەوەیە کە چۆن هاوپەیمانێتییەك پێکهاتووە لە نێوان کاراکتەرە گشتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیدا، کە پێکەوە و لە تۆڕێکدا دەستیان بەکار کردووە و کاتی خۆیان تەرخان کردووە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکان، تاوەکو لە دادگاییکردنەکانی ئەو تاوانانەی لەم شەڕەدا ئەنجام دراون، بەکار بهێنرێن، هەر کاتێك توانرا ئەم سیستمە جێگیر بکرێتەوە، ئەوا پاشەکشەکردن لە بەکارهێنانی ڕوو نادات.

پێنجەم: ڕۆڵی کاراکتەرە تایبەتییەکان، کۆمپانیا و نوخبەی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکەوە وەك کاراکتەری سەربەخۆی نێودەوڵەتی، بەردەوام لە گەشەکردن و زیادبووندا دەبێت، بە دڵنیاییەوە باشترین نموونە بریتییە لە کاریگەریی سیستمی ستارلینك کە بووە هۆی زامنکردنی تۆڕی پەیوەندی بۆ ئۆکرانیا لە قۆناغە سەرەتاییە یەکلاکەرەوەکانی شەڕەکەدا، کە لەمەشدا پاشەکشە ناکرێت. کەواتە دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین: ئەو ئاراستەیەی کە چەند نەوەیەکە گیراوەتەبەر لە پەیوەندی بە پێسپاردنی ئەرکی گرنگ بە کاراکتەرە تایبەتییەکان (کەرتی تایبەت)، هەروەها کارکردنی کەرتی تایبەت بە چەشنێکی سەربەخۆ لە نێو پانتایی نێودەوڵەتیدا، بووەتە هۆی گۆڕینی سرووشتی کەرتی تایبەت.

شەشەم، هێشتا ناتوانرێت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە کاریگەریی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر سەقامگیریی جیهان دەستنیشان بکرێت، مەبەستم ئەوەیە دەکرێت هەر ئاراستە و ئاقارێك بگرێتەبەر، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە بەڕاستی هاوپەیمانەکانی ئۆکرانیا ئەم ڕێچکەیەی ئێستا درێژە پێ دەدەن، ئەوا ئەو جیهانەی لە دوای پاشەکشەی ڕووسیا دێتەئاراوە جیهانێکی تەواو جیاواز دەبێت، بەڵام بە شێوازی تایبەت بە خۆی جیهانێکی سەقامگیر دەبێت. زەحمەتییەکە لێرەدا ئەوەیە کە کار بۆ زامنکردنی ڕووسیا بکرێت و لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە ڕووسیای فیدراڵی بکرێت، هەروەها دەرئەنجامەکان کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئەو وڵاتانەی کە هێشتا چەندین داواکاریی بەدێنەهێنراوی پەیوەست بە خاکیان هەیە، دواتر هەر لە دەرئەنجامی ئەم شەڕەوە ئەو دامەزراوانەی لە دوای ساڵی ١٩٤٥ەوە دامەزرێندران تووشی لاوازی دەبنەوە و، ئەگەر چاکسازی نەکرێت لەم ڕووەوە ئەوا ناتوانرێت ئارامی و ئاسایش بەدی بهێنرێت لە بەرانبەر هەڵەی کاراکتەرە گشتی و تایبەتییەکاندا. ئەوەتا ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە پرسی پەیوەست بە سەروەریی یاسای نێودەوڵەتی و یەکسانیی نێوان دەوڵەتان لە سنووری ماقووڵەکەی خۆی تێپەڕ بووە، لە باشترین حاڵەتدا ڕەنگە وەك ئومێدی لاواز بمێنێتەوە و لێی بڕواندرێت. ڕاستە بڕارەکە لەلایەن دەوڵەتە بەهێزەکانەوە دەگیرێتەبەر، بەڵام ئەم دەوڵەتانەش بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانەوە لاواز بوون، یان بەلای کەمەوە سەرنجیان پەرت بووە، بە چەشنێك کە زەحمەتە بتوانن شان بدەنە بەر بەرپرسیارێتییە جیهانییەکانیان.

**هێشتا ناتوانرێت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە کاریگەریی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر سەقامگیریی جیهان دەستنیشان بکرێت**

**ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە بەڕاستی هاوپەیمانەکانی ئۆکرانیا ئەم ڕێچکەیەی ئێستا درێژە پێ دەدەن، ئەوا ئەو جیهانەی لە دوای پاشەکشەی ڕووسیا دێتەئاراوە جیهانێکی تەواو جیاواز دەبێت**

**پرسی پەیوەست بە سەروەریی یاسای نێودەوڵەتی و یەکسانیی نێوان دەوڵەتان لە سنووری ماقووڵەکەی خۆی تێپەڕ بووە**




پڕۆفیسۆر مالیک موفتی بۆ گوڵان:

# سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەوەکان بۆ مایەپووچبوونی ڕژێمە خۆسەپێنەکان دەگەڕێتەوە

**مالیك موفتی، پرۆفیسۆره له بەشی زانستی سیاسی له زانكۆی توفتس و وانەبێژی چەند بوارێكی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان و سیاسەت له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجام دا و چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێ كرد، كە پتر پەیوەست بوون بە بزووتنەوە توندڕەو و توندوتیژەكان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی هەر دوو ڕێكخراوی داعش و ئەلقاعیدە و پرسی پێكەوە ژیان لە هەرێمی كوردستان و چەند بابەتێكی دیكەی پەیوەندیدار.**

*** دوای ئەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ساڵی ٢٠٠٣ عێراقی داگیر كرد، ناوچەكە بووە مەڵبەندی گرووپە توندڕەوە ئیسلامی و جیهادییەكان، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠١٤ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دامەزرا، بە تێڕوانینی ئێوە هۆكاری ڕیشەیی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە توندڕەوانە چین كە بە ناوی ئیسلامەوە دێنەئاراوە؟**

- لە ڕاستیدا دەكرێت لەم ڕووەوە بڵێین كە هۆكاری ڕیشەیی سەرهەڵدان و هاتنەئارای ئەم بزووتنەوانە دەگەڕێتەوە بۆ مایەپووچبوونی ئەو ڕژێمە خۆسەپێنە عەلمانی و ناسیۆنالیستییانەی لە دوای داڕووخانی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسی هاتنە ئاراوە، ئەوە بوو دەركەوت كە ئەو ڕژێمانە بێ توانان لە خۆگونجاندن لەگەڵ ناسنامەی سیاسی و نیگەرانییە ڕەواكانی گەلەكانیان، لە دەرئەنجامدا دید و تێڕوانینی جێگرەوە لە پەیوەندی بە ناسنامە و شەرعییەتەوە هاتنە ئاراوە، بەڵام هەندێ شێوە و فۆرمێكی توندڕەوانەیان وەرگرت.

*** ئەگەر بەراوردی نێوان ڕێكخراوی ئەلقاعیدە و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بكەین، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە جیاوازییەكە لە چیدا بەدی دەكرێت و ئایا دەكرێت بگوترێت كە داعش تەنیا لقێكی ئەلقاعیدە بوو، كە دواتر ناوەكەی خۆی گۆڕی و ئایا ئەم ناوگۆڕینە تەكتیك، یان ستراتیژ بوو؟**

- لە ڕاستیدا من شارەزایی تەواوم نییە لە بارەی بونیادی مێژوویی دیاریكراوی ئەم ڕێكخراوانەوە بۆ ئەوەی بتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

*** لە بەرانبەر ڕێكخراو و تەوژمە توندڕەوەكانی وەك ئەلقاعیدە و داعش، ئەوا پارتی داد و گەشەپێدان هەیە لە توركیا، كە ئەویش پارتێكی ئیسلامییە و ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆكایەتی دەكات و، بۆ ماوەی پتر لە ٢٠ ساڵە لە دەسەڵاتدایە لەو وڵاتەدا، كە باس لە دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤ دەكات و دەیەوێت ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیندوو بكاتەوە، چۆن لە حزبی داد و گەشەپێدان و ٢٠ ساڵ حوكمڕانییەكەی دەڕوانن؟**

- لەبەر ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدان لە توركیا گوزارشتی لە دید و تێڕوانینێك كردووە كە هەم ڕەهەندی ئیسلامی و هەم ڕەهەندی دیموكراسی لەخۆ دەگرێت، ئەوا بە بۆچوونی من ئەم پارتە بەدیلێكی مژدەهەڵگری هەڵگرتووە، هەم بۆ ڕژێمە خۆسەپێنە عەلمانی و ناسیۆنالیستییە مایەپووچبووەكان، و هەم بۆ گرووپە سەربازییەكانی وەك ئەلقاعیدە و داعش، بەڵام بە داخەوە، لەبەر چەندین هۆكار (كە هێندە ئاڵۆزن ناتوانرێت لێرەدا ئاماژەیان پێ بكرێت) پارتی داد و گەشەپێدان دەستی هەڵگرت لە دیدگا و تێڕوانینەكەی پێشووی و پتر بە ئاراستەیەكی خۆسەپێنی و ناسیۆنالیستیدا هەنگاوی هەڵگرتووە، ئەمەش بووەتە هۆی لاوازكردنی توانای ئەم پارتە بۆ خستنەڕووی بەدیلێكی دروست بۆ تەواوی ناوچەكە.

*** ئەگەر پرسیار لە بارەی كێشەیەكی دیكەی ئاڵۆزی ئەم ناوچەیەوە بكەین، ئەوا دەبینین كە هێشتا كێشەی فەلەستین بە چارەسەرنەكراوی ماوەتەوە و ئەو ڕێگەچارەیەی كە (دوو دەوڵەتی) لەخۆ دەگرت، جێبەجێ نەكراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە دەوڵەتە عەرەبییەكانی ناوچەكە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ مامەڵە و پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە، تەنانەت هەردوو وڵاتی ئیمارات و بەحرەین**

**پارتی داد و گەشەپێدان دەستی هەڵگرت لە دیدگا و تێڕوانینەكەی پێشووی و پتر بە ئاراستەیەكی خۆسەپێنی و ناسیۆنالیستیدا هەنگاوی هەڵگرتووە**

**ئەو كاراكتەرانەی پێیان وایە پتەوبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی مایەی هەڕەشە و مەترسییە، خۆشحاڵ دەبن بە دابەشبوونی نێو جیهانی ئیسلامی، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە وروژاندنی ناكۆكیی پەیوەست بە شیعە و سوننە بە كارێكی سوودبەخش دەزانن**

ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا واژوو کردووە، هۆکاری ئەم هەڵوێستگۆڕینەی وڵاتە عەرەبییەکان چییە لە ئاست ئەم وڵاتەدا و هۆکارەکانی هاتنەئارای ئەم دۆخە نوێیە چین؟**

- لە ڕاستیدا دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە بکەین کە بە چەشنی سەرجەم دەوڵەتانی دیکە، ئەوا پاڵنەری سەرەکیی هەڵوێست و سیاسەتی دەوڵەتە عەرەبییەکانیش بریتییە لەوەی پێی دەگوترێت «ڕیاڵ پۆلەتیك»، واتە واقیعییەتی سیاسی و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکان، نەك چەمکە عەقیدەیی و ئەخلاقییەکان. واتە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە لە ئێستادا تێڕوانینی ئەم وڵاتانە لە ئاست بەرژەوەندییەکانیاندا یەك دەگرێتەوە لەگەڵ تێڕوانینی ئیسرائیل، بۆ نموونە لە ئاست وڵاتی ئێراندا، ئەم بەرژەوەندییانەش گەورەترن لە بەرژەوەندییەکانی پەیوەست بە درێژەدان بە پاڵپشتییەکانیان بۆ کێشەی نەتەوایەتیی فەلەستین.

*** لەبەرانبەر جیهادی سوننیدا، جیهادی شیعەش لە ئارادایە، ئەوەتا ئیسلامی سیاسیی شیعە لە دوو وڵاتی گرنگی ناوچەکەدا حوکمڕانن، کە عێراق و ئێرانن، هەروەها ئێران ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە وڵاتانی لوبنان و یەمەن و وڵاتانی ناوچەی کەنداودا، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی جیهان هێندە ترس و نیگەرانیی هەیە لە ئیسلامی سیاسی سوننە، بەڵام کەمتر نیگەرانە لە بارەی مەترسییەکانی ئیسلامی سیاسی شیعەوە؟ بە تێڕوانینی ئێوە ئایا بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە حکومەتی عێراق دەکات، کە لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە پێك هێنراوە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وانییە هەڵوێستێك و تێڕوانینی هەمەچەشن و جیاواز هەبن لە سەر ئاستی جیهان لە ئاست ئیسلامی شیعە، یان ئیسلامی سوننەدا، هەر چۆنێك بێت، بە دڵنیاییەوە ئەو کاراکتەرانەی پێیان وایە پتەوبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی مایەی هەڕەشە و مەترسییە، خۆشحاڵ دەبن بە دابەشبوونی نێو جیهانی ئیسلامی، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە وورووژاندنی ناکۆکیی پەیوەست بە شیعە و سوننە بە کارێکی سوودبەخش دەزانن.

*** ئەوەی پەیوەندیی هەبێت بە هەرێمی کوردستانەوە، کە بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق، ئەوا دەکرێت بڵێین کە تاکە هەرێمە زۆرینەی دانیشتووانەکەی موسڵمانن و پەیڕەوی ڕێبازی شافیعین، بەڵام لێبووردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتی باڵیان بەسەر ئەم هەرێمەدا کێشاوە، ئەوەتا لە ئێستادا نۆ ئایینی جیاواز و چەندین نەتەوەی جیاوازی وەك کورد، تورکمان، کلدان، ئاشوری و عەرەب بە گیانی ئاشتی و برایانە پێکەوە دەژین، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دەوڵەتە ئیسلامییەکانی هاوکاری و پاڵپشتیی ئەم هەرێمە ناکەن، بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەکی جوانی کۆمەڵگەی ئیسلامی؟**

- بەداخەوە، من بە گومانم لەوەی دەوڵەتەکان (ئیدی ئیسلامی بن، یان سیفەتێکی دیکەیان هەڵگرتبێت) لەسەر بنەمای ئەم ئیعتیبارە جوانانە هەڵسوکەوت بکەن و هەڵوێست وەربگرن، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت کە پاڵپشتیکردن، یان بەرهەڵستیکردنی هەرێمی کوردستان بەندە بە حیساباتە ناوخۆیی و جیۆپۆلەتیکییەکانی هەر کاراکتەرێکی دەرەکییەوە، کەواتە باشبوون و بەرەوپێشچوونی بارودۆخی ئەم هەرێمە بەندە بەوەی کە تا چەند سەرکردەکانی بە چەشنێکی کارامە و هۆشیارانە لەم حیساباتانە تێدەگەن و لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنەش هەڵسوکەوت دەکەن.

*** لە کۆتاییدا دەمانەوێت پرسیارتان لێ بکەین لە بارەی یاسای ئیسلامییەوە (شەریعەتی ئیسلامی)، ئایا بە پێی شەریعەت بەرهەمهێنان و فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکان قەدەغە کراوە، یان ڕێپێدراوە؟ ئەم پرسیارە لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بووەتە ناوەندی بەرهەمهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، هەروەها لە ئەفغانستانیش بەرهەم دەهێنرێت، بۆچوونی ئێوە لە بارەی ئەم پرسە گرنگەوە چییە؟**

- ئەگەرچی من ناوم «موفتی»یە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من کەسێکی موفتی نیم، لەبەر ئەوە پێم وانییە بتوانم هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارێکی پەیوەست بە شەریعەتی ئیسلامی بدەمەوە.

**پاڵپشتیکردن، یان بەرهەڵستیکردنی هەرێمی کوردستان بەندە بە حیساباتە ناوخۆیی و جیۆپۆلەتیکییەکانی هەر کاراکتەرێکی دەرەکییەوە**

**باشبوون و بەرەوپێشچوونی بارودۆخی ئەم هەرێمە بەندە بەوەی کە تا چەند سەرکردەکانی بە چەشنێکی کارامە و هۆشیارانە لەم حیساباتانە تێدەگەن و لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنەش هەڵسوکەوت دەکەن**




## پرۆفیسۆر ئەیال زیسەر بۆ گوڵان:

# یەکگرتوویی باشترین زەمانەتە بۆ هێنانەدیی ئایندەیەکی باشتر بۆ کورد

پرۆفیسۆر ئەیال زیسەر، سەرۆکی بەشی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقایە و توێژەری باڵا و بەڕێوەبەری سەنتەری (موشی دایان)ـە لە زانکۆی تەل ئەبیب لە ئیسرائیل. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەراوردکردنی ئەم سیاسەتە لە سایەی هەر دوو ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ و جۆ بایدن و، ڕۆڵی چین لەم ناوچەیەدا، هەروەها پرسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**قەناعەتم وا نییە کە بەراورد بە ئیدارەی بایدن، ترەمپ بایەخێکی زیاتری بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێت**

**هێرشی ئێرانییەکان بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە لە ساڵی ٢٠١٩ نەبووە هۆی ئەوەی ئەمریکا پەنا بۆ تۆڵەکردنەوە ببات، کە ئەمەش لەسەردەمی ئیدارەی ترەمپدا بوو**

**پێم وایە لە کۆتاییدا هەروەک چۆن ئەمریکا ئەفغانستانی جێهێشت، ئەوا عێراقیش جێ دەهێڵێت و ئەو کاتەش پشێوی و شەڕی ناوخۆیی لە نێوان شیعە و سوننە و کورددا دێتەئاراوە**

**ئەگەر کورد یەکگرتوو بێت، پشتیوانیی دەرەکی لە ئەمریکا و دەوڵەتە میانڕەوە عەرەبییەکانەوە بەدەست دەهێنێت**

*** پێشبینیی ئەوە دەکرا کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن بایەخێکی زیاتر بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات، بەڵام ئەوەی بەدیمان کرد، بایەخدانێکی کەمتر بوو بەراورد بە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ، بەتایبەتی کە لە سەردەمی ئیدارەی ترەمپدا ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل ڕووی دا، هەوڵی خستنەوەگەڕی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا درا، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی سیاسەتی ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی سەرۆك بایدن گۆڕا؟**

- لە ڕاستیدا لە سەردەمی ئیدارەی ترەمپیشدا ئاماژەی ڕوون و تەنانەت لێدوانی ئەوە هەبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پلانی جێهێشتنی ناوچەکە، یان بەلای کەمەوە، دوورکەوتنەوە لە کێشە و ناکۆکییەکانی هەیە، ترەمپ و هەندێ لە یاریدەدەرەکانی ڕایانگەیاند کە برەودان بە ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، بۆ ئەوە بوو کە ببێتە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی دەرفەتی ترەمپ باشتر بێت و لە ئەنجامدا بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی دواتردا، ئەویش لە ڕێی قەناعەتهێنان بە جوولەکەکانەوە بۆ ئەوەی دەنگی پێ بدەن، لەبەر ئەوە من قەناعەتم وا نییە کە بەراورد بە ئیدارەی بایدن، ترەمپ بایەخێکی زیاتری بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێت، هەروەها دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە شەڕی ئۆکرانیا لە بەهاری ساڵی ٢٠٢٢ دەستی پێ کرد و بووە هۆی ئەوەی کە ئیدارەی بایدن ناچار بێت بایەخێکی زۆری پێ بدات، لەبەر ئەوە پێم وانییە جیاوازییەکی بەرچاو هەبێت لە نێوان ترەمپ و بایدندا، بۆ نموونە هێرشی ئێرانییەکان بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە لە ساڵی ٢٠١٩ نەبووە هۆی ئەوەی ئەمریکا پەنا بۆ تۆڵەکردنەوە ببات، کە ئەمەش لەسەردەمی ئیدارەی ترەمپدا بوو.

*** دوای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئیمارات و بەحرەین، باسی ئەوە دەکرا وڵاتانی دیکەی عەرەبی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی دەکەنەوە، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتی لەم سیاسەتە کردووە؟**

- نەخێر، من لەو باوەڕەدا نیم، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین کە خودی ترەمپ خۆی بەشدار بوو لەم هەوڵانەدا، هەروەها ئەو پەیوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ حوکمڕانە عەرەبەکان و لەگەڵ نەتنیاهۆدا، ئەمە لە کاتێکدا خودی بایدن خۆی بەشدار نییە لەم هەوڵانەدا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تێکڕای حوکمڕانەکاندا باش نییە، لەبەر ئەوە زەحمەتە ئیدارەکەی بتوانێت پەرە بەم هەوڵانە بدات، بەڵام لە ئێستادا هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان سعودیە و ئیسرائیل دەدات، بەڵام ڕوونە کە ئەمە کارێکی زەحمەتە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانە لەبەرچاو بگرین کە لە ناوچەکەدا ڕوویان داوە، وەك: باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئێران، حکومەتی ڕاستڕەو لە ئیسرائیل، پەیوەندییە بارگرژەکانی لەگەڵ محەمەد بن سەلمان و.. هتد.

*** بەم دواییە ئێران و سعودیە بە ناوبژیوانیی چین گەیشتنە ڕێککەوتن، کە بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت بۆ ڕۆڵی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەمەدا، چونکە ئەگەر ئێمە پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا چین بە چەشنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەیە هێزی سەربازی بنێرێت بۆ ئەم ناوچەیە، ئەوا وەڵامەکە نەخێرە، هەروەها ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا چین وەك ئەمریکا ئامادەیە هاوکاریی دارایی بۆ ئەردەن و میسر و ئیسرائیل و.. هتد دابین بکات، ئەوا ڕەنگە وەڵام نەخێر بێت، کەواتە چین دەتوانێت ڕۆڵێکی سنووردار ببینێت، واتە تەنیا ببێتە ناوبژیوان، هەموو کاراکتەرەکان لەمە تێدەگەن.

*** ئەگەر باسی حکومەتی عێراق بکەین کە لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە پێك هێنراوە و ئێران و ئەمریکا پاڵپشتی دەکەن،**

**ئیتامار ڕابونوفیتش**

**باڵیۆز و سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:**

# ئەمریکا دەیەوێت هەندێک دەستکەوتی خۆی لە عێراق بپارێزێت



ئیتامار ڕابونوفیتش سەرۆکی پەیمانگای ئیسرائیل (واشنتۆن و قودس)ـە، و لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا باڵیۆزی ئیسرائیل بووە لە ئەمریکا، گەورە گفتوگۆکاری ئیسرائیل بوو لەگەڵ سووریا و سەرۆکی زانکۆی تەل ئەبیب بووە، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان لە بارەی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەم شێوەیە دوا :

من پێم وانییە سیاسەتی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جۆ بایدن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەمتر بێت لەو سیاسەتەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ گرتیە بەر، تۆماری ئیدارەی ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تۆمارێکی تێکەڵ بوو، بە دڵنیاییەوە ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبی دەستکەوتێکی گەورە بوو، بەڵام ترەمپ سیاسەتێکی کارای لە ئاست سووریادا نەگرتەبەر، ئیدارەی بایدن هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ سعودیە و، کۆشش دەکات بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئیسرائیل. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت ئەوا ئەمریکا هەوڵ دەدات پارێزگاری لە هەندێك لەو دەستکەوتانە بکات کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ـەوە بەدەست هاتوون، بە بێ ئەوەی ڕابکێشرێتە نێو تێوەگلانێکی نوێی سەربازییەوە، هەروەها لە نێوان هەر سێ ئیدارەی (ئۆباما و ترەمپ و بایدن)دا بەردەوامییەك بەدی دەکرێت بۆ بایەخدانی زیاتر بە ناوچەی زەریای هێمن، بەبێ دەستهەڵگرتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکان واقیعی عێراقی قبوڵ کردووە بە چەشنی ئەوەی واقیعی ئەفغانستانی قبوڵ کرد؟**

- پێم وایە لە کۆتاییدا هەروەك چۆن ئەمریکا ئەفغانستانی جێهێشت، ئەوا عێراقیش جێ دەهێڵێت و ئەو کاتەش پشێوی و شەڕی ناوخۆیی لە نێوان شیعە و سوننە و کورددا دێتەئاراوە، ئەمریکاش چارەسەرێکی بۆ ئەم دۆخە نابێت، ڕەنگە ئەگەری هاتنەئارای هاوپەیمانێتیی نێوان سوننە و کورد، یان هاوپەیمانێتی نێوان شیعەکان دروست ببێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا ئامادەیە دووبارە لە دۆخی ناوخۆیی عێراق تێوەبگلێت؟ وەڵامەکە ئەوەیە ئەگەر ئەم تێوەگلانە هێندەی تێوەگلانەکەی لە ئەفغانستاندا بارگرانی لەخۆ نەگرێت، لەم حاڵەتەدا ڕەنگە ئەمریکا بۆ چەند ساڵێك لە عێراق و سووریادا بمێنێتەوە.

*** هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق، کە بڕیارە دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت و ئەو دەستوورە جێبەجێ بکات کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا عێراقییەکان دەنگیان بۆ دا، هەرچۆنێك بێت ئەم دەستوورە جێبەجێ نەکرا و هێشتا عێراق نەبووەتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، ئەگەر دەستوور جێبەجێ نەکرێت، ئایا لەسەر چ بنەمایەك پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق ڕێك دەخرێتەوە؟**

- لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هێز دەبێت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بەغدا هەست بکات لە پێگەیەکی بەهێزدایە بۆ ئەوەی تەحەددای پێگەی تایبەتی هەرێمی کوردستان بکات، ئەوا ئەم کارە دەکات، کەواتە باشترین زەمانەت بۆ ئایندەیەکی باشتر ئەوەیە کوردی عێراق بەهێز و یەکگرتوو بێت، ئەو کاتە پشتیوانیی دەرەکی لە ئەمریکا و دەوڵەتە میانڕەوە عەرەبییەکانەوە بەدەست دەهێنێت.

## لە ڕۆژی جیهانیی لاواندا:

# ڕۆڵی لاوان لە پاراستنی ژینگە و کەشوهەوادا

دوازدەی ئابی هەموو ساڵێك ڕۆژی جیهانیی لاوان و گەنجانە و، ساڵانە لەم ڕۆژەدا لە سەرتاسەری جیهاندا ئەم یادە بەرز ڕادەگیردرێت.

گومان لەوەدا نییە کە کێشەکانی ژینگە لە ئەمڕۆدا زۆربەی هاووڵاتیان هەستی پێ دەکەن و، ئاسەوار و کاریگەرییەکانیشی بە چاوی خۆیان دەبینن، لە نێو هاووڵاتیاندا، دەتوانرێت بگوترێت کە توێژی لاوان و گەنجان لە هەمووان کاریگەرترن، ئەگەر هەڵ و دەرفەت و خول و بنیادنانی تواناکانیان لەبەرچاو بگیردرێت، لەبەر ئەوەی لاوان و گەنجان زۆر سیفەت و تایبەتمەندێتیی خۆیانیان هەیە، وەك:

یەکەم: هێزێکی کۆمەڵایەتیی چوست و چالاك و زیندوو و پڕ جووڵەن بە پلەیەکی بەرز.

دووەم: ئەو توێژەن کە لە هەمووان زیاتر حەز لە نوێگەری و ڕوانینە نوێکارییەکان دەکەن.

سێیەم: هەمیشە لە هەوڵدان بۆ بنیادنانی فۆڕمێکی کەلتووریی تایبەت بە خۆیان و پێداویستی و ئارەزووەکانیان.

چوارەم: سەرچاوەی گۆڕانکارین لە کۆمەڵگەدا، ئەگەر هاوکاریی بکرێن لە ناسینی ئاراستەی ڕاستەقینەی ڕێگەی گۆڕانکاریی ئەرێنی بەگشتی و ژینگەپارێزی بەتایبەتی.

پێنجەم: لە زۆر شوێنی جیهاندا زۆرینە، یان نزیك لە زۆرینەی دانیشتووان پێك دەهێنن.


لە ڕۆژی جیهانیی لاواندا کە ساڵانە لە ١٢ ی مانگی ئابدا لە سەرتاسەری جیهاندا یادەکە بەرز ڕادەگیردرێت، لە توانادایە ئێمەش بەرچاوڕوونی بدەینە لاوان و گەنجان، بە مەبەستی هاتنە نێو کایەی باشتری پرۆسەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و، بەشداربوون لە هەوڵەکانی پەیوەست بە کەمکردنەوەی هۆکارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و، خۆگونجاندن لەگەڵ ئاسەوارەکانیدا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانە و هاوشێوەکانیان:

یەکەم: کارکردن بەو بەرنامە و پرۆگرامەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان دایڕشتووە بۆ بەشدارپێکردنی لاوان و گەنجان لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ژینگە.

دووەم: زاڵبوون بە سەر کێشەکانی لاوان و گەنجان، وەك خراپ بەسەربردنی کات و کەم دەرامەتی و نەبوونی دیدگایەکی ڕۆشن و لاوازیی چەمکی دیموکراسی لە وڵاتەکانیاندا.

سێیەم: بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام لە بواری گۆڕینی هەڵسوکەوتی لاوان و گەنجان لە ژیانی ڕۆژانەدا، بە ئاراستەی زیاتری ڕۆشنبیریی ژینگەیی و ژینگەدۆستی.

چوارەم: دۆزینەوەی هەلی کار بۆ لاوان و گەنجان بەگشتی و بۆ دەرچووانی زانستەکانی



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

ژینگە بەتایبەتی، لە کەرتی گشتی بێت، یان تایبەت.

پێنجەم: هەستانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە گەشەپێدانی هزریی ژینگەدۆستی لە ڕێگەی:

١. زیادکردنی بەرنامە ژینگەییەکان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو و خوێنراو.

٢. سازدانی پێشبڕکێی ژینگەیی بۆ لاوان و گەنجان.

٣. هەماهەنگیی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەگەڵ دەستەی ژینگە، بە مەبەستی کردنەوەی خول و وۆرکشۆپی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی.

٤. هەماهەنگیی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەگەڵ ڕێکخراوە ژینگەییە نێوخۆیی و جیهانییەکان، بۆ ئاشناکردنی زیاتری لاوان و گەنجان بە کەلتووری ژینگەپارێزی.

٥. زیندووڕاگرتنی ڕۆژەکانی تایبەت بە ژینگە لەسەر ئاستی جیهان و هەرێمی کوردستان.

٦. کاراترکردنی ڕۆڵی بنکەکانی لاوان و یانە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان لە گرتنەخۆی تواناکانی لاوان و گەنجان، لە بواری ژینگەدۆستی و ژینگەپارێزیدا.

٧. بەشداربوون لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری لەگەڵ پۆلیسی ژینگە و دارستان، بۆ ئاشنابوون و ناسینی ژینگە وەك فاکتەرێك و بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانی.

٨. سوودوەرگرتن لە چەمکی ئابووریی سەوز و وەرگرتنی قەرزی بچووك لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، کە یەکێك لە ئامانجەکانیان کەمکردنەوەی هەژاری و بێکارییە.

٩. بەشداربوون لە چالاکییەکانی ئەندازەی باخچە و پارکەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی بۆ زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی.

١٠. خوێندن لە بەشی زانستەکانی ژینگە لە کۆلێژەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و، سوودوەرگرتن لەو توێژینەوە ژینگەییانەش کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ژینگەییەکانی کۆمەڵگە لە زانکۆکاندا ئامادە دەکرێن.

١١. بەشداربوون لە هەوڵەکان بۆ کەمتر بەکارهێنانی پلاستیك و کیسەی نایلۆن.

١٢. بەشداربوون لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری لە بارەی هاندان بۆ سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی وزەی نوێبووەوە و بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی و پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی گەشتیاریی ژینگەیی.

## چیا عەبدوڵڵا:

# دوای ماوەی ٢٠ ساڵ کاری ڕاگەیاندن حەزم کرد بزنسێکی تایبەت بە خۆمم هەبێت

هۆشیاری و شارەزابوون بە ئەرك و ماف، خانمانی لە کونجی ماڵەوە هێنایە دەر، تەنانەت ئافرەتانی بە دونیای سەرمایەداری و قازانجکردن ئاشنا کرد، جێگەی پێزانینە لە ئێستادا ئافرەتی کورد بە ئەرك و مافەکانی خۆیان ئاشنان و بە هزرێکی ژنانە کار لەسەر بەهرە و تواناکانیان دەکەن. چیا عەبدوڵڵا خانمە دەستڕەنگینێکی دانیشتووی شاری سلێمانییە، لە کەلوپەلی کوردەواری و فۆلکلۆری، جانتا و مەدالیا دروست دەکات، مێخەك و بەیبوون و گوڵەباخ ئاوێتە دەکات و مەدالیای ناوازە بۆ خانمان دروست دەکات. ماوەی دوو ساڵە لەو بوارەدا کار دەکات و لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، بەمجۆرە بڕاندە فلکلۆرییەکەی دەناسێنێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





چیا عەبدوڵڵا، خانمێکی دەسترەنگینێکی دانیشتووی شاری سلێمانییە، تەمەنی ٤٦ ساڵە، خاوەنی چەندین بڕوانامەی گەشەپێدانی مرۆیی و خۆناسی و بەڕێوەبردنی خودو وتاربێژییە، وێڕای ئەزموونی ٢٠ ساڵ کاری میدیایی چوار پەرتوکی وەرگێڕدراو لە زمانی عەرەبی بۆ کوردی هەیە، وەك خۆی باسی دەکات هاوسەردارە و لەمبارەیەوە دەڵێت: «دایکی سێ منداڵی ناوازەم کە شانازین بۆم و خۆشەویستیان بۆم ژیان بەخشینە، هەمیشە بەگشت کەسەکانم بانگیان دەکەم. ئێستاش ماوەی دوو ساڵە خەریکی جانتا دروستکردنە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «دوای ئەوەی ماوەی ٢٠ ساڵ کاری ڕاگەیاندنم کرد، حەزم کرد بزنسێکی تایبەت بە خۆمم هەبێت، کە بۆن و بەرامە و شێوەی جیاواز بێت، بۆ بە بازاڕکردنی کەلوپەلەکانم زیاتر لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە کڕیارەکانم داواکارییەکانیان پێشکەش دەکەن و فرۆشیشم باشە».

چیا عەبدوڵڵا وەکو خانمێك کە باوەڕی بە تواناکانی خۆی هەیە، رای وایە «جووڵەی مرۆڤ ناوی کارکردن بێت، یا هەرناوێکی دیکەی لێ بنێین، سرووشتی وجوودە و دەبێت ئەو وزەیە سەرف بکرێت کە خوا پێی بەخشیوین، بەڵام جۆری بەکارهێنانەکەی جیاوازی دروست دەکات، یەکێك بە سەرفکردنی ئەو جووڵەیە ماسوولەکەی بەهێز دەکات، یەکێك توانای نووسین و قسەکردنی، یەکێك بازرگانی و یەکێکی دی کاری مامۆستایی و.. هتد. گرنگ ئەوەیە لە شتێکدا سەرف ببێت، کە خزمەتی خۆمان و دەورووبەریش بکات»، گوتیشی: «بە دڵنیاییەوە بە جووڵە وو کار مرۆڤ ئاسودە دەبێت، بەتایبەتیش لە شتێکدا کە ویست و مەبەستی خۆی بێت و ئەو بوارەی خۆش بوێت. کە کاری تێدا دەکان. من زیاتر بەکارکردن ئاسوودەم وەك لە دانیشتن و نەبوونی هیچ بیرۆکە و جووڵەیەکی نوێ، چونکە داهێنان و هێنانە بوونی شتی نوێ لە هەوڵی بەردەوام و بەدواداچووندایە، بۆیە دەکرێت بڵێم کە دەچمە ناو کارەکەم وەك ئەوەی کات لە لام بوەستێت وایە، خۆشییەکی تایبەت و دونیایەکی پەنهانیی خۆمە، پێشکەشی خۆمی دەکەم و سوپاسگوزارییەکی تەواوەتییە لەو هێز و ئافراندنەی پێم دراوە، کە دڵنیام خوا بە بێ جیاوازی بە هەموو مرۆڤێکی بەخشیوە، تەنیا جۆری بیرکردنەوە و بەکارهێنانەکەیەتی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە هۆکار چی بوو، کارە دەستییەکانت بە شێوەیەکی کوردەوارییانە هەڵبژاردووە؟ گوتی: «من کوردم و ئێمەی کورد کەلتۆرێکی تایبەت و پڕ ڕەنگ و بۆن و سرووشتی جوانمان هەیە، دڵخۆشم بە کوردبوونم و شانازی بە کەلتوور و ڕەنگ و سرووشتی خواکردی خۆمانەوە دەکەم. حەزم کرد لە هەر جێیەك شمەکەکانم بەکار دێنن، ڕەنگەگانی سەرنجی بینەر ڕابکێشێت و پرسیاریان لا دروست بکات، کە ئەمە هی کوێیە و چ ناسنامەیەکی هەیە؟ کە ئەوەش دەروازەیە بۆ وتووێژ و ناساندنی خۆمان. لای من ستایلی خانمێکی ڕەنگاوڕەنگ زۆر جوانترە وەك لە بێ ڕەنگی، بۆیە حەزم کرد لە ڕێی جانتاکانەوە ڕەنگاوڕەنگی بخەمە ستایلی خانمە جوانەکانی کوردستانەوە، بە ڕەنگی کوردی و کوردستانییانە».

سەبارەت بە پلانیشی بۆ داهاتووی کارەکەی و بەرەوپێشبردنی گوتی: «دەمەوێت شوێنێکی تایبەت بە خۆمم هەبێت، بیرۆکەم زۆرە، جگە لە جانتا شتی تایبەتیتریش دروست بکەم، کە بەس لە کوردستان و براندەکەی من هەبێت، لەبری ئەوەی بچینە دەرەوەی وڵات و شمەك لەوێ بهێنین، با بازرگانەکان قوماشی کوالێتیی باش بهێنن و ئێمە شمەکی تایبەتی پێ دروست بکەین، نەك ناچار بین خۆمان لە وڵاتانی دی دابینی بکەین. بەڕاستی من بۆ بەدەستخستنی قوماش و پێویستیی جانتاکان کون و قوژبنی ئەم شارانەی خۆمان دەگەڕێم، بۆ هەندێك شمەکی پێویست دەچمە ئێران کە بەداخەوە لە شارەکانی خۆمان نییە. من بەردەوامم و هەوڵەکانیش دڵخۆشم دەکەن، زۆریش شادم بە براند و کارەکەم».

چیا عەبدوڵڵا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە خانمان تا چەند پێویستە کاری خۆیان هەبێت؟ گوتی: «تا سەر ئێسقان پێویستیمان بە خانمی چالاك و ڕۆشنبیر و خاوەن کار هەیە، ژیان دوو چەمکە، لایەکی پیاو هەڵیدەگرێت، لاکەی دیکەی ژن، ناکرێت ژیانمان لاسەنگ بێت، ناکرێت لە خێزانەکەماندا تاکە سەرچاوەی داهات تەنیا پیاو دەستەبەری بکات، ئەگەر هەشبێت و توانای ئەوەی هەبێت، ئەوە مایەی دڵخۆشییە، بەڵام هێشتا مانای ئەوە نییە ژن تەنیا چاوی لە دەستی ئەو بێت، بەڵکو دەبێت ئەو پارەدارییەی هاوسەرەکەی بە هاوکاری ئەو بیکاتە بزنێس و کارێکی خۆی هەبێت، بەڕاستی جووڵە ژیان دەبەخشێت، بەرەوپێشچوون و داهێنانی تیایە، دڵخۆشی و گەنج مانەوەی تیایە، ئەو دایکەش دەبێتە پێشەنگ بۆ کوڕ و کچەکانی کە ژیان بریتیە لە هەوڵ و تێکۆشان، ئێمە هەر کارێك بکەین، هەمیشە خزمەتەکەی دوو جەمسەرە، بەشێکی بۆ خۆمانە و بەشێکی گشتییە و بۆ کۆمەڵگەیە، چونکە ئێمە هەمووومان ئەو ژینگە و کۆمەڵگەیەمان دروست کردووە، کەواتە با هەموومان پێکەوە جوانتری بکەین، گۆڕانکاری سوننەتی ژیانە و دژیشی بوەستین، ئەو هەر بەردەوامە و خواکرد و گەردوونییە، کەواتە با وەك شەپۆلێکی هارمۆنی بڕۆین و ئەو ژیانەی هەمانە ڕەنگینتر و خۆشتری بکەین».

**بۆ بە بازاڕکردنی کەلوپەلەکانم زیاتر لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە کڕیارەکانم داواکارییەکانیان پێشکەش دەکەن و فرۆشیشم باشە**

**جووڵەی مرۆڤ ناوی کارکردن بێت، یا هەرناوێکی دیکەی لێ بنێین، سرووشتی وجوودە و دەبێت ئەو وزەیە سەرف بکرێت کە خوا پێی بەخشیوین**

**حەزم کرد لە هەر جێیەك شمەکەکانم بەکار دێنن، ڕەنگەگانی سەرنجی بینەر ڕابکێشێت و پرسیاریان لا دروست بکات، کە ئەمە هی کوێیە و چ ناسنامەیەکی هەیە؟**

**با بازرگانەکان قوماشی کوالێتیی باش بهێنن و ئێمە شمەکی تایبەتی پێ دروست بکەین، نەك ناچار بین خۆمان لە وڵاتانی دی دابینی بکەین**

# وێڕای هەوڵەکانی حکومەت حاڵەتەکانی کوشتن و توندوتیژی لە پەرەسەندندایە

مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە لەم دواییانەدا بەبێ ویستی هەمووان حاڵەتەکانی کوشتن و توندوتیژی بە شێوەیەکی نائاسایی زیادی کردووە، ئەوەش واتای وایە، وێڕای هەوڵەکانی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و بوونی یاسای باش و تۆکمە نەتوانراوە بەر بە زۆربوونی حاڵەتەکانی کوشتن بگیرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای مانگی پێنجی ئەمساڵ بە هۆی زنجیرەیەك ڕووداوی کوشتن و بریندارکردنەوە و هاوکات بۆ ڕێگری لە بەکارهێنانی چەك، بڕیاری تۆمارکردنی چەکی بێ مۆڵەتی دەرکرد، لە هەنگاوی دووەمیشدا بڕیارە کۆمەڵگەیەکی تایبەت بە فرۆشتن و کڕینی چەك بە شێوەیەکی یاسایی بکاتەوە. هەر بە گوێرەی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی پۆلیسی گشتیی هەرێم، لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە هەزار حاڵەتی ڕووداوی کوشتن و خۆکوشتن تۆمار کراون، بە شێوەیەك لە ساڵی ٢٠١٩دا ٢٦٠ ڕووداو لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ٢٥٧ و لە ساڵی ٢٠٢١ زیاتر لە ٢٥٠ حاڵەت و لە ساڵی ٢٠٢٢شدا ٢٤٠ حاڵەت تۆمار کراون. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان، زیاتر ئەم پرسە هەستیارە تاوتوێ دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی






سەیران سەلاح:

**بۆ پەنا بردنەبەر ئەنجامدانی تاوان چەندین هۆکار هەنە، کە زۆربەیان پەیوەستن بە باروودۆخ و ژینگەی ئەو کەسەی کە تاوان ئەنجام دەدات**



هەڵبەست ساڵح:

**ماددەی هۆشبەر یەکێکە لە گەورەترین کێشەکان، کە ژمارەیەک لە گەنجەکانمان ئالوودەی بوون، زۆر تاوانی گەورە و قێزەون لەژێر کاریگەریی ماددەی هۆشبەر ئەنجام دراون**



هەرمن ئەحمەد:

**سیستمی پەروەردە و یاساکان لەسەر بنەمای نێرسالارییەوە بەسەر ڕەفتار و کردار و ڕەوشتی مێینەکانی کۆمەڵگەدا سەپێندراون**

سەیران سەلاح توێژەری کۆمەڵایەتییە و لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە: «کوشتن دیاردەیەکی جیهانی خەتەرناکی مرۆییە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان چ وڵاتانی دواکەوتوو بێت یا پێشکەوتوو بە شێوەی جیاواز بوونی هەیە.» هەروەها گوتی: تاوانی کوشتن بە شێوەیەکی گشتی کردەیەکی بونەوەرییە، دەکرێ سیاسی و ئەمنی و ئاسایشی و ئابووری بێت بەر لە وەی حاڵەتێکی یاسایی بێت، پاڵنەرە زۆرەکانی توندوتیژی و تاوان بوونەتە هۆکاری ئەوەی کەسانێك پەنا بۆ تاوانی کوشتن و لە ناوبردنی گیانی کەسێك ببات، ئەویش لەژێر کاریگەری کێشە و فشاری کۆمەڵایەتی و ململانێی دەروونیدا ڕوودەدات، کە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە پێیانوایە بەم کارە نامرۆییەیان لە کێشەکەیان ڕزگاریان دەبێت.

چەندین هۆکار و هۆ پێناو هەنە بۆ پەنا بردنە بەر ئەنجامدانی تاوانی کوشتن، کە زۆربەیان پەیوەستن بە باروودۆخ و ژینگەی ئەو کەسەی کە تاوان ئەنجام دەدات، ئەویش لە نێو ژینگەی کۆمەڵگەیەکدا کە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەبووە، نموونەی ململانێی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، لە سەرووی هەموویانەوە کێشەی خێزانی و ناهۆشیاری لە هەندێك بابەتی کۆمەڵایەتی و یاسایی، هەروەها قوتابخانە و خوێندن بە هۆی لاوازی سیستەمی پەروەردە و نەبوونی پەروەردەیەکی دروست و گشتگیر، هەروەها هۆکارەکانی دەروونی کە تاك بە هۆکارێك لە هۆکارەکان بە حاڵەتێکی خراپی دەروونی تێدەپەڕێت، وەك فشارێکی توندی دڵەراوکێ کە وای لێدەکات بە شێوازێکی نائاسایی پەنا بۆ ئەنجامدانی تاوان و کوشتن ببات».

سەیران سەلاح لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «وەك ئاشکرایە هۆکاری ئابووری فاکتەرێکی بەهێزی کردە توندوتیژییەکانە، خراپی باری ئابووری ئێستا لە تەواوی کۆمەڵگەی مرۆیی بەرجەستەیە تەنانەت لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا بە زەقی دیارە و وادەکات تاك لە نەبوونی و بێکاریدا بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆی و خانەوادەکەی دووچاری تاوان ببێتەوە، لێرەوە دەتوانین بڵێین هۆکارەکان زۆر زۆرن، بەڵام پێویستە پرۆژەیەکی گشتگیر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هۆکارەکان بێتە دامەزراندن، لە هەمان کاتیشدا هەلی کار بۆ هاووڵاتییان برەخسێنرێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە دووبارە بوونەوەی ئەنجامدانی تاوان و توندوتیژی بگیرێت».

هەڵبەست ساڵح، ڕۆژنامەنووسە و یەکێکە لەو هەزاران کەسانەی کە بەداخەوە باسی ئەو تاوانانانە دەکەن و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بەداخەوە، ماوەیەکی زۆرە، دوور لە ویستی کۆمەڵگە، تاوانەکان و ڕووداوەکانی کوشتن، خۆکوشتن، سووتاندن و خۆسووتاندن و...هتد لە کوردستان ڕوو لە زیادبوونن، ئەو تاوانانە باری دەروونیی تاك و شیرازەی کۆمەڵگەشی تێکداوە و خەڵك لە دۆخێکی نالەبار و ئاراماندا دەژین، هەڵبەتە ئەو تاوان و ڕووداوانەش بێهۆ نین و کۆمەڵێك پاڵنەری هەنووکەیی هەن، کە تین بە ئەنجامدانی تاوانەکان دەدەن. چەند ساڵێکە بە شێوەیەکی گشتیی کۆمەڵگە دوور لە خواستی هەمووان کەوتووەتە ژێر ئەو کاریگەری و فشارانە:

یەکەم: فشاری دارایی، کە کاسبکاری ماڵ بە خواستەکان ڕاناگات و ناتوانێت هەموو پێداویستییەکانی ماڵ پڕبکاتەوە، ئەوەش ناکۆکی نێوان ژن و مێرد دەهێنێتە ئاراوە و دواجار تاوانی لێ دەکەوێتەوە، بەداخەوە کێشەی قووڵتریشی بە دوادا دێت.

دووەم: بێکاری، بووەتە بەڵایەکی گەورە و خەڵك دەستی بەتاڵە، ئەو دەستبەتاڵییەشی کارەساتە، چونکە فاکتەرێکی بەهێزە بۆ بەگژیەکداچوون و نانەوەی ئاژاوە و دروستکردنی پشێوی.

سێیەم: کاریگەری ماددەی هۆشبەر، ماددەی هۆشبەر یەکێکە لە گەورەترین کێشەکان، کە ژمارەیەك لە گەنجەکانمان ئالوودەی بوون، زۆر تاوانی گەورە و قێزەون لەژێر کاریگەریی ماددەی هۆشبەر ئەنجام دراون.

چوارەم: زۆربوونی چەکی بێ مۆڵەت لە دەست هاووڵاتییاندا، وای کردووە تاوان ئاسان و زیاتریش بێت.

پێنجەم: لایەنی دەروونی، بە شێوەیەکی گشتیی خەڵك لەبەر کۆمەڵێك فشار، باری دەروونیی ئارام نییە، ئەوەش وای کردووە، کە تووشی دڵەڕاوکێ و دۆخێکی نائارامی دەروونیی ببن، مرۆڤیش، کە باری دەروونیی سەقامگیر نەبێت، بڕیاری هەڵە دەدات و کارەساتی نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە.

ئەمانە و چەندان پاڵنەر و فشاری دیکەش هەن، کە تاك بەرەو هەڵدێر دەبەن و تاوانەکانیش بەرەو هەڵکشان، بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت وەك وەزارەتی ناوخۆ، ئەوقاف و کاروباری ئایینی، کاروباری کۆمەڵایەتیی و تەندروستیی و... هتد پێکەوە مشوورێك لەو دۆخە نەخوازراوەی لە کۆمەڵگە هاتووەتەئاراوە بخۆن و بتوانن کاریگەری و میکانیزمێکی هاوبەش دابنێن، کە تاوانەکان و ڕووداوەکان بنەبڕ، یان کەم بکەنەوە، چونکە تاوانەکانی کوشتن، کەلتووری دیینەکەمان

و نەتەوەکەمان نییە، ئەنجامدانی ئەو تاوانانە لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکدا نییە و تەنیا ئاسایشی دەروونیی تاك و شیرازەی خێزان و سەقامگیری کۆمەڵگە تێکدەدات». گوتیشی: «هیوادارین حکوومەت سزای توندتر تا ڕاددەی لەسێدارەدان بەسەر تاوانباراندا بسەپێنێت، بۆئەوەی ئەنجامدانی تاوان ئاسان نەبێت و دووبارەش نەبێتەوە».

هەرمن ئەحمەد چالاکی کۆمەڵی مەدەنییە و لەبارەی تەوەری ڕاپۆرتەکەوە بەمجۆرە ڕای خۆی خستەڕوو: «لە نێو ژیانی ڕۆژانەی ئەم سەردەمەماندا، گەلێ جار هەندێ شت ڕاماندەچڵەکێنن، یەکێك لەوانە کە تووشی شۆك و هەژانی دەروونییمان دەکات، هەواڵەکانی سۆشیال میدیایە، ئەو هەواڵانەی باسی تاوانی گەورە دەکەن، کاتێ بە مانشێتی بەپەلە دەنووسرێ: "پیاوێك هاوسەرەکەی خۆی کوشت، یان برایەك خوشکەکەی خۆی دەکوژێت." هەڵبەتە ئەگەر هەواڵەکە بەپێچەوانەکەیشی بێت، ژنێك مێردەکەی بکوژێت، یان ببێتە هۆکاری کوشتنی هاوسەرەکەی، بە هەمان شێوە دەچێتە خانەی تاوانی شۆکهێنەرەوە، چونکە کەسێك دەکوژرێ و ئەوەش تاوانە، بەڵام لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە ئیتر تەنیا خودای گەورە دەزانێ کێ غەدری لە کێ کردووە. دووپاتبوونەوەی ئەم تاوان و ڕووداوانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێت، پێویستی بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنگەری هەیە، ئەویش بە ئامانجی خاوێنکردنەوەی هزر و دەروون لە شتە بۆگەنەکان. زۆر جار و لە زۆر شوێن دەبیستین کە دەڵێن: بۆچی ئێستا تاوانەکان زۆر بوون و پێشان وا نەبوو؟ وەڵام: چونکە هزری بۆگەنی نامرۆڤانە و خۆپەرستی و بەرژەوەندپەرستی، خۆشەویستی و هەستی مرۆڤدۆستانەی لە ناخی زۆر لە مرۆڤەکاندا کوشتووە.

جا بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەم جۆرە تاوانانە ببینەوە، هەنگاوی دروست هەر ئەوە نییە، بڵێین با یاسا سەروەر بێت و سزای توندی تاوانباران بدات، هەڵبەتە سەروەربوون و بەهێزیی یاسا کارێکی ژێرخانیی گرنگە، بەڵام چەند فاکتەرێکی دیکەیش هەن کە پێویستە لەسەر خێزان و پەروەردە و بەتایبەت خەڵکانی پێشڕەو و ئەوانەی گوێیان لێ دەگیرێت، ڕۆڵێکی گرنگ لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکاندا بنوێنن، بەتایبەتی گەنجانی تازەپێگەیشتوو». هەرمن ئەحمەد جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کۆمەڵگەی کوردەواری لە هەموو بوارەکاندا بە دۆخێکی فرەچەشنی سەیردا تێدەپەڕێت، چەند نەوەیەك ئێستا لە ژیاندا کاران، هەم نەوەی کۆن و هەم نەوەی تازەن، هەم هەڵگری کەلتووری کۆنن و هەم پێڕەوکاری کەلتووری تازەن، هەر ئەو هۆکارانەشن بوونەتە هۆی ئەوەی لە زەینی تاکی کۆمەڵگەدا ڕەفتار و کردار ناجێگیر بێت». گوتیشی: «لە ڕاستیدا هەموو شتێك بەسەر دوو جۆر بیرکردنەوەدا دابەش دەبێت، بۆ نموونە، لەگەڵ ڕوودانی هەر توندوتیژییەك، یان تاوانێك، ئەقڵی تاکەکان دابەش دەبێت، یان لەگەڵیدا دەبن، یان دژی دەوەستنەوە، چونکە چاو پێش ئەقڵ دەبێت بە خاوەن بڕیار. فۆرمی ئەخلاقیش لە ڕێگەی زمانەوە زوو دەگات، چونکە کەسەکان وەها فێر کراون، سیستمی پەروەردە و یاساکان لەسەر بنەمای نێرسالارییەوە بەسەر ڕەفتار و کردار و ڕەوشتی مێینەکانی کۆمەڵگەدا سەپێندراون.

هەر لە بارەی ئەو تاوان و توندوتیژییانەوە، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، ڕێکەوتی ٢٠٢٣\٧\٢٩ بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و نیگەرانیی خۆیان دەربڕێ سەبارەت بە زیادبوونی حاڵەتەکانی کوشتن و توندوتیژی کە لە چەند شار و شارۆچکەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەك تۆمار کراون. لە بەشێك لە بەیاننامەکەدا هاتووە: «ناکرێت ئەو حاڵەتانە بە ئاسایی و سرووشتی وەربگیرێن، لە کاتێکدا سەرجەم حاڵەتەکانی کوشتن بە چەك ئەنجام دراون، دەبێت بە جددی پرسیار بکرێت، ئەو چەکە چۆن لە دەست هاووڵاتی و لە بەشێکی زۆری ماڵاندا هەیە؟ ئایا ئەو چەکانە تۆمار کراون، یان نا؟».

جەختیش لەوە کراوەتەوە کە بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسانە لە کاتی دروستبوونی کێشەکانیان، پەنا بۆ دادگاکان نابەن، بەڵکو لە دەرەوەو بە سوڵح کێشەکانیان یەکلا دەکەنەوە، ئەوەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ڕێگەیەکی دروست و کۆتایی نییە.

هەر لەو بەیاننامەیەدا هاتووە: «ئێمە نیگەرانین لەڕووداوەکانی ئەو چەند ڕۆژە کە ژمارەیەك هاووڵاتی بوونە قوربانی و کەشێکی ناجێگیری دروست کرد لەناو هاووڵاتیان، هیوادارین تۆمەتباران بە سزای یاسایی خۆیان بگەیەندرێن و ڕێکاری توندوتۆڵتر بگیرێتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی بوونی چەك لەلای هاووڵاتیان و لە ماڵان. پێویستە هاووڵاتیانیش زیاتر دان بە خۆیاندا بگرن و بە زمانی گفتوگۆ چارەسەری کێشەکانیان بکەن، دوور لە توندوتیژی و هەڕەشەکردن و هەمووان هاوکاربین لە هێنانە کایەی ژینگەیەکی ئارام لەناو خێزان و کۆمەڵگەکەماندا».

**هۆکاری ئابووری فاکتەرێکی بەهێزی کردە توندوتیژییەکانە و خراپی باری ئابووری ئێستا لە تەواوی کۆمەڵگەی مرۆیی بەرجەستەیە**

**هیوادارین حکومەت سزای توندتر تاڕاددەی لە سێدارەدان بەسەر تاوانباراندا بسەپێنێت، بۆ ئەوەی ئەنجامدانی تاوان ئاسان نەبێت و دووبارەش نەبێتەوە**

**هزری بۆگەنی نامرۆڤانە و خۆپەرستی و بەرژەوەندپەرستی، خۆشەویستی و هەستی مرۆڤدۆستانەی لە ناخی زۆر لە مرۆڤەکاندا کوشتووە**

# ڕچەکانی هونەری شێوەکاری

**زاراوەی هونەری شێوەکاری، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا کەوتە نێو زمانی کوردییەوە. لە بنەڕەتدا عەرەب زاراوەی (الفن التشكيلي)یان لە زاراوەی (Fine Art) یان (plastic art)ی زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە، ئێمەی کوردی باشووریش بەرانبەر بە زاراوەی (الفن التشكيلي)ی عەرەبی، زاراوەی (هونەری شێوەکاری)مان دانا. بە کاریگەریی شارستانیەتی ڕۆژاوا (ئەورووپا)، ئەم چەشنە هونەرە هاتە نێو گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە. زاراوەکە لە زمانی ئینگلیزیدا، هەم هونەری جوان و هەم هونەری شێوەکاری دەگرێتەوە. واتە زاراوەی (fine arts) هەموو هونەرەکان دەگرێتەوە، بەڵام لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا، جووتە زاراوەی (هونەری جوان) و (هونەری شێوەکاری) هەن. هونەری جوان فراوانترە و تەواوی هونەرەکان دەگرێتەوە، بەڵام هونەری شێوەکاری تەنیا ئەو هونەرانە دەگرێتەوە، کە لە بەرچاودا بە ماددە (ماتریاڵ) بەرجەستە دەبن، لە نموونەی هونەری نیگار، پەیکەر، سیرامیک، گرافیک.**

**تاریق کارێزی**



تێگەیشتن لە هونەری شێوەکاری و پەسند کردنی بەو جۆرەی ئێستا لە هەموو جیهاندا باوە، بە دڵنیاییەوە بەرهەمی شارستانیەتی ئەورووپایە. ئەو شارستانیەتەی لە سەدەی پازدەمەوە لەگەڵ سەرەتای ڕێنیسانسەوە، نەشونمای کرد و توانیی لە سایەی شۆڕشی پیشەسازی و کۆلۆنیالیزم و دۆزینەوەی جیهانی نوێ (جووتە کیشوەری ئەمریکا)، مۆدێلی شارستانیەتی نوێ پێش بخات و بیکاتە تاکە مۆدێلی جیهان یان باڵاترین مۆدێلی سەردەم، هەر لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی زایینەوە تا دەگاتە ئێستا.

هەموو شارستانیەتەکانی بەر لە شارستانیەتی ئەورووپا بایەخیان بە هونەر داوە، توخمەکانی هونەری شێوەکاری بە شێوە و ئاستی جودا جودا، لە تێکڕای شارستانیەتەکاندا بە گشتی، بایەخیان پێ دراوە، بەڵام بەم فۆرمەی ئێستا، ئەم هونەرە زادەی شارستانیەتی ئەورووپایە. هونەرمەندانی شێوەکاری کوردستان و ڕەخنەگرانی بوارەکەش، پەیوەست بەم هونەرە، تا ئێستا چەند شتێکیان لە نێو زمانی کوردیدا ساغ نەکردووەتەوە، بۆیە ئێمە لە ڕێی ئەم نووسینەوە هەوڵ دەدەین زاراوەکان، ڕیشە و مێژووی هونەری شێوەکاری، ڕچە و ڕەوتەکانی ئەم هونەرە، بکەین بە کرۆکی بابەتەکەمان، بە ئامانجی ئەوەی ئیدی هونەرمەندان و قوتابیانی هونەر، ڕوونتر بچنە نێو جیهانی ئەم هونەرەوە.







ڕەخنەگرانی هونەری شێوەکاری لەوەدا کۆکن، کە سەرەتای سەدەی پازدەمی زایین، سەرەتای هونەری ڕێنیسانسە، لەو کاتەوە هونەرمەند لە بری توانەوە لە نێو کۆمەڵ و جڤاکدا، هەستی تاکایەتی تێیدا چەکەرەی کردووە و شانازیی بە بەهرەکەی خۆییەوە کردووە. هونەرمەند وەك بەهرەمەندێکی باڵا دەرکەوتووە. هاوکات کەسانی دارا و دەسەڵاتداری ئەو سەردەمەش، بایەخیان بە هونەرمەندان داوە، دەبینین لە ساڵی ١٦٠٠ز بە دواوە، دوو تەرزە هونەری نیگار (ڕوکۆکۆ، بارووك) پەیدا دەبن، یەکەمیان هونەری بنەماڵەکانی دەسەڵاتدار بوو، دووەمیشیان (ڕوکۆکۆ) بوو بە هونەری چینی دارا و دەوڵەمەندی ئەورووپا. لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسا ١٧٨٩ز-دا، ئیدی خۆری هونەری ڕوکۆکۆ ئاوا بوو، هونەرمەندان بەرەو بنەماکانی هونەری گریك و ڕۆم گەڕانەوە، بەم هونەرەشیان گوت کلاسیکی نوێ. باشە کلاسیك یانی چی؟

کلاسیك واتە شتێکی نموونەیی، بە ئەندازە و پێوەر، بەهایەکی هەمیشەیی و ئاستێکی بەرزی بێ کۆتای هەیە. کلاسیك تەنیا بە هونەرەوە پەیوەست نییە، بەڵکوو وێژە و پیشەسازی و کولتوور بە گشتی دەگرێتەوە. کلاسیك، هونەرێکی دامەزراوی تەژی لە جوانی، ڕوون و سادە و کتومت لە شێوە دەنوێنێت. ڕوونی و ئاشکرایی خەسڵەتی هەر بەرهەمێکی کلاسیکە، بینەر سەرسام و شێت و شەیدا دەکات. هونەری کلاسیك لێڤەگەڕ (مەرجەع) ێکی نموونەیی و زۆر باو و پەسند دەسەپێنێت. ئەمە پێناسەیەکی کورتی کلاسیکە.

بەر لەوەی بە مێژووی هونەری شێوەکاریدا بچینە خوارێ، گرنگە هەڵوەستە لە ئاست زاراوەی (قوتابخانەی هونەری)دا بکەین. بە کاریگەریی ڕەخنەی شێوەکاری لە زمانی عەرەبیدا، وشەی قوتابخانەی هونەری هاتە نێو زمانی ڕەخنەی کوردییەوە. بەکار هێنانی زاراوەی قوتابخانە دەرهەق بە مێژووی هونەری شێوەکاری، دروست نییە. دروست ئەوەیە بڵێین ڕەچەکانی هونەری شێوەکاری، ئەوانەی لە سەدەی نۆزدەم و بیستەمدا پەیدا بوون، قوتابخانەی هونەر نەبوون، بەڵکوو ڕچەی هونەر بوون نەك قوتابخانە. ئیدی لێرە بە دواوە بەکار هێنانی وشە/ زاراوەی قوتابخانە بۆ مێژووی دوو سەدەی ڕابردووی هونەری شێوەکاری هەڵەیە، لە بری ئەوە وشە/ زاراوەی ڕچە پێشنیار دەکەم، پێشم وایە پڕ بە پێستی ئەو گەشە کردن و گۆڕانکارییەی هونەری شێوەکارییە، کە لە مێژووی هەردوو سەدەی نۆزدەم و بیستەمدا ڕووی دا.

# کاردی بی بە مایک هێرش دەکاتە سەر کچێک

سوپەرستاری نێودەوڵەتی (کاردی بی) لە سۆشیال میدیاوە مشتومڕێکی زۆری درووست کرد دوای ئەوەی لە میانەی ئاهەنگێکدا بە مایکەکەی دەستی هێرشی کردە سەر یەکێك لە کچە هەوادارەکانی، ئەم ڕەفتارەش کاردانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا.

فۆڵۆوەرەکانی سۆشیال میدیا ڤیدیۆی کاردی بییان بڵاو کردەوە کاتێك لەسەر سەکۆی شانۆ گۆرانی دەڵێت لەبەردەم هەزاران لە هەوادارانی، لە کاتێکدا کە بە تەواوی لەگەڵ کەشوهەوای ئاهەنگەکەدا گونجاو بوو و جەماوەریش لەگەڵ گۆرانییەکانی سەرقاڵی سەماکردن و گوتنەوەی گۆرانییەکەی بوون، یەکێك لە هەوادارانی بوتڵێکی شەرابی ئاراستەی کاردی کرد، ئەم کارە وایکرد کە کۆنترۆڵی بەسەر خۆیدا نەمێنێت و کاردانەوەیەکی زۆر توندی بەرامبەر بەم کچە نواند، کە مایەی سەرسوڕمان و شۆکی تەواوی ئەو کەسانە بوو کە لە ئاهەنگەکەدا بوون تان دواتر لە سۆشیال میدیا دیمەنەکەیان بینی، چونکە مایکرۆفۆنەکەی دەستی بەهێزە و توڕەییەوە ئاراستەی ئەو کچە کرد و، چەند قسەیەکی توندیشی ئاراستە کرد، لە هەمان کاتدا پاسەوانەکانیش خێرا گەیشتنە سەر شانۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە لە ترسی تەشەنەسەندنی.



هەوادارانی کاردی بی لە بەرامبەر ئەم ڕەفتارە بوونە دوو بەرە، بەشێکیان پێیان وابوو کاردانەوەکەی پەلە بوو و بە ڕەفتارێکی (توندوتیژ) وەسفیان کرد، لە بەرامبەردا بەشێکی دیکە بە ڕەفتارێکی سرووشتی و بەرگری لە خۆکردنیان وەسف کرد، چونکە بەم دواییانە ئەم کارانە بەرامبەر بە هونەرمەندان زیادی کردووە و، لە چەند ئاهەنگێکی دیکەش بەدی کراوە و لە زۆریان خودی هونەرمەندەکە ئازاری جەستەیی و دەروونیی پێگەیشتووە. پێشتر خانمە گۆرانیبێژ (بەیبی ڕیکشا) لە کاتی گۆرانی گوتندا لە یەکێك لە ئاهەنگەکانیدا تووشی کارێکی لەم شێوەیە بووەوە، دوای ئەوەی کچێك مۆبایلەکەی تێگرت و تووشی سووکە برینێك بوو.



## کایلی جێنەر:
# نەشتەرگەریی جوانکارییم ئەنجام نەداوە

کایلی جێنەری کچە مۆدێل و چالاکوان ڕایگەیاندووە کە نەشتەرگەریی جوانکاریی بە هیچ شێوەیەك ئەنجام نەداوە، تەنیا هەندێك فیلەری کردووە، بەڵام ئامادەبووان باوەڕیان نەکردووە و پێچەوانەی قسەکانیان بە وێنە سەلماندووە!

کایلی جێنەر، لە کۆتا ئەڵقەی زنجیرە ڕیالێتییەکەی (ئەل کارداشیان) دا ڕایگەیاندووە، بە هیچ شێوەیەك نەشتەرگەریی جوانکاریی بۆ نەکراوە، و تەنیا دەرزیی فیلەری بەکارهێناوە بۆ جوانکردنی دەموچاو، بەڵام جەماوەرەکەی ئەم لێدوانەیان بەدڵ نەبووە، بەڵکو هێرشیان کردە سەری و وێنەکانی دەرکەوتنی ئێستای لەگەڵ وێنە کۆنەکانیان بەراورد کرد.

کایلی ڕایگەیاند کە زۆرجار هەست بە نا ئارامی دەکات، بەهۆی ئەو فشارانەی کە لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەمەش ناچاری دەکات هەمیشە بیر لەوە بکاتەوە کە بە باشترین شێوە ئەوەیە بە کاملی دەربکەوێت، هەروەها بەهۆی ئەو گریمانە هەڵانەی کە کاریگەرییان لەسەر متمانە بەخۆبوونی هەیە.

کایلی ئەوەشی ڕاگەیاند کە پێچەوانەی ئەو دەنگۆیانەیە کە هەمیشە بەدوایدا هاتوون، کە منداڵێکە متمانەی بە خۆی نییە و هەمیشە بەدوای نەشتەرگەریی جوانکاریدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بە تەواوی سیماکانی دەموچاوی بگۆڕێت، هەموو ئەم دەنگۆیانەی ڕەت کردەوە و دانی بەوەدانا کە تەنیا هەندێك فیلەری بەکارهێناوە!

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ڕقی لە گوێچکەکانی بووە بەهۆی ئەوەی خوشکەکانی قسەی ناشرینییان پێگوتووە، بەڵام کایلی بەم شێوەیە لێی تێنەگەیشتووە.

لێدوانەکانی کایلی لەلای خەڵك بێ وەڵام نەبوون، چونکە زۆرێکیان هێرشیان کردووەتە سەری و بە درۆزن وەسفیان کرد، ئەوەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە چەندین نەشتەرگەریی جوانکاریی بۆ کراوە و ئەمەش لە وێنەکانی کایلی و گۆڕانی سیماکانی بەدرێژایی ساڵ بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لووت، لێو، چەناگە و برۆ و تەنانەت شێوەی جەستەش.

خانمە شێوەکار بەفرین چەلەبیانی:

# تابلۆکانم گوزارشت لە لە ژیانی ئافرەتی کورد دەکات

**بەفرین چەلەبیانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕووی لە باشوور کرووە و ئێستا لە پارێزگای سلێمانی ژیان بەسەر دەبات، بەفرین لە بواری شێوەکاریدا برەو بە کارەکانی دەدات و تابلۆکانی گوزارشت لە یەکسانیی مرۆڤەکان و پاکیی سرووشت دەکات، لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.**



*** ئەگەر بکرێت زیاتر خۆت بناسێنیت کە بەفرین کێیە و بە چییەوە سەرقاڵە؟**

- ناوی من بەفرین چەلەبیانییە و خەڵکی مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم و ئێستا لە شاری سلێمانی دەژیم، کاری شێوەکاری و خۆشنووسی دەکەم.

*** چ پەیامێکت هەیە کە دەتەوێ لە ڕێگەی تابلۆکانتەوە بیگەیەنیت؟**

- لە ڕێگەی تابلۆکانمەوە دەمەوێ ژیانی خۆم باشتر بکەم و خزمەتی هونەری گەلی کورد بکەم، بەتایبەتی پێم خۆشە بتوانم لە وڵاتانی دەرەوە پێشانگە بکەمەوە و هونەری کوردی بڵاو بکەمەوە.

*** لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هونەری شێوەکاری وەك پێویست گرنگیی پێدراوە؟**

- لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی نەبوونی ئازادی و تێکچوونی ئابوورییەوە هونەر بە گشتی و شێوەکاری بەتایبەتی گرنگیی پێ نەدراوە و، ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کە دەوڵەت وەك حەرام چاوی لێکردووە و کوردیش دەسەڵاتی سیاسی نییە.

*** نیشتەجێبوونت لە هەرێم تا چەند هاریکار بو بۆ برەودان بە هونەرەکەت؟**

- لە هەرێمی کوردستان هەرچەندە بەراورد بە ڕۆژهەڵات دەرفەتی زیاتر هەیە، بەڵام زۆر ئاستەنگی تایبەتیش بۆ ئێمە هەیە، بەتایبەت لە بواری یاسایی، بەڵام دیسان ئێمە هەوڵ دەدەین لە هەرێمی کوردستان خۆمان بە غەریب نەزانین و خزمەتی هونەری کوردی بکەین.

*** تا ئێستا بەشداریت لە چەند پیشانگەدا کردووە؟**

- لە ئێران شەش پێشانگەی تابلۆ و دوو پێشانگەی کاریکاتێرم کردووەتەوە، یەکیك لە ئاواتەکانم ئەوەیە بتوانم لە گشت شارەکانی کوردستان پیشانگە بکەمەوە.

*** لە کام ڕێباز و قوتابخانەی هونەری زیاتر نزیکیت؟**

- من زیاتر لە قوتابخانەی ئیمپەرسیۆنیسم نزیکم، واتا هەڵسەنگاندنی نوور و ڕەنگ و شێواز و دروستکردنی ڕوانگەیەکی زانستی لە هونەر.



*** وەك ئافرەتێکی نیگارکێش، چ ئاستەنگێك زیاتر دێتە سەر ڕێگەت؟**

- ئێستا گەورەترین ئاستەنگی بۆمن ئەوەیە کە کێشەی نشینگەم بۆ دروست بووە و بەهۆی ئەوەی هیچ شوێنێك نەبووە پشتگیریم بکات، لەوانەیە نەتوانم لێرە بمێنمەوە و بەردەوامی بە هونەر بدەم.

*** ئافرەت تا چەند لە تابلۆکانتدا ڕەنگی داوەتەوە؟**

- ئافرەتان یەکێك لە گرنگترین بابەتەکانی کاری وێنەکێشیانی منن و خۆم وەك ژنێك زیاتر هەستم بە کێشەی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا کردووە، بۆیەش هەوڵ دەدەم هەمیشە کاری لەسەر بکەم بە هیوای کاریگەربوونی لە کۆمەڵگە، پێموایە ئەوکارەی هونەری دەست دەیکات هەرگیز کامێرا نایکات.

*** تا ئێستا چەند تابلۆت فرۆشراوە**

- ژمارەی تابلۆکانم کە فرۆشتوومە زۆرن و سەدان تابلۆم کێشاوە، بەڵام ژمارەکەم نەنووسیوە کە ڕێك بزانم چەند بووە.

*** نیگارکێشی بۆ تۆ حەزێکی هونەرییە یان سەرچاوەی بژێویی ژیانە؟**

- نیگارکێشی بۆ من زیاتر حەز و خولیایە، بەڵام لە هەمان کات یارمەتیدەر بووە و سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ بژێوی و بەڕێوەبردنی ژیانم.

*** زۆرترین نرخی تابلۆکانت چەند بووە؟**

- زۆرترین نرخی تابلۆیەك فرۆشتوومە ٣٥٠ دۆلار بووە، کە ئەویش خۆشنووسی بوو تێکەڵ بە نیگارکێشی.



لەرێ عەتار محەمەد
یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی سلێمانی:

# پێویستە دایک و باوکان هانی منداڵەکانیان بدەن تا لە تەمەنێکی بچووکەوە خولیای وەرزشیان بۆ پەیدا ببێت



*** چۆن لە نێو ئەم هەموو وەرزشە جۆراوجۆرەدا یاریی تۆپی باڵەت کردە یاریی سەرەکیی خۆت؟**

- خولیایەکی زۆرم هەبوو بۆ ئەم یارییە، کاتێك لە تەمەنی منداڵیدا دەستم کرد بەم یارییە، لە یانەی پێشمەرگەوە دەستم پێکرد، و لە ئێستادا لەگەڵ هەمان ڕاهێنەر و هەمان تیم لە یانەی وەرزشی سلێمانی ڕکابەری دەکەین.

*** هەست ناکەی یاریی باڵە قورسە و تۆش وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- بەڵێ، دەزانم وەرزشێکی قورسم هەڵبژاردووە، بەڵام ئامانجی من گەیشتنە بە ولووتکە لەم وەرزشەدا و گەیشتنە بە پلە یەکی باش.

*** بۆچی یاریی باڵە لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- لە بەر ئەوەی لە کوردستاندا ئاستەنگی زۆر دێتە پێش ئەم یارییە، چەند کەموکورییەك هەیە لەوانش یاریگە و کەرەستە و کەلوپەل و یارمەتی نەدانی یانەکان لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.

*** بۆچی ئەم یارییە لە ئاستی کچان پێشوازی باشی لێ نەکراوە لە شارەکانی کوردستان؟**

- ئاستی ئەم یارییە دواکەوتووە لە شارەکانی کوردستاندا و بەپێی پێویست نییە لە هەموو ڕوویەکەوە لە پاڵپشتیکردنی یاریزانان و دابین نەکردنی پێداویستی و...هتد.

*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی بە شێوەیەکی گشتی؟**

- بەشێك لە یانەکانی کوردستان گرنگی بەم یارییە دەدەن و تیپیان هەیە و ساڵانە بەشداریی کێبڕکێکان دەکەن، بەڵام هەتا خول و مەشق بەردەوام هەبێت ئاستی ئەم یارییە دەچێتە قۆناغی باشتر لە داهاتوودا.

***چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- پێویستە لەسەر دایك و باوکان هانی منداڵەکانیان بدەن تا لە تەمەنێکی بچووکەوە خولیای وەرزشیان بۆ پەیدا ببێت، بۆ ئەوەی یاریزان لە تەمەنێکی کەمەوە دەست پێ بکات و، بتوانێت کاتێك تەمەنی بەرەپێشچوو ئاستێکی وا پێش بکات کە جیاوازییەکی وای نەبێت لەگەڵ یاریزانی دەرەوەدا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دروستکردنی کەسایەتییەکی باش لە کۆمەڵگەدا.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێکی لاو لەم یارییەدا؟**

- بەرنامەی من بۆ ئەم وەرزشە پێشکەوتنمە تا بتوانم بگەم بە ئاستێکی بەرچاو و باش تا بەشداریی پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بکەم.

*** یانەی سلێمانی پاڵەوانی لاوانی باڵەی عێراق**

**یانەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کوردستان کەوا بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بە وەرزشی ئافرەتان دەدات، ماوەی چەند ساڵێکە یانەکە گرنگیی زۆر بە یاریی باڵەی لاوان دەدات لە ئاستی کچان، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن بەم تیپە کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، لە دواین پاڵەوانێتیی باڵەی لاوانی یانەکانی کچانی عێراقیش، یانەی سلێمانی بۆ دووەم ساڵ لەسەر یەك نازناوی پاڵەوانێتییەکەی بۆ خۆی هێشتەوە و لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەکەمی بەدەست هێنا، تیپی باڵەی یانەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە ئەم ساڵ ڕۆڵی گرنگیان گێڕا لە بەرزکردنەوەی نازناوەکە، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق (لەریَ عەتار محەمەد)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٤ی پارێزگای سلێمانییە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجامدا.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

**چۆن هاوکاریتان دەکات؟**

- یانەی سلێمانی یاریگەمان بۆ دابین دەکات و هاوکاریشمان دەکات لە چەند ڕوویەکەوە، ئەمەش بۆ ئێمەی یاریزان زۆر باشە.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

-گرفتی ئەم یارییە لە ئاستی یاریزانەکاندا دەبینم، لەگەڵ نەبوونی چەند ئامێرێکی تایبەت بەم وەرزشە کە لە وڵاتی ئێمەدا نییە، لەگەڵ خراپیی باری دارایی یاریزانەکان، کە نەتوانن پێش بکەون تیایدا، یارمەتینەدانی یانەکان بە یاریزانان کە ئەویش بەربەستێکە بۆ یاریزان بۆ پێشکەوتن، پاڵپشتی نەکردن دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی یاریزان.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

- هیوادارم بتوانم پەرە بە ئاستی خۆم بدەم و لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بەشداری بکەم.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتانن بۆ وەرزشکردن؟**

-خانەوادەکەم زۆر پشتگیریم دەکەن بۆ ئەم وەرزشە و هانم دەدەن کە بەردەوام بم لە وەرزشکردن سوپاسیان دەکەم، خێزان بڕبڕەی تواناکانتە ئەگەر پاڵپشت نەبوو دڵنیابە ئەنجامت نییە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ م. ئالانی ڕاهێنەر کە زۆر یارمەتیدەر بووە لە پێشکەوتنم لەم بوارەدا، هەموو کات هەوڵی تەواوی داوە بۆ ئەوەی ئێمە بگەیەنێ بەم ئاستە، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی ئازیز کە بەردەوامە لە خزمەتی وەرزش.


# ئەلڤێس سزایەکی قورس دەدرێت

دوای ١٥ دانیشتنی دادگا، دادگای باڵای بەرشلۆنە بە فەرمی ڕایگەیاند، کە دانی ئەلڤێس نەیتوانیوە خۆی لە تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی ڕزگار بکات، بۆیە پێویستە قەرەبووی دارایی ئەو کچە بکاتەوە و پێشبینی ئەوە دەکرێت سزایەکی قورسی زیندانی بەسەردا بسەپێت. دادگا بڕیاریداوە لەم هەفتەیە دانیشتنێکی دیکە لەبارەی کەیسەکەی دانی ئالڤێس ئەنجام بدرێت، لەو دانیشتنە بڕی پێبژاردن و ژمارەی ساڵەکانی زیندانیکردنی یەکلایی دەکرێتەوە.

دادگا ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە ئالڤێس ئەو قسانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا کردووە ڕاست نەبووە، کە گوایە ئەو کچە بە خواستی خۆی پەیوەندی لەگەڵ ئالڤێس بەستووە.

بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی دادگای باڵای شاری بەرشلۆنە بڵاوی کردووە بەهۆی ئەوەی ئالڤێس دەستدرێژی کردووەتە سەر کچێکی تەمەن ٢٣ ساڵ، ڕەنگە ئەو یاریزانە بەرازیلییە بۆ ماوەی ٤ تا ١٢ ساڵ زیندانی بکرێت. دادگا ئالڤێس ناچار دەکات بە پێدانی بڕی ١٥٠ هەزار یۆرۆ وەکو قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە دەروونی و ئەخلاقییەی بەهۆی هەڵسوکەوتی یاریزانە بەرازیلییەکە بەرامبەر ئەو کچە کراوە. لە مانگی ١ی ساڵی ڕابردووەوە دانی ئەلڤێسی لە گرتووخانەی برانس لە شاری بەرشلۆنە دەستبەسەرە.

سەرەڕای ئەوەی ئالڤێس سێ جار لە لێکۆڵینەوەکاندا ڕایگەیاندووە، کە ئەو کچە بە خواستی خۆی پەیوەندی لەگەڵ دروست کردووە، بەڵام دادگا ڕەتیکردەوە ئەلڤێس ئازاد بکات یەکەمیان لەبەرئەوەی، کە کەسێکی دەرەوەی ئیسپانیایە و خاوەنی بڕە پارەیەکی زۆرە ڕەفتارەکانیشی نائاساییە.










# سێ کور و باوکێک لە یەک یانە کار دەکەن

لە ریزەکانی یانەی هێرتابەرلین سێ برا یاری دەکەن، بەڵام ئەوەی سەیرە راهێنەری یانەکەیە کە ناوی پاڵ داردایە و باوکی ئەم سێ یاریزانەیە لە یەکەمین یاریشیان لە خولی پلە دووی ئەڵمانیا بەرامبەر فۆرتنا دۆسڵدۆرف بە گۆڵێکی بێ بەرانبەر سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و هەر سێ براکە بەیەکەوە بەشدارییان کرد.

پاڵ داردای، کە راهێنەرە و باوکی سێ یاریزانەکەیە سەرەتا مارتۆن داردای کوڕی لە پێکهاتەی سەرەکی دانا دواتر لە خولەکی ٢٩ پاڵکۆ داردای بەشداری پێکرد پێش ئەوەی کوڕی سێیەمی بچێتە نێو یارییەکە لە خولەکی ٧٦.

دوای یارییەکەش پاڵ داردای رایگەیاند: چارەنووس ویستوویەتی بەمشێوەیە بێت.

ناوبراو هێما بۆ ئەوەش دەکات: ئەمە چیرۆکی خێزانەکەمە باوکم پێشتر لە هەنگاریا یاری لەگەڵ براکەم دەکرد ئەمە بۆ ئێمە شتێکی ئاساییە پێش هاتنم بۆ ئەڵمانیاش لەگەڵ براکەم یاریم کردووە.

ئاماژە بەوەش دەکات ئێستا دوای مانەوەم بۆ ماوەیەکی درێژ لە هێرتابەرلین کوڕەکانم بەباشی گەشەیان کردووە و یاریی دەکەن.



# ریاڵ مەدرید دوو مانگ لە ئەستێرەیەکی بێبەش دەبێت

ئاردا گولەر یاریزانی لاوی تورکیا و سەرەتای دەستپێکردنی لەگەڵ یانەی ریاڵ مەدرید باش نەبوو و دەرکەوتنی یاریزانەکە بەدرێسی یانەکەوە تادێت دوادەکەوێت.

ئاردا نزیکەی دوو مانگە پەیوەندی بە یانەی ریاڵ مەدرید کردووە، بەڵام یاریزانەکە هیچ یارییەکی بەدرێسی یانەکە ئەنجامنەداوە هۆکارەکەشی ئەو پێکانەیە، کە تووشی بووە.

گولەر لە کەمپی مەشقەکانی ریاڵ مەدریددا لە بەشی ناوەوەی ئەژنۆی راستیدا تووشی پێکان بوو بەو هۆیەوە یاریزانەکە کەمپەکەی بەجێهێشت و بۆ وەرگرتنی چارەسەر گەڕایەوە مەدرید.

رۆژنامەی ئەی ئێسی ئیسپانی و نزیک لە ریاڵ مەدرید دەڵێت: بەهۆی ئەو پێکانەی یاریزانەکە تووشی بووە بەلای کەمەوە دوو مانگ لە یاریگەکان دادەبڕێت بەمەش یاریزانەکە دەرکەوتنی بەدرێسی یانە ئیسپانییەکەوە زیاتر دوادەکەوێت.

سەرەڕای ئەو پێکانەی یاریزانەکە تووشی بووە هێشتا کارلۆ ئەنچێلۆتی بە تواناکانی ئەو یاریزانە گەشبینە و تیمی پزیشکی یانەکەی راسپاردووە بۆ ئەوەی بە وردی چاودێری بارودۆخی یاریزانەکە بکەن بۆ ئەوەی بۆ قۆناخی داهاتوو بەتەواوی و بەباشی ئامادەبێت.

یاریزانە ١٨ ساڵەکەی تورکیا لە گواستنەوەی ئەم هاوینەدا لە یانەی فەنەرباخچەی تورکی بەرامبەر ٢٠ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندیی بە ریاڵ مەدرید کرد.

# کوڕە کوردێک لە پاڵەوانێتی ئاسیا بەشدار دەبێت



لە شاری بەغداد بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تایکواندۆی عێراق پاڵەوانێتی تایکواندۆ بۆ یاریزانانی کچ و کوڕی خاوەن پلەکانی یەکەم تا سێیەم، لە دواین پاڵەوانێتیی تایکواندۆی یانەکانی عێراق بەڕێوە چوو، مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییە دەستنیشانکردنی یاریزانانی هەڵبژاردەی نیشتمانیی تایکواندۆی عێراقییە بۆ پاڵەوانێتیی ئاسیا، کە بڕیارە لە داهاتوودا پاڵەوانێتییەکە لە وڵاتی لوبنان بەڕێوە بچێت، لەم نێوەندەشدا کوڕە یاریزانی کوردی شاری هەولێر، یاریزانی قوتابخانەی تایکواندۆی پاڵەوانان توانی ببێتە یەکێك لە یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق، لە بارەی سەرکەوتنی ئەم یاریزانە کوردەش بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی تایکواندۆی عێراقی (عەلی سەرکەوت) ڕاهێنەری قوتابخانەی تایکواندۆی پاڵەوانان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یاریزانی قوتابخانەکەم لە کێشی ٣٢کگم توانی پلێتی سەرکەوتن بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی بەدەست بهێنێت و ببێتە یەکێك لە یاریزانە سەرەکییەکانی هەڵبژاردە، لە ئێستادا دەچنە نێو کەمپێکی مەشقی و ڕاهێنان لە وڵاتی ئێران، دواتریش لە مانگی ئاب بەشداریی پاڵەوانێتیی ئاسیا دەکەن، لە بەیرووتی پایتەختی لوبنان بۆ یەکەم جارە دەچێتە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق و بەشداری لە پاڵەوانێتی ئاسیاش دەکات، ئێمە ماندووبوونی زۆرمان لەگەڵ یاریزانانی قوتابخانەکەمان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین پەرە بە ئاست و توانایان بدەین، بۆ ئەوەی لە داهاتوو بتوانن چەندین مەدالیای جۆراو جۆر بەدەست بهێنن لەسەر ئاستی دەرەوەی عێراق، لە هەوڵەکانیشمان بەردەوام دەبین بۆ دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانای دیکە بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی یاری بکەن، جێگەی ئاماژە پێکردنە جگە لەم یاریزانە دوو یاریزانی شاری هەولێر لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان گەیشتونەتە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق.

# زاخۆ ڕاهێنەرێکی قەتـ

کارگێڕیی یانەی وەرزشیی زاخۆ دوای ئەوەی ئەم وەرزە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی لەگەڵ ڕاهێنەری پێشووی یانەکەیان (نزار مەحروسی سووری) کە سەرپەرشتیی تیپی تۆپی پێی یانەکەی کرد لە قۆناغی دووەم و، توانیی تەنیا مانەوەی یانەکە لە خولەکە مسۆگەر بکەن، دوای کۆبوونەوەی نێوان کارگێڕیی یانەی زاخۆ و ستافی ڕاهێنەران نەگەیشتنە ڕێککەوتن، بۆیە کارگێڕیی یانەی زاخۆ بیری لە هێنانی ڕاهێنەر کردووەتەوە بۆ ئەوەی سەرپەرشتی تیپەکە بکات لە وەرزی نوێ خولی لیگای عێراقی، بۆیە چەندین ڕاهێنەر ناوی هەبوو بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی یانەی زاخۆ بکات لە خولی عێراقی لە وەرزی تازە، بەڵام دوای چەندین کۆبوونەوە لەسەر دیاریکردنی ڕاهێنەرێك، بۆ ئەوەی بتوانێت یانەی زاخۆ لە وەرزی نوێی کێبڕکێ لەسەر بە دەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات و ببێتە یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولەکە، دواجار یانەکە بە فەرمی بڕیاری دا (تەلال ئەلبلوشی) قەتەری بە ڕاهێنەری یانەکە دەستنیشان بکات، بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە لە وەرزی تازە، یانەی زاخۆ بە فەرمی ئەم ڕاهێنەرە لاوەی پەسەند کرد کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٦ و یاریدەدەری یانەی شیمالی قەتەرییە و پێشتریش یاریزانی



# یانەی خانزاد نوێنەرانی کوردستانیی دیاری کرد

لە درێژەی کارو چالاکییەکانی یانەی وەرزشی شەترەنجی خانزاد بە مەبەستی دەستنیشانکردنی یاریزانانێك وەکو نوێنەری کوردستان، بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی دەرەوە، بە بەشداری ٤٨یاریزانی کوڕ و کچ بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییەیان کرد، کە ماوەی پێنج ڕۆژ یاریزانانی بەشداری بوو لە ئاستە جیاوازەکان شەڕی بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەیان دەکرد، لە بارەی ئەنجامدانی چالاکییە بەردەوامەکان (دکتۆر دڵزار حەمە ساڵح) سەرۆکی یانەی وەرزشی شەترەنجی خانزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «چالاکییەکانمان بەردەوام دەبێت بەمەبەستی دەستنیشانکردن و بەهێزکردنی یاریزانانی ئاستە جیاوازەکان لە یانەکەمان، بۆ ئەوەی بەردەوام بتوانین تیپێکی بەهێزمان هەبێت لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکان، ئێستاش خولی بەهێزکردنی ئەو یارییەمان هەیە لە یانەی خانزاد، بۆ ئەوەی زۆرترین ئارەزوومەند فێری ئەم یارییە ببن و ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەم یارییە هەبێت، لە دوای ئەنجامدانی نۆ جەولە لە پاڵەوانێتیەکەش، ئەنجامی کۆتایی بەم شێوەیە بوو».

١-ئەحمەد جەزا حەوت خاڵ
٢-ڕێباز ناسر حەوت خاڵ
٣-ڕەوەند حامید ٦,٥خاڵ
٤-ڤاڤێر ئیسماعیل ٦,٥خاڵ
٥-نەبیل عەزیز ٦,٥ خاڵ




# ـــــەری دەهێنێت

هەڵبژاردەی قەتەر و لە یانەکانی سەدی قەتەر و شەبابی سعودی یاریی کردوە، زاخۆ دەیەوێت بەم ڕاهێنەرە لاوە ئاست و ئەنجامی گەورە لە خولی عێراقی بەدەست بهێنێت، چونکە یانەکە ئەم وەرزە تەنیا نەیتوانی بەشدار بێت و چاویان لە ئەنجامی گەورەیە لە خولی نایابی عێراق. پێشبینیش دەکرێ کارگێڕیی یانەکە گرێبەست لەگەڵ چەندین یاریزانی ئەستێرە مۆر بکات لە ئایندەیەکی نزیکدا.

# چۆن گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە ددانەکان تێک دەدات؟



چینی مینای ددان لە ئاستی ترشێتی pH 5.5 دا تووشی سووان دەبێت، لەوکاتەی کە ئاستی ترشێتی گەدە دەگاتە pH 2.0 واتە ئاستی ترشێتی بەهێزتر، بۆیە کە ترشەڵۆکی گەدە دەگاتە ددانەکان ئەوا بە توندی تووشی سووان یان داڕووشان Ero-sion دەبن، بەتایبەتی لە ڕووی ناوەوەی ددانەکاندا. لێکۆڵینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە نیوەی ئەو کەسانەی تووشی گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە GERD بۆ سووربێنچک و قوڕگ و دەم بوونەتەوە، لە هەمان کاتدا تووشی سووانی ددانەکانیش دەبن، کە هۆکارە بۆ دروستبوونی چاڵ و زیادبوونی ئەگەری هەوکردن بە بەکتریا یان کلۆربوون. ئاماژە بەوەش کراوە کە گرفتەکە زیاتر لەکاتی نووستندا ڕوو دەدات کە کرداری قووتدان و ڕێژەی دەردانی لیک کەم دەبێتەوە، هەروەها وشکبوونی دەم هۆکارێکی دیکەی هاندەرە بۆ سووانی ددانەکان کە لەوانەیە لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەرمان بۆ هاوسەنگکردنەوەی ترشەڵۆکی گەدە ڕوو بدات. سووانی ددان حاڵەتێکی هەمیشەییە و نیشانەکانی بریتین لە: ئازار و هەستیاربوونی ددان بە شلەمەنیی گەرم و سارد و شیرین، زەردبوونی ڕەنگی ددانەکان، پەیدابوونی کەلێن لە نێوان ددانەکاندا، لەگەڵ دروستبوونی چاڵ و کلۆربوونی ددانەکان.

# میوە گرنگەکانی سافکردنی پێست

میوە بەگشتی ڕۆڵی زۆر گرنگیان بۆ تەندروستی هەیە، بەڵام هەندێك میوە سوودی تایبەتیان بۆ پێست هەیە، بۆنموونە پرتەقاڵ، سێو، شووتی، لیمۆ، مانگۆ، فەراولە، هەنار، مۆز، لەگەڵ کیوی کە هەر یەکێکیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆ پاراستنی تەندروستیی پێست. پرتەقاڵ: سەرچاوەیەکی دەوڵەندە بە ڤیتامین C کە هاندەرە بۆ دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین لە پێستدا، کە ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ پاراستنی توانای لاستیکیی پێست. سێو: ڤیتامینەکانی E،C ،A، ڕیشاڵ، ماددەی دژەئۆکسان، لەگەڵ پۆتاسیۆم و مەگنیسیۆم لەخۆدەگرێت. شووتی: ڕێژەی ئاو تیایدا دەگاتە ٩٢٪ و دەوڵەمەندە بە ڤیتامینەکانی C ،B ،A. لیمۆ: دەوڵەمەندە بە ڤیتامین C، ئەگەری تاریکبوونی پێست و زیپکە کەم دەکاتەوە. مانگۆ: بە شای میوەکان ناسراوە و یەکێکە لە باشترینی میوەکان بۆ سافکردنی پێست، چونکە دەوڵەمەندە بە دژەئۆکسانی پۆلیفینۆلەکان و بیتاکارۆتین لەگەڵ ڤیتامینەکانی K ،C ،E ،A. شیلیك (فەراولە): ترشی سالیسیلیك و ترشەکانی ئەلفا هایدرۆکسی AHAs تێدایە کە ڕۆڵیان هەیە بۆ ڕێگرتن لە زیپکەی پێست هاوکات لەگەڵ چالاکیی دژەبەکتریا و دژەهەوکردندا. هەنار: گرنگە بۆ پاراستنی پێست لەزووپیربوون و کاریگەرییە خراپەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی، چونکە دەوڵەمەندە بە ماددەی دژەئۆکسان و ڤیتامین و کانزا. مۆز: پۆتاسیۆم و ڤیتامین A لەخۆدەگرێت و ڕۆڵی هەیە بۆ پاراستنی شێداریی پێست. کیوی: زۆر دەوڵەمەندە بە ڤیتامین C و ماددە دژەئۆکسانەکان، ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ پاراستنی شێداریی پێست و کەمکردنەوەی دەردانی چەوری.





# زیاد خواردنەوەی قاوە لەکاتی دووگیانیدا زیانبەخشە

لێکۆڵینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە خواردنەوەی بڕی زیادی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو قاوە، چای، کۆلا، لەگەڵ خواردنەوە وزەبەخشەکان، کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر گەشەی منداڵ بە شێوەی کورتبوونی باڵا تا ٢،٥ سم لە تەمەنێکی زووی منداڵیدا. بە پێی ڕینمایی کۆلێژی ئەمەریکی نەخۆشییەکانی ئافرەت و دووگیانی منداڵبوون، پێویستە کە بڕی کافائینی ڕۆژانە لە ٢٠٠ ملگم زیاتر نەبێت کە دەکاتە کوپێکی گەورە کە ١٢ ئۆنس یان ٣٥٠ میللیلیتر قاوە لەخۆبگرێت، واتە ئەم بڕە سەلامەتە بۆ تەندروستیی دایک و منداڵ. کافائین Caffeine هۆکارە بۆ تەسکبوونەوەی بۆڕیە خوێنەکانی منداڵدان و وێلاش، واتە کەمتر گەیشتنی خوێن بە کۆرپە، کە کاریگەریی نێگەتیڤ دەکاتە سەر گەشەی کۆرپە. لە ئافرەتی دووگیاندا کافائین دەبێتە ئەگەری بەرزبوونەوەیەکی کەمیی پەستانی خوێن و زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، هەروەها ناڕەحەتی و زوو هەڵچوون، گرفت لە کۆئەندامی هەرس لەگەڵ تێکچوونی خەو. هەندێك لێکۆڵینەوەی دیکە ڕوونیان کردووەتەوە کە بڕی زیادی کافائین لەکاتی دووگیانیدا لەوانەیە ببێتە ئەگەری لەبارچوونی کۆرپە پێش ٢٠ هەفتەی دووگیانی، یان منداڵبوونی پێشوەختە Pre-term birthپێش ٣٧ هەفتەی دووگیانی.



# نیشانەکانی کەمیی ئاسن لە لەشدا

کانزای ئاسن Iron گرنگە لە دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوین، بۆیە کەمیی ئاسن دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی خڕۆکە سوورەکان و کەمتر گەیشتنی ئۆکسجین بە هەموو خانەکانی لەش. کەمیی ئاسن لە لەشدا هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی چەندین نیشانە، بەڵام کە ڕێژەی ئاسن بە شێوەیەکی بەرچاو لە لەشدا کەم دەبێتەوە ئەوا دەبێتە ئەگەری کەمخوێنی، کە باوترین جۆری کەمخوێنییە لە منداڵ و ئافرەتدا، بەتایبەتی ئافرەتی دووگیان. نیشانەکانی کەمیی ئاسن: هەستکردن بە بێهێزیی گشتی لەش، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، ڕەنگ زەردبوون، هەناسەتەنگی، بەتایبەتی لەکاتی چالاکیی وەرزشی و جووڵەی زیاد، دڵەکوتێ، نارەحەتیی قاچەکان لەکاتی نووستندا RLS، سەرئێشە، نارەحەتیی دەروونی و زوو هەڵچوون، قژهەڵوەرین، ساردبوونی دەست وپێیەکان، هەروەها گرفت لە تەرکیزکردندا کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر کار و ژیانی ڕۆژانە. هۆکارەکانی کەمیی ئاسن لە لەشدا: سووڕی مانگانەی قورس لە ئافرەتدا Heavy periods کە هۆکاری سەرەکیی کەمیی ئاسنە لە ئافرەتدا، دووگیانی، کەمیی ئاسن لە خۆراکدا، زیاد خوێنبەخشین، هەروەها خوێنبەربوون.

# هۆکارەکانی نۆرەی دڵ لە گەنجاندا



ئەگەرچی زۆر کەس پێیان وایە کە نۆرەی دڵ Heart attack زیاتر لە بەساڵاچوواندا ڕوو دەدات، بەڵام لە گەنجەکانیشدا ڕوودەدات و لە زیادبووندایە. هۆکارە هاندەرەکانی تووشبوون بە نۆرەی دڵ لە گەنجەکاندا: نەخۆشیی شەکرە کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و بەرزبوونەوەی کۆلیستیرۆڵ و پەستانی خوێن زیاد دەکات، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك زیاد دەکات، بەتایبەتی کە هاوکات بێت لەگەڵ قەڵەوی و نەخۆشیی شەکرەدا، کێشی زیاد و قەڵەوی کە ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و نەخۆشیی دڵ و گرفتی تەندروستیی دیکە زیاد دەکات، خواردنەوەی ئەلکهول و بەکارهێنانی دەرمانە هۆشبەرەکان کە هۆکارن بۆ تووشبوون بە ڕەقبوونی خوێنبەرەکان Atherosclerosis لە تەمەنێکی زوودا، هۆکاری بۆماوە بۆ چەند حاڵەتێکی وەکو نارێکیی لێدانەکانی دڵ و بەرزیی ئاستی کۆلیستیرۆڵی بۆماوەیی، کە لە دایك و باوکەوە بۆ منداڵەکان دەگوازرێنەوە، کێشانی ڤەیپ کە دەبێتە ئەگەری تێکدانی چینی ناوپۆشی خوێنبەرەکان، هەروەها جگەرەکێشان کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ تا سێ هێندە زیاد دەکات.

# ژەمی بەیانی پێش کاتژمێر ٨ لە نەخۆشیی شەکرە دەتپارێزێت

لە لێکۆڵینەوەکانی پەیمانگەی تەندروستیی بەرشلۆنە هاتووە کە خواردنی ژەمی بەیانی پاش کاتژمێر نۆ، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم تا ڕێژەی ٥٩٪ بەرزدەکاتەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پێش کاتژمێر هەشتی بەیانی یەکەم ژەمی سەرەکیی ڕۆژ دەخۆن. هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکی فەرەنسیدا هاتووە کە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری توشبوون بە نەخۆشیی شەکرە، جگە لە گۆڕینی جۆری خۆراك، کاتی خواردنیش ڕۆڵی گرنگی هەیە، ئەمە هاوکات لەگەڵ پەیڕەوکردنی هەنگاوەکانی دیکەی خۆپاراستن، وەکو مەشقی وەرزشی و دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان. ئەوەش سەلمێندراوە کە کاتی ژەمی خواردن ڕۆڵی هەیە لە ڕێکخستنی ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش و کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکر و چەورییەکانی خوێن. لە لایەکی دیکەوە ئاماژە بەوە کراوە کە خواردنی ژەمی ئێوارە پاش کاتژمێر ١٠ی شەو ئەگەری نەخۆشیی شەکرە زیاد دەکات. بەگشتی لە ئەنجامەکاندا هاتووە کە ژەمی بەیانی پێش کاتژمێر هەشت و ژەمی ئێوارە پێش کاتژمێر حەوتی ئێوارە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە کەم دەکاتەوە.



# هێدسێتێک ڕاستییەکان دەکاتە خەیاڵ



هێدسێت headset ئەو ئامێرەیە کە وەك چاویلکەیەکی زەبەلاح لەچاو دەکرێت، بەڵام لەبری ئەوەی دەوروبەر ببینی ئەو فیلم و داتا و زانیارییانە دەبینی کە لەسەر شاشەی چاوەکان نیشان دەدرێن.

فینلەند هێدسێتی جۆری varjo3ی بەرهەم هێناوە، پێچەوانەی ئەوەی هێدستێکی واقیعی- مەجازی بێت و واتە فیلمەکان بە شێوەی واقیعی نیشان بدات و بینەر وا هەست بکات لەناو جەرگەی فیلمەکەدایە، ئەو هێدسێتە دەتوانێت واقیعیەکان بەشێوەی خەیاڵ نیشان بدات. هێدسێتەکە بە هۆی ئەو کامێرایانەی کە لە سەری داندراون، دیمەنی دەرەوەی دەگوازێتەوە بۆ ناو شاشەکان و لەوێ بەشێوەی خەیاڵ دەیان بینی. بۆ نموونە کاتێك سەیری دەوروبەر دەکەی، هەست دەکەی لە شوێنێکی زۆر خەیاڵی دای، دیمەنەکان هەمان دیمەنن، بەڵام وەك خەیاڵ دەچن. تەنانەت ئەو گیاندارانەی لە دەوروبەرتن وەك گیانداری سێ ڕەهەندی 3D دەیانبینی. بەهۆی هێدسێتەکەوە کاتێك سەیری کەسێك دەکەی، دەتوانی وا بکەی کە ماسولکەکانی کەسەکە ببینی یان ناو دەروونی کەسەکە، بەڵام بەشێوەی مەجازی.

هێدسێتەکە کێشەکەی ٧١٧ گرامە. هێدفۆن و مایکی لەسەرە. دەنگەکانی دەوروبەریش دەکاتە شێوەی سێ ڕەهەندی. هێدسێتەکە دەکرێت لە بواری پزیشکی، ئەندازیاری و دیزاینی جلوبەرگ و کەرەسەکانی دیکە بەکار بێت.



# گەورەترین کۆنسۆلی یاری دەستی

کۆنسۆلی یاری دەستی بەو ئامێرە بچووکانە دەڵێن کە هەندێك لە مۆبایل گەورەترن و یاری ئەلکترۆنی پێدەکرێ. ئامێری گەڕۆکن و دەکرێ بەکارهێنەر لەگەڵ خۆی بۆ هەموو شوێنێك بیبات و پێویستی بە شاشەی تایبەتی نییە و شاشەکەی لەخۆیدایە.

کۆنسۆلی یاری لە جۆری AOKZOE A1 بە بەراورد بە ئامێرەکانی دیکەی یاری کردن گەورەترە. شاشەکەی ٨ ئینجە و یەکەی بەگەڕخەری زۆر بەهێزە. سیستەمی گرافیکی لە جۆری Radeon 680Mیە و فوول ئیچ دییە. بەهێزترین یارییە گرافیکیەکان بەخێراییەکی زۆر دەخوێنێتەوە. بۆ فێنك کردنەوەی پارچەکانی ناوخۆی لە پانکەی فێنککەرەوەی ئەلۆمینیۆمی و بۆری تایبەت سوود وەردەگرێ. سیستەمی ١١ی ویندۆز دەخوێنێتەوە. هەربۆیە دەکرێت بەهێزترین یارییەکانی لەسەر تاقیبکرێتەوە. کێشی ئامێرەکە ٦٦٨ گرامە. گلۆپە LEDیەکان لەلایەن بەکارهێنەرەوە گۆڕانکاری بەسەردادێت. لە سیستەمی شەحنکردنەوەی خێرا سوود وەردەگرێ و بۆیە بەماوەیەکی کەم شەحن دەبێتەوە. ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە.



# گەورەترین تەبلێتی خوێندنەوە

تەبلێتەکانی ئامازۆن تایبەت بە خوێندنەوە واتە kindle لە ڕیزی باشترین تەبلێتەکانی خوێندنەوە دێن. ئامازۆن نوێترین بەرهەمی کیندڵی خۆی بڵاوکردەوە کە بە جۆری scribe ناسراوە. تەبلێتەکە پشتیوانی ل ە کتێبخانە گەورەکەی ئامازۆن دەکات و دەکرێت لەوێوەوە کتێب وەربگری هەروەها چەندین ڤێرژنی هەیە، (١٦) (٣٢) (٦٤) گیگابایتی. قەوارەی تەبلێتەکە ١٠,٢ ئینجە. هەتا سێ مانگ شەحنی دانابەزێت. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەم ماوەی دانەبەزینی باتری بۆ ئەو کاتەیە کە بەکارهێنەر ڕۆژانە تەنیا نیو کاتژمێر بخوێنێتەوە. تەبلێتەکە قەڵەمێکی تایبەتی تێدایە بۆ نووسین، ئەگەر بەکارهێنەر لەبری خوێندنەوە کاری نووسین بکات، ڕەنگە باترییەکەی تەنیا ٣ هەفتە خۆی بگرێت.

لە تەبلێتی scribeدا دەتوانی یادداشتیش هەڵبگریەوە و پەراوێزیش لەسەر کتێبەکان بنووسی. هەروەها تایبەتمەندی دەفتەری یادداشت هەڵگرتنەوە و دەفتەری خوێندنی تێدایە، دەفتەرکان دەکرێت هێڵ هێڵ بن یان بەبێ هێڵ.



# ئامێرێک بۆ بێدەنگ کردنی سەگ

بە شوێنێك دادەڕۆی پڕە لە سەگی بەرهەڵڵا، یان سەگی پاس بەڵام دڕ کە دوور نییە پەلامارت بدەن. ڕەنگە بتوانی بە دار یا بەرد بەرگری لەخۆت بکەی و بەڵام جار هەیە داروبەردیش نییە.

لە تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەمدا ئامێرێك بۆ راونان یا بۆ بێدەنگ کردنی سەگ بەرهەمهاتووە بە jmcbbin ناسراوە. چەند دوگمەی هەیە لەگەڵ چرا لایەتێك. بە داگرتنی دوگمەکان شەپۆلێکی دەنگی کە مرۆڤ نابیسێت، بەڵام سەگەکان گوێیان لێدەبێت بەڕێ دەکرێ و وا دەکات سەگەکان چیدی نەوەڕن. دوگمەیەکی تایبەتی هەیە بۆ سەگە دڕ و هارەکان کە کاتێك گوێیان لێدەبێت لێت دوور دەکەونەوە. دوگمەی تایبەتیشی هەیە بۆ ڕاهێنانی سەگی ماڵەوە. ئامێرەکە شەحن دەکرێتەوە دوای شەحنکردنەوە هەتا دوو ڕۆژ دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت. گلۆپە تایبەتییەکەش جگە لەوەی وەك چرا لایتێك سوودی لێوەردەگیردرێت وا دەکات سەگە دڕەکان بەمەودوایەکی زۆر دوور بکەونەوە.







# هاتنە دی خەونێکی مرۆڤ

زۆربەی ئەو داهێنانەی پێشووتر لە خەیاڵی مرۆڤدابوون ئێستا بە کردەوە هاتوونەتە دی، یەکێك لەو خەونانەی مرۆڤ ئەوە بوو کە ئامێرێك دابهێنێ لە ئاسماندا وەك فڕۆکە بفڕێت و لە سەر ئاو وەك کەشتی بڕوات و لە دەشتایش وەك ئۆمبیل بێت. فڕۆکە کەشتییەکەی جۆری Equa- tor Aircraft Xcursion لانی کەم دوو لەو سێ شێوازەی ئاماژەمان پێدان هێناوەتە دی. هەم وەك کەشتی بە دەریادا دەڕوات و هەم بە وەك فڕۆکە بە ئاسماندا دەفڕێت. لە وزەی هایبریدی سوود وەردەگرێ، واتە هەم بەنزین و هەم وزەی کارەبایی. کێشی فڕۆکە



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن بتزانم فایلە سڕاوەکانی مۆبایل بهێنمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز، زۆرجاران مرۆ بە هەڵە بێ یان بە ئەنقەست فایلێك چ وێنە بێ یا داتا یا فایلێکی گرنگ لەسەر مۆبایلەکەی دەسڕێتەوە و پاشان نازانێت چ بکات؟ زۆر ڕێگا هەن بۆ هێنانەوەی فایلە سڕاوەکان، بەڵام ئاسانترینیان ئەپلکەیشینی Dumpster، باشترین ڕێگا چارە نییە، بەڵام ئاسانترینیانە.

ئەو ئەپە بە خۆڕایی لە گوگل پلەی دابەزێنە، پاشان کلیك لەسەر فەرمانی Re- fresh بکە. کە وەك هێمای سووڕانەوە بە دەوری یەك دەچێت. ئیدی کۆمەڵێك فایلی سڕاوە دەبینی. فەرمانی Preview دابگرە و تا ناوەڕۆکی فایلەکان بدۆزیەوە. دواتر فەرمانی Restore لێبدە. بەمجۆرە فایلەکان دەگەڕێنەوە.

# لە داهاتوودا کۆدی نهێنی نامێنێت

کۆدی نهێنی واتە password

ئەو کۆدانەی کە بەکارهێنەر بۆ چوونە ناو داتا کەسییەکانی خۆیان وەك کردنەوەی ئیمیل، هەژماری بانکی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سەدان لەو لاپەڕە و هەژمارانەی لە ئینتەرنێتدا بەکار دێن سوودی لێدەبینێت. کۆدە نهێنییەکان هەمیشە نهێنی نامێننەوە و زۆر جار بە ئاسانی ئاشکرا دەبن و لەکاتێکی وادا گشت زانیارییەکان دزیان پێدەکرێ.

لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا بۆ ئەوەی چیدی دزە بە پاسۆرد کۆدە نهێنییەکان نەکرێت و هاککەر و ئەوانەی کەڵکی خراپ لە تەکنەلۆژیای نوێ وەردەگرن دزە نەکەنە ناو زانیارییەکان. ئامێرێکی بچووك کە بەقەد فلاش میمۆرییەك دەبێت بەرهەم هاتووە. ئامێرە بچووکەکە بە U2F ناسراوە. بیرۆکەکەی هی کۆمپانیای گوگل و یوبیکۆوە و لەلایەن کۆمپانیای فلیپسەوە بەرهەمهاتووە. ئێستا زۆربەی ماڵپەڕە گرنگەکانی وەك گوگڵ بە هەموو لقەکانیەوە، فەیسبوك، دڕۆب بۆکس و یاهوو... پشتیوانی لێدەکرێ.

سیستەمی کارکردنەکە ئاوایە، فلاش میمۆرییە تایبەتییەکە واتە U2F دەخرێتە سەر کۆمپیوتەر یا مۆبایل، بەکارهێنەر دەچێتە ناو یەکێك لەو هەژمارانەی ئاماژەم پێدان بە پاسۆرد یا پەنجەمۆر بێ دەیکاتەوە، پاشان ئەو فلاش میمۆرییە تایبەتییە پێدەناسێنێ. دوای ئەوە کردنەوە هەژمارەکان تەنیا بە دانانی ئەو U2F دەبێت. ئەگەر هاککەرێك پاسۆردەکەشی بۆ ئاشکرا بێت، بەبێ دانانی U2F ناتوانێت بچێتە ناو هەژمارەکان.



کەشتییەکە ٧٤٠ کیلۆگرام دەبێت و هەروەها دەتوانێت دوو کەس هەڵبگرێت بەبارێکی ٢٤٠ کیلۆیی. ئەم فڕۆکە کەشتییە لەلایەن وڵاتی نەرویژەوە بەرهەم هاتووە. بەشێکی زۆری کێشی فڕۆکەکە هی باترییەکانیەتی، باترییەکانی سەد کیلۆ دەبن. خێراییەکەی ٢٤٠ کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا و دەتوانێت بەیەك گەشت ١٥٦٥ کیلۆمەتر ببڕێت، واتە شەش کاتژمێر. ئەم مەودایە و ئەم کاتە زۆرترین مەودا وکاتە بۆ فڕۆکەیەکی لە جۆری هایبریدی واتە کارەبا و بەنزینی.





## ماڵپەڕێک بۆ نەخشەسازی دیکۆری ماڵەوە

ئەگەر نیازت هەیە دیکۆری ناو ماڵەوەت بگۆڕی و هیچی لێنازانی؟ یان نازانی چۆن کەلوپەلەکانی ماڵەوەت ڕێك بخەی. بۆ نموونە نازانی چ جۆرە کورسی و مێزێك بۆ ژووری مەتبەخ، یان چ مۆبڵ و قەنەفەیەك بۆ ژووری پێشوازی دابنێی. یان نازانی ژووری نووستن چۆن بڕازێنیەوە. دەتوانی سوود لە ماڵپەڕی roomgpt.io وەربگری. ماڵپەڕەکە سوود لە ژیری دەستکرد وەردەگرێ. دەتوانن چەند وێنەیەك لە ژوورەکانی خۆتان بدەنە بە ماڵپەڕی ناوبراو و ئەویش بە رامان لە وێنەکان دەتوانێت دیزاینێك دروست بکات کە بەپێی ویستی تۆ بێت. ماڵپەڕەکە بۆ ئەو ماڵانەی کە تازە دروستکراون زۆر گونجاوە و خۆی پێشنیاری دیکۆر و رەنگی دیوار و ستایلی ماڵەوەت بۆ دەکا.

## پرۆگرامێک بۆ ناساندن و سڕینەوەی پرۆگرامە تێکدەرەکان

پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر و مۆبایل هەموویان بە سوود نین، بەڵکو زۆر پرۆگرام هەن تەنیا بۆ تێکدانی کۆمپیوتەر مۆبایل بەرهەم هاتوون، بە پرۆگرامی تێکدەر دەگوترێت Malware. ئەم پرۆگرامانە بەو مەبەستە دروست دەکرێن کە بێنە ناو کۆمپیوتەرەکەتەوەو زانیاری و داتاکان بدزن، پرۆگرامە تێکدەرەکان ڤایرۆس نین، چونکە دەبیندرێن و جار هەیە بەکارهێنەر بە فریوخواردن لەلایەن دروستکەری پرۆگرامەکان دایدەبەزێنێتە ناو کۆمپیوتەر یا مۆبایلەکەیەوە، بۆ هەر Malware دژێك هەیە کە پێیدەگوترێ Anti-Malware. ئەم پرۆگرامە کۆمپیوتەرەکەت دەپارێزی لە پرۆگرامە تێکدەرەکان دەیانناسێ و لەناویان دەبات بە خێراییەکی زۆرەوە سیستەمی کۆمپیوتەر سکان دەکات، پرۆگرامە جێی گومانەکان دەست نیشان دەکا. زۆر جار ئەو پرۆگرامە تێکدەرانە دژە ڤایرۆسەکان نایانناسن. بەڵام پرۆگرامی ناوبراو هەر پرۆگرامێك جێی گومان بێت دەیناسێت.




# ئاستی جوانی و نەرمی پێستت بەندە بە خۆراکی سروشتییەوە

خانمان کاتێك گرنگی بە خۆراکە سرووشتییەکان دەدەن، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر جوانیی پێست و نەرمونیانیی جەستەیان دەبێت، تەنانەت زۆربەی کەرەستەکانی ماکیاژیش لە بەرهەمی سرووشتی دروست دەکرێن تاوەکو کاریگەریی نێگەتیڤیان لەسەر پێست نەبێت، لە وەرزی هاویندا بەهۆی ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە شلە و ئاوی جەستە بەهۆی گەرماوە نامێنێت و پێیستیش وشك دەبێتەوە، بەم چەشنە خانمان پێویستیان بە خۆراکی سرووشتی دەبێت تا پێستیان نەرم بێت و لە وشکبوون بە دوور بێت، چارەسەریش خواردنی میوە و سەوزەیە کە لە وەرزی هاویندا پێڕادەگەن، دانانی ئەتەکێتی میوە و سەوزەکان چەندین شێوازی هەن، لەوانە: دانانی میوە و سەوزەکان لە ماڵدا و لەسەر مێزی ژووری چێشت، یان لە نێو سەلاجە و ژووری میوان، بە تایبەت ئەو میوانەی کە دیکۆری ماڵیش جوان دەکەن، وەك سێو و پرتەقاڵ و شلك (فەراولە) هەروەها هەوڵ بدە بە جوانترین شێوە میوە و سەوزەکان ببڕیت و چاك بکەیت، کە لە ڤیدیۆ و وێنەکانی ئینتەرنێتدا هەن، وەك ئەناناس و کیوی و فراولە و سێو و شووتی و گندۆرە و مانگۆ، خۆخ، هەموو ئەوانە دەکرێت بە ئەتەکێت و شێوازێکی سەرنجڕاکێش نمایش و پێشکەش بکرێت.





# جلوبەرگی گونجاو بۆ بۆنە و یادەکان



لە کاتی بوونی ئاهەنگ و بۆنەکانەکاندا خانمان دوودڵ دەبن لەوەی چ جۆرە جلێك بۆ ئەو کاتە هەڵبژێرن و بیپۆشن، بەمەش تووشی هەڵە دەبنەوە و ڕەنگە جلێکی نەگونجاو دەستنیشان بکەن، بۆیە پسپۆرانی جلوبەرگ ئامۆژگاری خانمان دەکەن و دەڵێن: جلەکانی بۆنە و یادەکانی ئەم وەرزە پێویستیان بە سەرنجڕاکێشیی زۆر نییە، بەڵکو ماکیاژ و ڕەنگەکان ئەو کارە دەگرنە ئەستۆ، بەڵام سادەیی و ناسکیی کراسەکەت دەبێتە هێمایەك بۆ جوانیت، بە تایبەت ئەوانەی ڕەنگی سپی و قاوەیی و ڕەش و سوورن و، هەر یەکێك لەو ڕەنگانە بۆ کراسەکانی بۆنە و یادەکان جوانترین و ناسکترین دیمەنیان دەبێت، هەروەها لە بارەی شێوازی کراسەکانەوە، تۆنی دەڵێت: «ناکرێت کراسەکانی بۆنە و یادەکان هێندە تەسك بن کە نەتوانی بە ئارەزووی خۆت جووڵە و هاتووچۆ بکەیت، هەروەها پێویستە کراسەکەت بەپێی قەبارەی خۆت بێت، چونکە گەورەیی و بچووکی لە قەبارەی کراسەکەتدا، دەبێتە مایەی تێکدانی شێوەی خۆت و کراسەکەت، هەروەها نایابترین مۆدی کراسەکانی بۆنە و یادەکان بریتیین لەوانەی کە لە بەشی سەرەوە تەسکن و لە خوارەوەش فراوان دەبنەوە، .هاوشێوەی مۆدە کراسەکانی سەندرێلای شاژن



# کل و ڕەشیی چاوەکان بەپێی ڕەنگی پێست شیک بکە

ئەوانەی لە دوای شێوازێکی ڕەشکردن و کلی چاوان دەگەڕێت، پێویستە لەسەر ڕەنگی پێست و چاو شیکی بکرێت، تاوەکو مۆدێکی نایابت پێ ببەخشێت، بە گوێرەی زانیارییەکانی پسپۆرانی ماکیاژ چەند ڕێنماییەکیان بۆ خانمان ئامادە کردووە، تا لە کاتی ماکیاژ و ڕەشکردنی چاواندا هەڵەی زەق نەکەن، سەرەتا ئەوانەی ڕەنگی پێستیان کراوەیە، واتە سپی ڕەنگن، پێویستە ڕەشیی چاوانیان تۆخ بێت، بۆ ئەوەی بە ڕوونی دیار بێت، هەروەها پەڵە و وردە خاڵەکانی دەوروبەری چاو داپۆشن، ئەوانەی سپی پێستن دەتوانن ڕەنگی پشتە چاوی قاوەیی و ڕەساسی و سەوزی تۆخ هەڵبژێرن، ئەوانەی ئەسمەرن، پێویستە ڕەنگی ڕەشی چاوانیان سێبەری هەبێت، تاوەکو تێکەڵی نێوان ڕەنگی پشت چاو و پێست دروست بێت، جوانترین ڕەنگیش بۆ ئەوان سووری بەرەو قاوەیی و برۆنزی و ڕەنگی مارۆنییە، بۆ ئەوانەی پێستیان لە ڕەنگی تۆخ و ئەسمەرێکی زۆرە، ڕەنگی پشت چاو و کلی شینی شاهانە و ئەرخەوانی بریقەدار گونجاو دەبێت بۆ پشت چاوانیان.





## گەورەترین درەختی کاجو لە جیهاندا

کاجۆ، یەکێکە لەو خۆراکە بەسوودانەی کە لە سەراپای جیهاندا بە نرخێکی زۆرەوە دەکەوێتە بەر دەستی خەڵك، سەرچاوەی ئەو خۆراکە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و باشوور دەڕوێت، تەنیا یەك درەختە، لە ساڵی ١٩٩٤ کتێبی گینس ژمارەیەکی بۆ گەورەترین درەختی کاجو لە جیهاندا دروست کرد، ئەم ژمارە پێوانەییە بەناوی دارێکەوە بە ناوی (مایۆر کاجوێرۆ دو مۆندۆ) کرا کە دەکەوێتە شاری ناتال لە بەرازیل.



## قەنە و باسک و سەبیل و دار جگەرە لە کوردەواریدا

سەبیل یان باسك و دارجگەرە، جاران لەلایەن جگەرەکێشەکانەوە بۆ کێشانی جگەرە بەکاردەهێنرا، سەبیل شێوەیەکی سەر گەورە و دەمێکی کورتی هەبوو، دارجگەرەش درێژ و باریك بوو، هەندێك سەبیل لە گڵ دروست دەکرا و دوایی لە نێو ئاگردا سوور دەکرایەوە، بەشی دەرەوشی نەخشکاریی تێدا دەکرا. دارجگەرە لە سەردمی کۆنەوە لە نێو کوردەواریدا بەکارهێنراوە، کە وەك کەرەستەیەك بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی جگەرە بەکارهێنراوە، هەروەها وەك ڕەمزێکی کوردەواری بەکاریان هێناوە. دارجگەرە لە بادینان پێی دەگوترێت باسك، کە دارەکان دەهێنرێن و دەبەسترێت بە گیرە یان لە ژێر قاچدا دادەنرێت، کە بە چەقۆ پاك دەکرێت، دواتر بە شیشێك ناوەکەی کون دەکرێت بە شێوەیەکی ڕێك، سەرەکەی دەبڕدرێت و دارەکە بە سووڕاندن و چەقۆ لووس دەکرێت تاوەکو دەست نەبڕێت، پاشان سەری دارجگەرەکە چێ دەکرێت، تاوەکو لە دەمدا ئازاری لێوەکان نەدات، باسك لە چوار جۆر دار دروست دەکرێن، لەوانە: دار کەڤوك، هەلهەلوك، گەزوك و چەقولوك، هەرچوار دار دەبنە باسك، بەڵام داری کەڤوك باشترە و تامی جگەرەکەش خۆش دەکات، قەنە و سەبیلیش لە دار کنێر و بەڕوو و گوێز دروست دەکرێت، دوای چاککردن و خۆشکردن، هەروەها بڕینی دارەکان بە مەورەد(بڕبەن) و سیمپارە و چەقۆ بە شێوەیەکی جوان درووست دەکرێن، دواتر نەخشدار دەکرێت، دواتر نەخش و دیزاینی جۆراوجۆری لەسەر دەکرێت، تاوەکو وشك دەبێتەوە پاشان دەکرێتە دیاری یان لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێت.




# چاکێتەکەی دایانا نرخێکی خەیاڵی دەکات






دواجار چاکێتەکەی خانمە شاژن دایانا هەڕاج کرا، بەهۆی ئەوەی نموونەی ئافرەتێکی پاك و خزمەتکاری خەڵك بووە، هەروەها کەسایەتییەکی خۆشەویست و پڕ جەماوەر بووە، بەم جۆرە چاکەتی خانمەشازادەی کۆچکردوو (دیانا) خانمە شازادەی ویڵز لە (سۆزیبی) لە لەندەن بۆ فرۆشتن دانراوە، پارچە پەڕۆکە کە بە (مەڕی ڕەش) ناسراوە، بۆ یەکەمجار دیانا لە یارییەکی پۆلۆدا لە ساڵی ١٩٨١ لەبەری کردووە، لەلایەن سالی مویر و جوانا ئۆسبۆرن دیزاین کراوە و ڕەنگە نرخی فرۆشتنی بگاتە ٩١ هەزار دۆلار.



# یەختی کیسەڵ جیهان داگیر دەکات

لەو کاتەی موحەمەد بن سەلمانی، جێنشینی سعودیە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، لەو وڵاتەدا گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن و کاری جۆراوجۆری سەرنجڕاکێش ڕوودەدەن، دواترینیان دروستکردنی یەختێکە کە لە سەیروسەمەرەی خەیاڵیشدا بیرۆکەیان بۆ نەچووە، بەم زووانە گەورەترین یەختی جیهان کە ناوی (بانگیۆس) دەبێت لە سعودیە بەڕێوەدەچێت، نرخەکەی بە پێنج ملیار دۆلار دەخەملێندرێت و وەك کیسەڵێك دروست کراوە، یەختەکە ڤێلا و تەنانەت مۆڵی بازاڕکردنیشی تێدایە، چاوەڕوان دەکرێت جێگەی ٦٠،٠٠٠ کەسی تێدا ببێتەوە.



## کاریکاتێر


ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات کە لە ژیانێکی ئاسایی خۆیاندا دەژین، کەچی مووشەکەکانی جەنگ ڕێگە بە خۆشییەکەیان نادات و لێیان تێك دەکات.



## دیمەنە سەیرەکان

دیمەنی مۆمیاکردنی سەری خاتوونێك سێ هەزار ساڵ پێش ئێستایە، سەیرەکە لەوەدایە مانەوەی کەزییەکانیەتی کە بە جوانی ماوەتەوە.

# پایسکیلی ئەهریمەن و زەبەلاح



پایسکل لە مێژووی خۆیدا چەندین شێوەی جۆرواجۆری هەبووە، یەکێك لەوانە: پایسکلی ئەهریمەن (١٨٩٧)، یان Monster Tricycle کە لە ساڵی ١٨٩٧ بە شەقامەکانی نیویۆرك و بۆستندا دەسوڕایەوە و لەلایەن ٨ پیاوەوە بەڕێوە دەبرا. پانیی ٥م١٠، کێشی یەك تۆن بووە، ویلەکانی پێشەوە ١,٨٠م تیرە و ویلەکانی دواوە ٣,٣٠م. تیرەی دوو تایەی دواوەی ٠,٤٥م، سپۆکەکانی ویلە پۆڵا گەورەکان تیرەکەیان ١٢سمە، هەر ویلێکی لێخوڕین لەلایەن چوار پیاوەوە بەڕێوە دەبرا، ئەو ئامێرە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ یارمەتی یەکەمین بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆك ماك کینلی بەکارهاتووە.

# یاسا



**لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەژێر کاریگەری مادده کحولیەکان**

بە پێی یاسای هاتووچۆی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ لە بەشی ٢٢باسی سزای شۆفێریکردن لەژێر ماددەی سەرخۆشکەر دەکات، کاتێك ڕێژەی خواردنەوەی زیاتربێت لەو ڕێژەیەی یاسا ڕێگەی پێداوە، لەگەڵ بەکارهێنانی ماددەی بێ هۆشکەر، هەر کەسێك لەژێر کاریگەیی ماددەی سەرخۆشکار یان هۆشبەر ئۆتۆمبێل لێخوڕێت، سزائەدرێت بە بەندکردن لە (٣)مانگ کەمتر نەبێت و لە (٦)مانگ زیاتر نەبێت، یان پێبژاردنێك لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار زیاتر نەبێت، لەگەڵ لێوەرگرتنەوەی مۆڵەتەکەی لە (٣)مانگ زیاتر نەبێت، لە حاڵەتی دووبارە کردنەوەی ئەو تاوانەی کە لەبڕگەی یەکەمدا هاتووە، بە بەندکردن سزا ئەدرێت لە (٦)مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێك زیاتر نەبێت یان بە پێبژاردنێك لە دووملیۆن زیاتر نەبێت، لەگەڵ لێوەرگرتنەوەی مۆڵەت لە (٦)شەش مانگ کەمتر نەبێت، لەکاتی دووبارە کردنەوەی بۆ جاری سێیەم سەرەرای ئەو سزایەی لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، مۆڵەتی شوفێریی لێ لێوەردەگیرێتەوە بۆ ماوەی (٣)ساڵ زیاتر نەبێت، پێویستە لەسەر دادگا بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیدار ئاگادار بکاتەوە لە بریاری لێوەرگرتنەوەی مۆڵەتی لێخورین لە دوای بنبڕبونی بڕیاری تاوانبارکردنەکە.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لەلایەنی پیشەییەوە باشترە هاوکاریی هاوپیشەکانت بکەیت، کارێك مەکە نێوانتان تێك بچێت، گرنگی بە خێزانەکەت بدە و کاتیان لەگەڵ بەسەر بەرە، ڕەنگە تەندروستیی ئەندامێکی خێزانەکەت بەرەو خراپی بڕوات، تۆ پاڵپشتیی بکە لەلایەنی دەروونییەوە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هەندێك بەربەست لەسەر ڕێگەتە و هەوڵێکی زۆر دەدەیت بۆئەوەی تێیان بپەڕێنیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە هەندێك کات پێویستە تا بە جددی لەبارەی بابەتەکانتەوە بدوێیت، بۆئەوەی بگەیت بەو ئەنجامەی کە خۆت دەتەوێت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

دان بە هەڵەکانتدا بنێ لەلایەنی پیشەییەوە و هەوڵ مەدە خۆتیان لێ دوور بخەیتەوە، لەلایەنی سۆزدارییەوە بەهۆی ڕەفتارەکانتەوە خۆشەویستەکەت لێت دڵنیا دەبێتەوە و متمانەت پێدەکات، تۆش هەوڵ بدە متمانەی خۆت لەدەست نەدەیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

وزەیەکی زۆر لە ناختدا هەیە، هەوڵ بدە ئەم وزەیە بۆ سوودی خۆت بەکار بهێنە، لەلایەنی پیشەییەوە خۆت مەخەرە دۆخێکەوە کە نەتوانیت لێی دەربچیت و، بە وریاییەوە هەنگاو بنێ، هاوڕێیەکت داوای ئامۆژگاریت لێ دەکات، باشترین هەوڵی خۆت بدە بۆی.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**


متمانە بەخۆبونت بۆ دەگەڕێتەوە و دووبارە دەست دەکەیتەوە بە ئەنجامدانی چالاکییەکانت بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە، ئەو وشانەی ئەمڕۆ دەیانڵێیت، کەسانێکی زۆر گوێی بۆ دەگرن، ئەمەش کەسانێکی زۆرت لێ نزیك دەکاتەوە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

چەند کێشەیەکی زۆر لە ناختدا هەیە و بەردەوام بیری لێ دەکەیتەوە و مێشکی سەرقاڵ کردوویت، کاتێکی زۆر بە بیرکردنەوە بەسەر مەبە، هەوڵ بدە کار بکە بۆئەوەی بە ڕاستی چارەسەریان بکەیت، ئێستا کاتی ئەوەیە ڕووبەڕووی بەربەستەکان بیتەوە.

بۆ زانیاریت

## بانکی مێشک



ڕەنگە گوێت لەو دەستەواژە نەبێت، بەڵام لە ئێستادا هەیە، بۆیە بەخێربێیت بۆ گەورەترین بانکی مێشك لە جیهاندا، بۆ باشتر تێگەشتن سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی مێشك، گەورەترین بانکی مێشك دروستکراوە لە جیهاندا، ئەم بانکە لە زانکۆی هارڤاردە زیاتر لە ۲،۰۰۰ نمونەی مێشکی لێیە لە ئێستادا، لە هەموو جیهانەوە مێشکیان بۆ دێت، لەو کاتەوەی کە لە ساڵی ۱۹۷۸ دروست کراوە زیاتر لە ۹،۰۰۰ مێشك هێنراوە و تاقیکردنەوەی لە سەر کراوە.



## پەند و وتە

مارگرێت هێلدا تاتچەر خاتوونی بارونی تاتچەر، سیاسەتوانی بەریتانی، لە ساڵی ۱۹۲٦ لە شاری گرانتام لە شانشینی یەکگرتوو لە دایکبووە و لە ساڵی ۲۰۱۳ لە لەندەن کۆچیی دوایی کردووە، دەربارەی پیاو و ئافرەت و سیاسەت دەڵێت: «لە سیاسەتدا، کاتێك پێویستت بە قسەکردنە، پرسیار لە پیاوان بکە، کاتێکیش پێویستت بە کردارە، ئەو کاتە پێویستە ڕاوێژ بە ئافرەتان بکەیت».

## فیلم

### قووڵترین هەناسە - The Deepest Breath




فیلمێکی ترسناك و دیکۆرمێنتارییە، باس لە شوفێری شەمەندەفەرێك دەکات، کە دیەوێت ڕیکۆردێکی جیهانی تۆمار بکات، دواتر بە هۆی هۆکارێکەوە دەکەوێتە ناو زەریا و لە قوڵاییەکی زۆردا هەناسە دەدات و هەوڵ دەدات بە دوای خەونەکەی بکەوێت، کە ڕێکۆردێك بێت لە قوڵایی زەریاکەدا، فیلمەکە لە وڵاتی ئیرلەندا تۆمار کراوە و لە دەرهێنانی لاورا ماکگانە و لە نووسینی تیم کراگ، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٦ خولەك، لە نواندنی: ئەلیسا زاککینی، ستیڤەن کینان، تیم کراگ.

### شایان ۹/۲۳ - ۱۰/۲۲

لە ئامانجەکەت زۆر نزیکیت، متمانەت بە خۆت هەبێت، خێزانەکەت و خۆشەویستەکەت پاڵپشتیت دەکەن، تەنیا وریابە لە دەرەوەی خێزانەکەت و بە زوویی متمانە مەکە، لەلایەنی سۆزدارییەوە کارێك مەکە خۆشەویستەکەت گومانت لێ بکات.

### دووپشک ۱۰/۲۳ - ۱۱/۲۱

کاربکە بۆ ئەوەی پێگەی خۆت بەهێز بکەیت لە داهاتوودا، کاتێکی باشە بۆئەوەی کاری جیاواز تاقی بکەیتەوە، هەروەها چاوەڕێ بکە کێشەکان خۆیان ڕێگەی چارەسەری خۆیان بدۆزنەوە، پێویست ناکات کاتی خۆتی پێوە بکوژیت.

### کەوان ۱۱/۲۲ - ۱۲/۲۱

لەلایەنی سۆزدارییەوە بەهۆی ڕەفتارەکانتەوە خۆشەویستەکەت نیگەران مەکە و کەمێك واقیع بین بە، بەرەو ڕووی داهاتوو بڕۆ و دەرفەتەکان لەدەست خۆت مەدە، چانسی ئەوەت دەبێت کەسانی نوێ بناسیت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز ببن.

### گیسک ۱۲/۲۲ - ۱/۱۹


ڕەنگە هەندێك گرفتی تەندروستیت بۆ دروست ببێت ئەگەر سیستمی خۆراکیت ڕێك نەخەیت و واز لە خووە خراپەکان نەهێنیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە لێکتێنەگەیشتن لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت ڕوو دەدات، سوود لە بارودۆخەکە ببینە تا متمانەت زیاتر بێت.


### گۆزە ۱/۲۰ - ۲/۱۸

لەلایەنی پیشەییەوە ئامانجەکانت ڕوون نین، هەوڵ بدە بە وردی بیر بکەرەوە لەوەی چیت دەوێت و بۆچی هەوڵ دەدەیت، کارێك مەکە بکەویتە دۆخێکی سەختەوە و نەتوانیت خۆتی لێ دەرباز بکەیت، بە وردی بیر لە هەنگاوەکانت بکەرەوە، لەلایەنی سۆزدارییەوە دەچیتە قۆناغێکی نوێوە.

### نەهەنگ ۲/۱۹ - ۳/۲۰

دەربارەی پرۆژەکانت هیچ مەڵێ، بەتایبەتی لە نزیکی ئەو کەسانەی بە تەواوی نایان ناسیت و متمانەت پێیان نییە، لەلایەنی سۆزدارییەوە زۆر پشت بە خۆشەویستەکەت مەبەستە و هەوڵ بدە زیاتر پشت بە خۆت ببەستیت، لە زۆرخواردنی شیرینی دوور بکەوەرەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly August 7, 2023 Issue,No.1375


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626